# گوڵان

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٦)- (٢٤)ی ئاداری ٢٠٢٥


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان**

# پڕۆژەی ڕووناکی پرسێکی نیشتمانییە و دەبێت هەوڵ بدەین هاودەنگیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر دروست بکەین

لە کابینەی نۆیەمدا توانراوە ١٨٤٠ مێگاوات کارەبای تازە بخەینەوەکار و بەرهەمهێنانی گازیش لە ٣٥٠ مەق مەقەوە بەرز بکەینەوە بۆ ٦٨٠ مەق مەق

گرنگە حکومەت هاوشان لەگەڵ پڕۆژەی ڕووناکی پشتگیریی دانانی سیستمی سۆلەر بۆ ماڵان بکات و بە قەرزی درێژخایەن بۆیان دابین بکات

ئەو ڕێژە کارەبایەی ئێستا بەرهەمی دەهێنین بەشی خواستەکانی ئێستا دەکات، بەڵام بۆ داهاتوو دەبێت ڕێژەکە زیاتر بکەین






# داڕووخانی سوپای عێراق
# لە حوزەیرانی ٢٠١٤
## ١٥٤

زۆر سەیر بوو، سوپای عێراق بە شێوەیەک داڕووخا کە لە مێژوودا بێوێنە بوو. ئەو سوپایەی دە ساڵ بوو لەلایەن ناتۆوە مەشق و ڕاهێنانی پێ دەکرا و بە هەموو جۆرە چەکێک پڕچەک دەکرا لە ماوەی دە کاتژمێردا لەبەر یەک هەڵوەشایەوە وەک بەفر توایەوە. سەربازەکان جلوبەرگیان دەگۆڕی و بنکە و بارەگا سەربازییەکانیان چۆڵ دەکرد و هەڵ دەهاتن و هەموو تەقەمەنی و چەکەکانیان بۆ داعش بەجێ هێشت. چەکێکی یەکجار زۆر کەوتە دەست داعش، لەوانە هەزار و حەوت سەد هەمەر و بڕێکی یەکجار زۆر چەکی سووک و تەقەمەنی و تۆپ و تانک و ڕۆکێتی دژە تانک و فڕۆکەشکێن، هەروەها هەموو پارەی ناوبانکەکانی مووسڵ و دەوروبەری تکریت و بێجی و سامەڕا لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیرا. هەر چەند هیچ ئامار و سەرژمێرییەکی تەواو لەبەر دەست نییە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی شارەزا و پسپۆڕان نزیکەی یەک ملیارد و چوارسەد ملیۆن دۆلار کەوتە دەست داعش.

بەر لەو ڕووداوانە، داعش لە دەوروبەری مووسڵ بوو کە هەواڵمان بۆ مالیکی نارد و پێمان ڕاگەیاند، پێشمەرگە ئامادەیە شانبەشانی سوپای عێراق بەرگری لە مووسڵ بکات، بەڵام قبووڵی نەکرد. دوای داڕمانی سوپا، داوای هاوکاری و یارمەتیی کرد، بەڵام دوای (خراب البصرة) کەس نەمابوو.

دوای ئەم ڕووداوانە داعش بە هەموو توانا و هێزە نوێ و کۆنەکەیەوە بەرەو بەغدا بەڕێ کەوت تا گەیشتە دەروازەکانی بەغدا و لەوێ هێرشەکەی ڕاگرت. هیچ هێزێک لە بەردەمیاندا نەبوو، هیچ بەرگرییەک نەبوو، بەڵام بۆچی هێرش و پێشڕەوییەکەیان ڕاگرت؟ تائێستاش هۆکارەکەی نازانرێت. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە و هیوادارم ڕۆژێک بێت ئەم نهێنییە گەورەیە بۆ هەموومان ڕوون بێتەوە.




بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان

لە کابینەی نوێیەمدا توانراوە ١٨٤٠ مێگاوات کارەبای تازە بخەینەوەکار و بەرهەمهێنانی گازیش لە ٣٥٠ مەق مەقەوە بەرز بکەینەوە بۆ ٦٨٠ مەق مەق

گرنگە حکومەت هاوشان لەگەڵ پرۆژەی ڕووناکی پشتگیریی دانانی سیستمی سۆلەر بۆ ماڵان بکات و بە قەرزی درێژخایەن بۆیان دابین بکات

ئەو ڕێژە کارەبایەی ئێستا بەرهەمی دەهێنین بەشی خواستەکانی ئێستا دەکات، بەڵام بۆ داهاتوو دەبێت ڕێژەکە زیاتر بکەین

# پڕۆژەی ڕووناکی پرسێکی نیشتمانییە و دەبێت هەوڵ بدەین هاودەنگیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر دروست بکەین




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەرێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ تاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

## بیست و حەوتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان



ڕۆژی ٩ی ئاداری ٢٠٢٥، بازنەی گفتوگۆ بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی ئەنجام دا، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ گفتوگۆیەك لەسەر پرسێکی تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و خواست و داواکاریی خەڵك.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای تاوتوێکردنی چەندین پرسی گرنگ، بڕیار درا، گفتوگۆی ئەمجارە لەسەر پرسی «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بێت. هۆکاری سەرەکی بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم پرسە، ئەوە بوو کە ئێستا جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان، بووەتە پرسێکی گەرمی ڕۆژانەی خەڵك و قسەی لەسەر دەکرێت.

بۆ ئەم پرسە بازنەی گفتوگۆ ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ئەنجام دا، کە تیایدا ژمارەیەك لە ئەندازیاران و پسپۆڕانی کارەبا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بە لێدوان و بۆچوونی جیاواز بەشدارییان تێدا کردبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ڕای گشتیی شەقام و ژینگەی کۆبوونەوەکە پێکەوە گرێ بدەینەوە.

ئەم گفتوگۆیە ڕۆژی ١٨ی ئاداری ٢٠٢٥ لە هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، ئەم بەڕێزانە تیایدا بەشدار بوون:

- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ئەندازیار هۆشیار سیوەیلی، وەزیری کارەبا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم.
- ئەندازیار عادل کەریم، ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری کارەبا.
- ئەندازیار کامیل قەزاز، بریکاری وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم.
- ئەندازیار تاڤگە عومەر کاکە سوور، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای یەکی هەولێر.
- ئەندازیار شاکر مەحموود، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆك .
- ئەندازیار نەجات حەسەن، پسپۆڕی کارەبا لە بەغدا.
- ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرۆکی ڕێکخراوی وزە و گەشەپێدانی بەردەوام .
- ئەندازیار یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری پلان و لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی کارەبا.
- ئەندازیار ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم.


- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ:


« شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».

ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

بیست و حەوتەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان





لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەبێت گرفتی کارەبا و کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا بەردەوامە، بەڵام لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك چاکسازی لە گرێبەستەکانی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوونی کارەبا و دانانی پێوەری زیرەك و ڕێکخستنەوەی سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا ئەنجام درا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ تەواوکردنی دەیان پڕۆژە و دانانی وێستگەی جۆراوجۆری کارەبا و ڕاکێشانی هێڵی پاڵەپەستۆی بەرز و جێبەجێکردنی پڕۆژەی دانانی پێوەری زیرەك، بەڵام ئەمە کۆتایی بە گرفتەکە نەهێنا، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بۆ دوو ملیۆن هاوبەش و هەڵکشانی خواست بۆ سەرووی حەوت هەزار مێگاوات کارەبا. لەئێستادا بە سەرپەرشتی و چاودێریی ڕاستەوخۆی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەبا دەستی پێکردووە و زیاتر لە ١٠٠هەزار هاوبەش لەناو سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان سوودمەند بوون و بڕیارە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ سەرجەم هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

بۆ گفتوگۆی ئەمجارەی «بازنەی گفتوگۆ» ڕاپۆرتێکی مەیدانی بە ناونیشانی «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» ئامادە کردووە، کە تیایدا ژمارەیەك لە ئەکادیمی و پسپۆڕانی ئەم بوارە بەشدار بوون و، دید و بۆچوونی خۆیان خستەڕوو، کە لێرەدا پوختەی بۆچوونەکانیان دەخەینە ڕوو.

**ئارام فوئاد**
**بەرپرسی چاککردنەوەی کارەبای ئاکرێ**

# پرۆژەی ڕووناکی بە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بە شێوەیەکی ڕیشەیی گرفتەکانی ئەم سێکتەرە چارەسەر دەکات

ooo



حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کارەباوە بە سەدان پرۆژەی کارەبای لە چەند ساڵی ڕابردوو ئەنجام داوە، بەڵام بەردەوام ئێمە کێشەیەکمان لە بواری دابەشکردن و بەکارهێنانی کارەبا و چۆنیەتیی ڕێکخستنەوەی هەبووە، بۆیە پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەبا دەست بەجێبەجێکردنی کرا و ئەمەش تەواوکەری پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەك بوو. بەم پرۆژەیە دەتوانین بڵێین: گرفتی کارەبا ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات، چونکە لە ئێستادا بە کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبا و بەو توانای ژێرخانی کارەبایەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئیمکاناتمان هەیە کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری بدەین بە هاووڵاتیان، هەر بۆیە بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە و دیاریکردنی نرخێکی گونجاو بۆ کرێی کارەبا، هاووڵاتییان بە هەموو پۆلەکانی هاوبەشانی کارەبای ماڵان و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی ناچار دەبن، بە شێوەیەکی هوشیارانە و بەپێی پێداویستییەکانی خۆیان کارەبا بەکار بهێنن، بەمەش لۆد و بارگرانی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا کەم دەبێتەوە و ئەو بڕە کارەبایەی لە وێستگە غازییەکان بەرهەم دەهێنرێت، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و باش و بە ڕێکوپێکی دەگاتە ماڵەکان.

لە ئێستادا کێشەی کارەبا لە بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانیەتی، بەتایبەتی لە هەر دوو وەرزی سەرمای زستان و گەرمای هاویندا کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاتەکانی پێدانی کارەبا، ئەوجا کاتێك لە ڕێگەی پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەباوە کەرتی دابەشکردنی کارەبا و بەکارهێنانی کارەبا ڕێك دەخرێتەوە، ڕاستەوخۆ زیدەڕۆیی کارەبا و بەفیڕۆدانی کەم دەبێتەوە و بڕە کارەبایەکی باشتر بە هاووڵاتیان دەگات و گرفتی کارەبا ڕوو لە چارەسەرکردن دەکات.

سەبارەت بەنرخی کارەباش کە تاکو ئێستا نرخی نوێ جێگیر نەکراوە و، ئەمساڵ ٢٠٢٥ پرۆژەکە لە سەنتەری پارێزگا دەست بە جێبەجێکردنی کراوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا سوودەکانی ئەم پرۆژەیە زۆرە و هاووڵاتییان دەتوانن سوود لە پرۆژەکە وەربگرن و یەك سەرچاوەی کارەبای هەبێت و تەنیا بە چەند ئەمپیرێکی کەمی موەلیدە ئەو هەموو پارەیە نەدات. هوشیاریی بەکارهێنانی کارەبا تەنیا لە کوژانەوەی گلۆپەکان دروست نابێت، بەڵکو دەکرێت لەمەودوا ڕوو لەو ئامێرە کارەباییانە بکەین، کە ئەمپێرێکی کەمی کارەبایان پێویستە بۆ ئیشپێکردنی، یان لە کاتی گەرمکردن و ساردکردنی ژوورەکان دەرگا و بەنچەرەکان دابخرێت و مەوادی عازل بۆ خانووبەرە بەکار بهێنین و لەکاتی چوونە دەرەوەش لە ژوورەکە وەکو هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو ئامێرە کارەباییەکان و گڵۆپەکان بکوژێنرێنەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەردەوام ئامێرەك کارەباییەکان و گڵۆپەکان بەکاربهێنرێت و نەکوژێرێنەوە، ئەوا بە تەئکید زیان بە خۆمان و سامانی کارەباش دەگەیەنین.



**هۆنراو عەبدوڵڵا**
**ئەندازیاری کارەبا**

# هەردوو سێکتەری بەرهەمهێنان و گواستنەوە کێشەیان نییە، بەڵام دەبێت لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبادا چاکسازی بکرێت

○○○

کەرتی کارەبا لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ سێکتەری دابەشکردنی کارەبا، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان ژێرخانی کارەبا گەیشتووەتە سەرووی ٧٠٠٠ مێگاوات کارەبا، بەڵام لەبەر بابەتی دارایی و سووتەمەنی لە ئێستادا لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە تەنیا ٤٥٠٠ مێگاوات کارەبا دابین بکات، ئەم بڕە کارەبایەش تا ڕاددەیەك بڕێکی باشە، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی بەهار و پاییز و دەکرێت بەو داهاتەی کە لەنێوخۆی هەرێم لە کرێی کارەبا دەستمان دەکەوێت، بۆ هەردوو وەرزی هاوین و زستان بڕە کارەبایەکی زیاتر بەرهەم بهێنین. بەم شێوەیە تاڕاددەیەکی باش گرفتی سێکتەری بەرهەمهێنانی کارەبا چارەسەر بووە، بەتایبەتی وەزارەتی کارەبا و سامانە سرووشتییەکان ئاماژەیان بەوە داوە، لە ماوەیەکی کەمدا بڕی بەرهەمهێنانی غازی سرووشتی لە کۆرمۆر ڕوو لە زیادبوون دەکات. ئەوەی دەمێنێتەوە باس و گفتوگۆی لەسەر بکەین و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی بنێین، کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبا و بابەتی ڕێکخستن و شێوازی دابەشکردنەکەیەتی، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و دادپەروەرانە بەسەر هاوبەشی ماڵان و شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و میری و کشتوکاڵی دابەش بکرێت. هەرچەندە من زۆر لە وردەکاریی بونیادنانی ژێرخانی دابەشکردنی کارەبا نازانم، کە ئایا تا چەند ژێرخانی دابەشکردنی کارەبامان هەیە، یان نییە. لێرەدا پرسیار دێتە پێشەوە، ئایا لە کاتێکدا ئێمە ژێرخانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنمان باشە، ئەی گرفت لە کوێیە؟ ئایا ژێرخانی کارەبا بە هاوشێوەی هەردوو سێکتەری دیکەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی کارەبا هەنگاوی بۆ نراوە؟ کێشەمان لە چی هەیە، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کارەباوە بە ڕاشکاوانە وەڵاممان بداتەوە.

**ئەحمەد ڕۆژ بەیانی**

**ئەندازیاری کارەبا**

# پڕۆژەی ڕووناکی قۆناغی ئەزموونی تێپەڕاندووە و ئێستا بە سەرکەوتوویی جێبەجێ دەکرێت



وەزارەتی کارەبا توانیویەتی لە ڕێگەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتەوە ژمارەیەکی زۆری وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بونیاد بنێت، کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و بە شێوازی جۆراوجۆر کارەبا بەرهەم دەهێنن، بەتایبەتی کە وەزارەتی کارەبا باس لەوە دەکات، ژێرخانی کارەبا بۆ سەرووی ٧٠٠٠ مێگاوات کارەبا هەڵکشاوە و ئەم بڕە کارەبایەش بۆ ژمارەی هاوبەشانی کارەبا و پێداویستییەکانی مێگاواتێکی کەم نییە. دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی کارەبا لەم سێکتەرەدا بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام لە ڕووی سێکتەری دابەشکردنی کارەبا و ئیدارەدانی ئەو مێگاواتە کارەبایەی کە وەزارەتی کارەبا لە توانایدا هەیە بەرهەمی بهێنێت، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی ساڵ، هاوین و زستان دابەشی بکات، ئالێرەدا گرفت و کێشەمان هەیە، چ لەڕووی ژێرخانی دابەشکردنی کارەباوە بێت، یان لە شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێگەگرتن لە سەرپێچییەکان و دابەشکردنی کارەبایەکی باش و سەقامگیر. وا پێدەچێت لە دوای دانانی ١،٣٥٠،٠٠٠ پێوەری زیرەك، وەزارەتی کارەبا بەرەو هەنگاوێکی دیکە دەچێت، ئەویش جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەبایە، چونکە تاوەکو ئێمە نەگەینە ئەو واقیعەی کە کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری بە هاوبەشانی کارەبا نەدەین، هەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کارەبا دەمێنێتەوە.

من پێم وایە دوای ئەوەی پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەبا لە هەندێك گەڕەکی ناو سەنتەری شاری هەولێر جێبەجێ کرا و لە قۆناغی ئەزموونی تێپەڕ بوو، بەرەو چەندین گەڕەك و بازاڕ چوو، تا ئەو کاتەی زیاتر لە ١٠٠ هەزار هاوبەش لە دەیان گەڕەك و بازاڕی هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی لێی سوودمەند بوون. ئەمە پڕۆژەیەکی ئومێدبەخشە، هەرچەندە بە فەرمی داتا و نرخەکانمان بۆ نەهاتووە، تاوەکو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، بەڵام وەکو پڕۆژە کارێکی باشە، بەتایبەتی ئەگەر نرخەکەی کەم بکرێتەوە، چونکە خەمڵاندنی یەکەیەکی کارەبا بۆ هاوبەشانی کارەبا بەتایبەتی لە پۆلی ماڵان گرنگە، ڕاستە تیمی پڕۆژەی ڕووناکی لە ئەنجومەنی وەزیران بە توندی ڕەتیان کردووەتەوە کە ئەو نرخانە بەم شێوەیە بەرز بێت و بۆ وەحدەیەکی بەکارهێنانی کارەبا ١٥٦ دیناریان دانابێت و گوایە ئەوان نرخێکی تەساعودیان داناوە. پێشتر کارەبای مۆلیدە نرخی ئەمپێرەکانی لەسەر هاووڵاتیان زۆر بوو، کارەبایەك لە مۆلیدەوە دەدرا کە جگە لە گڵۆپ و هەندێك ئامێری کارەبا نەدەتوانرا هەموو ئامێرەکان بەو ئەمپێرە کەمە ئیشی پێبکرێت، ئەمە جگە لەو هەموو دووکەڵ و پیسبوونەی ژینگە. بەو ئومێدەین کە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیەی ڕووناکی بەپێی پلانی خۆی و لەکاتی خۆیدا بگاتە هەموو شار و شارۆچکە و گەڕەك و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و، ئێمەش وەکو وڵاتانی پێشکەوتوو ببینە خاوەنی کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری و لە کوژانەوە و هەڵکشانی نرخی ئەمپێری کارەبای مۆلیدە دەربازمان بێت، هاووڵاتیانیش بتوانن لە ڕێگەی توانای دارایی خۆیان و بە دادپەروەرانە کارەباکەیان بەکار بهێنن و نرخی کارەبای ٢٤ کاتژمێریش بەپێی پلان و دیراسەتێکی ورد و بە ڕەچاوکردنی باروگوزەرانی بژێویی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و هەژار بێت.



**جەمیل محەمەد**

**شارەزا لە بواری کارەبا**

# پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری پیسبوونی ژینگە کەم دەکاتەوە

○○○

بونیاتنانی ژێرخانی کارەبا و چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بە یەکێك لە کێشە ئاڵۆز و درێژخایەنەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، هەر لە دامەزرنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تاکو ئێستا نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و ببینە خاوەنی کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری، ئەمە لە کاتێکدا ژینگەی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆری وەکو سیستەمی «وزەی خۆر» و هێزی «با» و وێستگەکانی کارۆئاوی و وێستگەی غازی و هەڵمی و هەر دوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان و پرۆژەی هایدرۆپاوەری دێرەلۆك و وێستگەی غازی خەبات و وێستگە غازییەکانی دیکەی کارەبا، یان لە ڕێگەی دووبارە چاوخشاندنەوە بە سیستەمی پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان و کۆنترۆڵکردنی زیاد بەکارهێنانی کارەباوە. لەم ڕووەوە ئەمجارە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی کارەباوە توانیویەتی هەنگاو بەرەو پرۆژەی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بنێت و لەحاڵی ئێستادا زیاتر لە ١٠٠ هەزار هاوبەشی ماڵان و بازرگانی لێی سوودمەندن، ئەم پرۆژە و کارەش ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، چونکە چارەسەری کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز و بەردەواممان بۆ دەکات، کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەین. ئەمە وێڕای ئەوەی بە هۆی موەلیدە و پێدانی ئەمپێرێکی کەم بە پارەیەکی زۆر و بە پیسبوونی ژینگە و دووکەڵێکی زۆر کە زیانی گەورەی بۆ سەر بواری تەندروستی و سەلامەتیی هاووڵاتیان هەیە. ئینشاڵڵا هەماهەنگییەکی باش لە نێوان وەزارەتی کارەبا و هاووڵاتیان دروست دەبێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەن و هەمووان لێی سوودمەند دەبن و لە هەردوو وەرزی گەرمای هاوین و سەرمای زستان لە گرفتی کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا و زیاد کارکردنی موەلیدەکان و وەرگرتنی پارەیەکی زۆر ڕزگارمان دەبێت.



**دڵشاد یونس**

**ئەندازیاری کارەبا لە ڕێڤەبەریا گشتیی کارەبای زاخۆ**

# دەبێت هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەست پێبکەین بۆ ئەوەی هاووڵاتی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی ڕووناکی دەکات

○○○

کێشەی کارەبا لەڕووی کەمبوونەوەی ماوەکانی پێدانی کارەبا و گرفتەکانی نزمبوونەوەی ڤۆڵتییە و بارزۆری و پچڕانی کارەبا، بووە کێشەیەکی ئاڵۆز و بەردەوام، لەسەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەم کێشەیە هەبووە. گرفتەکە لەوەدایە چەند وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی نوێ و تۆڕی کارەبای پاڵەپەستۆی نوێ جێبەجێ دەکات و بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد دەکات، بەڵام لە بەرانبەردا بڕە بوودجە و پارەیەکی زیاترمان پێویستە بۆ کڕینی زیاتری وزەی کارەبا و تێچوون و دابینکردنی سووتەمەنیی قورستر، ئەمەش بۆ جیاوازیی نێوان بەرهەمهێنان و دابینکردنی بوودجەیەکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی کارەبا و هەڵکشانی خواست و زۆربوونی سەرفکردنی کارەبا دەگەڕێتەوە. بۆیە هەموو حکومەتەکانی جیهان لە هەوڵی ئەوەدابوون بابەتی تێچوون و هەڵکشانی خواست کۆنترۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی دابینکردنی کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری نەبێتە بارگرانیی زۆر گەورە لەسەر حکومەت. کەواتە کێشەکە لە خراپ بەکارهێنانی کارەبای نیشتمانی و زیادەمەسرەفی و زۆریی تێچوونی کڕینی وزەی کارەباکە و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ ئەو بڕە بەرهەمهاتووەی کارەبا دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیە بە هاوسەنگ کردنی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کارەبا حکومەت دەتوانێت کارەبایەکی زیاتر و بەردەوام و بێ پچڕان بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، لەولاشەوە بە هوشیارییەکی باشتر کارەباکە بەکار دەهێنرێت و بارگرانی لەسەر هاووڵاتیان و بوودجەی گشتی دروست نابێت.

**ڕەمەزان مەجید**
**شارەزا لەبواری کارەبا**

# بۆ دابەزینی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا دەبێت پەنا بۆ سیستمی سۆلەر و کارۆئاوی ببەین

○○○

جێگای داخە هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە تاکو ئەمڕۆ کە زیاتر لە٣٣ ساڵ دەبێت، نەتوانراوە کێشەیەکی گەورە و هەستیاری وەك کارەبا چارەسەر بکرێت، کە دابینکردنی کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری پەیوەندی بە باروبژێوی ژیانی هاووڵاتیان و گەشەکردنی سەرجەم سێکتەرەکانی ئابوورییەوە هەیە. لەکاتێکدا دەمانتوانی لە ڕێگەی دانانی سیستەمی (خۆر و با) بەشێکی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکێکیان نەبوونی پلان و بەرنامەی زانستییانە بووە، هۆکارێکیشیان نەبوونی توانای دارایی بووە، بەتایبەتی دوای بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان، هاوکات بە داخەوە لە ڕیزبەندی پێشەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان دانەنراوە. من پێم باشە لە هەرێمی کوردستان لەسەر زێی گەورە و زێی بچووك و ڕووبارە گەورەکان هەنگاو بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە بنرێت، بەنداوێك کە پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبای هایدرۆپاوەری بۆ دابنرێت، بەمەش لە تێچوونی سووتەمەنی و کڕینی کارەبا بە پارەیەکی زۆر لە وەبەرهێنەکان ڕزگارمان دەبێت. هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییدا لەڕووی کوالێتی سوودی دانانی سیستەمی کارەبا لەڕێگەی وزەی خۆرەوە ئەوە دەرکەوتووە، ژینگەی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ دانانی سیستەمی وزەی خۆر و کارۆئاوی.

سەبارەت بە پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کارەبا کە بە پرۆژەیەکی زۆر باش دادەنرێت و باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك لە دژی کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری بێت، ئەمە داواکاری و ئومێدی هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام گرفتەکە و ڕەخنەکە لە نرخی کارەباکەیە، چونکە نابێت دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی وا گرنگ و پێداویستییەکی سەرەکیی هاولاتیان ببێتە بارگرانی و بێ دیراسەت و هەڵسەنگاندنی دۆخی دارایی هاووڵاتیان نرخی بۆ دابنرێت. واتە ناکرێت بە هۆی زۆریی نرخی کرێی کارەباوە، هاووڵاتی نەتوانێت سبلیت و بۆیلەر بەکار بهێنێت و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی نەتوانێت جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر نرخی کارەبای ٢٤ کاتژمێری گونجاو بێت، ئەوا سوودێکی زۆر زۆری هەیە و دووکەڵی مۆلیدە نامێنێت و کارەبایەکی سەقامگیری بەردەواممان دەست دەکەوێت و لە ناو شارەکانیش لە وایەر و جەنجاڵیی کارەبا ڕزگارمان دەبێت، بۆیە پێویستە کرێی کارەبای ئێستای پرۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێری کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی میللەت زیاتر پێشوازی لەم پرۆژەیە بکات، چونکە باروگوزەرانی خەڵکی باش نییە و هەژاری و بێکاری هەیە، بۆیە دەبێت لە جێگیرکردنی نرخی پرۆژەی ڕووناکی ڕەچاوی هەموو ئەمانە بکرێت.





**سەرباز مووسا**

**ئەندازیاری کارەبا**

# کارەبا پرسێکی نیشتمانییە
# ناکرێت وەک کێشەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

ooo

کێشەی کارەبا بە یەکێك لەو کێشە ئاڵۆز و کۆنانە دادەنرێت کە لەگەڵ دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تاکو ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە. لە ئێستادا trووسکاییەك ئومێد دەرکەوتووە، بەوەی ئەم کێشەیە چیتر بەردەوام نەبێت و ڕوو لە چارەسەرکردن بکات. ئەو سەردەم و قۆناغانەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ بووە، بەتایبەتی لەکاتی گەمارۆی نێودەوڵەتی و دواتر پشێوی و شەڕی ناوخۆ و بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان و چەندین کێشەی دیکەی ئابووری و دارایی وای کردووە، نەتوانرێت ژێرخانێکی بەهێزی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا بونیاد بنرێت.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بڕە پارەیەکی زۆر لە بەغداوە دەنێردرایە هەرێمی کوردستان و تاکو ٢٠١٣ ئەو سەردەمەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی دەفرۆشت، بڕە پارەیەکی زۆر دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوت، کە جێگای داخە نەتوانرا ژێرخانێکی ئابووریی باش و سێکتەرێکی پێشکەوتووی دابەشکردنی کارەبا دابمەزرێت. من دەزانم چەندین پرۆژەی وێستگەی کارەبا و تۆڕی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرز دامەزرا و کارەبا گەیەندرایە گوندەکان و جووڵەیەك بە سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا کرا، بەڵام ئەمەش بەراورد بە هەڵکشانی خواست و زۆربوونی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە سەرجەم پۆلەکانی ماڵان و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و میری کە وایان کرد، زیادبوونی بەرهەمهێنانی کارەبا نەگاتە هەڵکشانی پێوانەی خواستی کارەبا، ئەوە بوو ناوبەناو دۆخی کارەبا لە هەندێك حاڵەتدا باش



دەبوو، کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکار دەهێنرا، بەڵام دواتر کێشەکە بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە و بە خراپ بەسەر حکومەتدا شکێنراوەتەوە، لەولاشەوە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان وەکو بانگەشەی ئیعلامی و هەڵبژاردن سوودیان لە خراپیی ڕەوشی کارەبا و نارەزایەتیی خەڵك وەرگرتووە، بەم شێوەیە خراپیی بارودۆخی کارەبا و چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە ئەوەندەی بووەتە ماددەیەکی ئیعلامی و بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و دژی ئەو هێز و حزبانەی کە لە حوکمڕانیدان بەکار هێنراوە، ئەوەندە بۆ چارەسەرکردن و خزمەتکردنی هاووڵاتی بەکار نەهێنراوە.

لە ئێستادا چارەسەری ئەم کێشەیە و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ گەیشتن بە کارەبایەکی ٢٤ کاتژمێری بووەتە بابەتێکی ڕۆژ و قسە و باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی نرخی کرێی کیلۆواتێك بۆ هاوبەشانی کارەبا، بێ ئەوەی ئەو کەس و لایەنانەی کە دژی ئەم پڕۆژەیە ڕاوەستاون، شارەزاییان لە کارەبا و نرخ و تێچوونی هەبێت. ئەوان بێ دیراسەت و شارەزایی نایانەوێت چارەسەرەکە بە ئاقارێکدا ببرێت کە لە هەموو دنیا بەم شێوەیە چارەسەر کراوە، تەنیا هەڵە لەم بابەتەدا ئەوە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەنیشت ئەم پڕۆژەیە هەنگاوێکی دیکەی بنایە بۆ کەمکردنەوەی سوودوەرگرتن بۆ خۆگەرمکردنەوە و ئاوگەرمکردن لە ڕێگەی دابینکردنی غاز، بەتایبەتی کە ژێرخانێکی باشی غازمان هەیە، بۆیە بە بڕوای من بێ پڕۆژەی دابینکردنی غاز بۆ خۆگەرمکردنەوە و ئاوگەرمگرتن زەحمەتە هاووڵاتیان بتوانن لە پڕۆژەی ڕووناکیدا بڕە کارەبایەکی کەمتر لەجاران بەکار بهێنن.




### د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:


# گفتوگۆ پانتاییەکی فراوانی هەیە و تابلۆ گەورەکەی نیشتمان وێنا دەکات

**د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرپەرشتیاری بازنەی گفتوگۆیە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» لە پەیڤێکدا دوای بەخێرهاتنی گەرمی میوانەکان، جەختی لەسەر ئەو هۆکارنە کردەوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بیر لە ئۆرگانێکی سەربەخۆ بە ناوی «بازنەی گفتوگۆ» بکاتەوە، تاکو فراوانتر لە چوارچێوە حزبییەکان بیر بکەینەوە و خواست و داواکاریی خەڵك لە ناو پلاتفۆرمێکی کراوەدا کۆمان بکاتەوە و ڕاشکاوانە لە ڕوانگەی جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسی و جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینیمان پێکەوە بیر بکەینەوە و، هەوڵەکان یەك بخەین بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵك و گرفتەکانی ئەم نیشتمانە، کە هەمووومان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ڕایگەیاند:**

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان شانازی دەکات کە ببێتەماڵێك بۆ کۆکردنەوەی هەمووان، پلاتفۆرمێکی کراوە بێت بۆ ئەوەی وێڕای جیاوازییەکانمان، بە ئازادانە گفتوگۆ بکەین و پێکەوە بیر بکەینەوە و خەمەکانی ئەم نیشتمانە و خواست و داواکاریی خەڵك پێکەوە کۆمان بکاتەوە.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ بیرمان لەوە کردەوە دەستپێشخەرییەك بکەین و ئۆرگانێکی سەربەخۆ بەناوی «بازنەی گفتوگۆ» لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بکەینەوە، هەروەها بڕیاریشمان دا، گفتوگۆکانی ئەم پلاتفۆرمە کراوە لە ناو هۆڵی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەڕێوە بچێت، لەمەش زیاتر، میتۆدێکی تازەمان پێڕەو کرد، کە وەك سەرچاوەی هێز مامەڵە لەگەڵ کۆی جیاوازییە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەکاندا بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو سێ توخمی سەرەکی کە بریتین لە (ڕاستگۆیی، متمانە، ئاکار) بکەینە ڕێکار، کە بە ڕاستی هەستمان بەوە کردبوو، لە

پرۆسەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی نێوان بۆچوونە جیاوازەکاندا ئەم سێ توخمە سەرەکییە بە تەواوەتی لاواز بوون. هەر بۆیە لەم گفتوگۆیەدا گوێتان لە هەڤاڵی پێشکەشکاری گفتوگۆکە بوو کە ئاماژەی بەوە کرد «ئەو گفتوگۆیەی لێرە دەکرێت، پاشان دادەڕێژرێتەوە و بۆتان دەنێردرێتەوە و ئێوە خۆتان بڕیار دەدەن چۆن بڵاوی بکەنەوە»، ئەمەش دروست مانای ئەوەیە بازنەی گفتوگۆ تەنیا پلاتفۆرمێکی کراوە نییە کە بواری بۆ قسەکردنی ئازادانەی ڕەخساندبێت، بەڵکو پلاتفۆرمێکی کراوەیە و ئێوە خۆتان ئازادانە بڕیار دەدەن، چی بڵاو بکرێتەوە و چ زانیارییەك پێشکەشی هاووڵاتیان بکرێت».

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: «ماوەی دوو ساڵ زیاترە بازنەی گفتوگۆ مانگانە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، یان پرسێکی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك دەکاتە تایتڵی خۆی و گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر بەڕێوە دەبات، ئەمڕۆ کە گفتوگۆ لەسەر (خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان) دەکەین، ٢٧ـەمین گفتوگۆیە کە لەم هۆڵەدا مانگانە بەڕێوە دەچێت، ئەوجا وێڕای ئەوەی پوختەی ئەم گفتوگۆیانە مانگانە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان و پەیجی بازنەی گفتوگۆ بە جوانترین کوالێتی و دیزاین بڵاو دەکرێتەوە، هەر شەش مانگ جارێك ئەم گفتوگۆیانە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی لە دوو کتێبی قەوارە گەورەدا چاپ دەکرێن و لە مەراسیمێکی شایستەدا پێشکەشی هاووڵاتیان و کتێبخانەی کوردی و کوردستانی دەکرێت».

ئەوەشی خستە ڕوو کە بەرهەمی بازنەی گفتوگۆ لە ٢٤ گفتوگۆی هەردوو ساڵی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) چوار کتێب بووە بە ناونیشانی «گفتوگۆ لەگەڵ نارەزایی خەڵك، ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی، کوردستان لە ناو ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی، کوردستان لە ناو گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا». لەم ٢٤ گفتوگۆیەدا زیاتر لە ٣٠٠ دەستەبژێری «کورد، کوردستانی، عەرەبی عێراق(شیعە و سوننە)، کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان، ڕەوەندی کوردستانی»، لە میانەی بەشداریی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتە مەیدانییەکانماندا بەشدارییان لەگەڵ کردووین، لەمەش زیاتر ڕاپرسیمان ئەنجام داوە و بە سەدان هەزار هاووڵاتی لە کوردستاندا بەشدارییان لەگەڵ کردووین.

لە بەشێکی دیکەی پەیڤەکەیدا بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هاتە سەر گرنگیی گفتوگۆ و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «گفتوگۆ چەمکێکی گشتییە بۆ لێکتێگەیشتن، بۆیە گفتوگۆ تەنیا خەسڵەتی سیاسیی نییە، وەك لای هەموو لایەکیش ئاشکرایە، گفتۆگۆ پانتاییەکی زۆر فراوانی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بازنەی گفتوگۆ لە ڕوانگە فراوان و گەورەکەیەوە سەیری کۆی کێشە و پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگە دەکات، هەر بۆیە هەوڵی داوە کۆی ئەو پرسانەی پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، پرۆسەی حوکمڕانی، تووڕەیی گەنجان، مافی ئافرەتان، بەرپرسیاریەتی میدیا، سەروەریی یاساو.. هتد، گفتوگۆکانی کراونەتە تایتڵ و گفتوگۆی زۆر ڕاشکاوانەی لەسەر کراوە.

گوتیشی: «هەربۆیە دەخوازم ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم، ئەم پلاتفۆرمە خەسڵەتی سیاسیی نییە، بە قەد ئەوەی مەبەستێتی خەسڵەتی گفتوگۆی ساخڵەم و کۆکەرەوە و زانستییانەی هەبێت، بڕوای بەوەیە بە تەنیا یەك تێگەیشتن و یەك ئاراستە کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت و ناتوانێت وەك پێویست وەڵامدەرەوەی خواست و گازندەی هاووڵاتیان بێت، بۆیە بەرەو ئەو ئاسۆیە هەنگاو هەڵدەگرێت کە پێکەوە ئەو تابلۆ گەورەیە دروست بکەین، کە پێی دەگوترێت تابلۆی بیرکردنەوە و وێنا گەورەکەی هەرێمی کوردستان بەگشتی، کوردستان بە مانا سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییەکەی، ئەمڕۆش کە پێکەوە کۆبووینەتەوە گفتوگۆ لەسەر پرسی خزمەتگوزاریی کارەبا و پڕۆژەی ڕووناکی دەکەین، کە یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەی کارەبا بە ڕیشەیی چارەسەر بکات و کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هەموو کوردستان دابین بکات، ئەمەش پرسێکە پەیوەندیی بە هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیە گرنگە وەك پرسێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت».

لە دوماهیی پەیڤەکەیدا د.سالار عوسمان گوتی: «خۆم و هەڤاڵانیشم لە بازنەی گفتوگۆ، دەمانەوێت گوێ لە ئێوە بگرین، نەك ئێمە قسەتان بۆ بکەین، هەروەها دەمانەوێت پرسیاری خەڵك و شەقامتان بۆ بگوازنەوە و وەڵامی پرسیاری خەڵك و شەقام بدەینەوە، هەر بۆیە دوای ئەوەی گوێ لە ڕاپۆرتە مەیدانییەکە دەگرن، کە لەسەر سکرین بۆتان نمایش دەکرێت، سەرنج دەدەین چۆن کارلێك لە نێوان پرسیارەکانی شەقام و وەڵامەکانی بەرێزتاندا دروست دەبێت».

**ماوەی دوو ساڵ زیاترە بازنەی گفتوگۆ مانگانە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، یان پرسێکی تایبەت بە خزمەتگوزارییەکان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەکاتە تایتڵی خۆی و گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر بەڕێوە دەبات**

**بازنەی گفتوگۆ لە ڕوانگە فراوان و گەورەکەیەوە سەیری کۆی کێشە و پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگە دەکات**

**پڕۆژەی ڕووناکی یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، بۆ ئەوەی کێشەی کارەبا بە ڕیشەیی چارەسەر بکات و کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هەموو کوردستان دابین بکات**

**پڕۆژەی ڕووناکی پرسێکە پەیوەندیی بە هەموو هاووڵاتیانەوە هەیە، بۆیە گرنگە وەک پرسێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**



### ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح

وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# توانیومانە زیاتر لە ٦١ هەزار سەرپێچی و زیدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا ڕابگرین

ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها وەزیری سامانە سرووشتییەکانیشە بەوەکالەت، لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی دانانی سیستمی پێوەری زیرەکی کردووە بۆ کەمکردنەوەی زیدەڕۆیی و بەفیڕۆدانی وزە لە تۆڕەکانی کارەبادا، لە ئێستاشدا ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، زۆر شەفافانە لەسەر کۆی سێکتەری کارەبا و هەنگاوەکان بۆ سەرخستنی پرۆژەی ڕووناکی و دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا بەرەچاوکردنی گوزەرانی خەڵك قسەی کرد و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و میکانیزمی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارەبا و سەرخستنی پرۆژەی ڕووناکی خستەڕوو.

سەرەتا دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرنگە کە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستاندا»یە.

بە تێڕوانینی من ئەرکی سەرەکیی هەر حکومەتێك بریتییە لە:

- دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ وڵات.
- دابینکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.
- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ کۆمەڵگە.

لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە خزمەتگوزاریی کارەبا سەرۆکی حکومەت لە بەرنامەی کاری ئەم کابینەیە ئاماژەی بەوە کرد، دەبێت هەندێك ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی گرفتی کارەبا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت.

لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی کاری کابینەی نۆ، وەزارەتی کارەبا بەرنامە و پلانی لەسەر ئاستی هەر چوار سێکتەرە سەرەکییەکەی کارەبا (بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، کۆنترۆڵ) دارشت.

پێش ئەوەی بێمە سەر چۆنیەتیی کارکردنمان لەسەر ئەم چوار سێکتەرە گرنگە، زۆر جار باس لەوە دەکرێت، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی **٣٣** ساڵ حوکمڕانی خۆیدا نەیتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەر بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ باکگراوەندی سێکتەری کارەبا و لەناو ئەو واقیعەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین.

- لە دەستپێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشوو ڕووخا و سەردەمێکی نوێ لە عێراقدا دەستی پێکرد، سەرچاوەی کارەبای ئێمە بریتی بووە لە هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان، پاشان لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بەرنامەی «نەوت بەرانبەر بە خۆراك» ناسرابوو، سێ ویستگەی ٢٩ مێگاواتی بۆ شارەکانی «هەولێر، سلێمانی، دهۆك» دامەزرا، کە هەمووی پێکەوە نزیکەی ٢٠٠ مێگاوات کارەبای بۆ هەرموو هەرێمی کوردستان پێکدەهێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئێستا لەسەر ژێرخانی ٢٠٠ مێگاوات کارەباوە دەستی پێکردووە.

- ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا لە دوای ساڵی ٢٠١٩ و لەگەڵ دەستپێکردنی کابینەی نۆیەم چۆن کارمان لەسەر ئەو چوار سێکتەرە سەرەکییەی کارەبا کردووە؟ ئەوا بەمجۆرە هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:

## ١

## فراوانکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا:

لە کابینەی نۆیەمدا توانراوە ١،٨٤٠ مێگاوات کارەبای تازە بکەوێتەکار، کە پێکهاتووە لە:

- ٥٠٠ مێگاواتی کۆمباین سایکلی خورمەڵە «combine cycle khormala».
- ٥٠٠ مێگاواتی وێستگەی سیمپلی بازیان «MW Simple ٥٠٠ Bazyan».
- ٢٥٠ مێگاواتی ویستگەی کۆمباین سایکلی بازیان «bazian combined cycle».
- ٣٠٠ مێگاواتی ویستگەی هەڵمی خەبات «Khabat Thermal Power Plant».
- ١٦٥ مێگاواتی گەرمیان، کە یەکەمین پڕۆژەیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی گازی بەفیڕۆچووی بیرە نەوتەکان «Associated petroleum gas»کاردەکات.
- ٣٨ مێگاواتی هایدرۆپاوەری دێرەلوك، کە ئەمیش یەکەم پڕۆژەی کەهرۆئاوییە دوای هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخان.
- لە ماوەی پێنج ساڵی کابینەی نۆیەمدا هەرسێ پڕۆژەی کارەبای ٢٩ مێگاواتی کە پشتر بە گازوایل کاریان دەکرد و، تێچوویەکی گەورەی لەسەر حکومەت هەبوو، گۆڕیمان بۆ کارکردن بە گازی سرووشتی کە نرخەکەی زۆر هەرزانترە.
- بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئێمە لە سەرەتای کابینەی نۆیەم تەنیا ٣٥٠ مەق مەق گازی سرووشتیمان هەبوو، بەڵام ئێستا لە کۆرمۆر گەیشتووەتە ٥٢٠ و لە خورمەڵە گەیشتووەتە ١٦٠ مەق مەق، واتە ٦٨٠ مەق مەق گازی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئێستا لەسەر ژێرخانی ٢٠٠ مێگاوات کارەباوە دەستی پێکردووە**

**لە کابینەی نۆیەمدا توانراوە ١،٨٤٠ مێگاوات کارەبای تازە بکەوێتەکار**

**١٦٥ مێگاواتی گەرمیان، کە یەکەمین پڕۆژەیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی گازی بەفیڕۆچووی بیرە نەوتەکان «Associated petroleum gas»کاردەکات**

**لە ماوەی پێنج ساڵی کابینەی نۆیەمدا هەرسێ پڕۆژەی کارەبای ٢٩ مێگاواتی کە پشتر بە گازوایل کاریان دەکرد و، تێچوویەکی گەورەی لەسەر حکومەت هەبوو، گۆڕیمان بۆ کارکردن بە گازی سرووشتی کە نرخەکەی زۆر هەرزانترە**

سرووشتیمان هەیە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە نزیکەی ١٠٨٦ مەق مەق گاز هەیە، کە دەبێت هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ و ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی زیاد بکەین، بۆ ئەوەی کۆی یەکەکانی وێستگەکانی کارەبا بە گازی سرووشتی بخەینە کار. ئەگەر ناحەزانی ئەم هەرێمە ئاستەنگمان بۆ دروست نەکەن، چونکە زۆر جار ناحەزانی ئێمە کێڵگەی گازی سرووشتیی کۆرمۆریان بۆمبباران کردووە و کارەکانیان پەک خستووین.

- لە دهۆک وێستگەیەکی ١٠٠٠ مێگاواتیمان هەبوو، پێشتر بە گازۆیل کاری پێدەکرا، بەڵام ئێستا گازی سرووشتی بۆ دابین کراوە، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ویستگەکە بە توانای تەواوی خۆی بکەوێتەوە کار.

هەر لە بواری کارکردن بۆ فراوانکردنی سێکتەری بەرهەمهێنان هەوڵ دراوە سوود لە تیشکی خۆر وەربگیرێت، بۆ ئەمەش سێ کۆنتراکتمان بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە تیشکی خۆر «solar energy» ئیمزا کردووە، بەڵام ئەم پرۆژانە وەك پێویست نەچوونەتە پێشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو وەبەرهێنەی پارە دەهێنێت بۆ ئەوەی لە وڵاتێك وەبەرهێنانی تێدا بکات، بۆ سەلامەتیی پارەکەی پێویستی بە گەرەنتی سەروەریی «Sovereign guarantee» هەیە، ئەم گەرەنتییەش لای حکومەتی فیدراڵییە، لەسەر ئەم پرسەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە گفتوگۆداین، بەڵام تا ئێستا حکومەتی فیدراڵی ڕەزامەندی لەسەر ئەو گەرەنتییە بۆ پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەداوە.

## ٢
## فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا

لە بواری فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زۆر گەورە بە بڕی ٣٧٢ ملیۆن دۆلار ئەنجام دراون، وەك:

- پێکەوە گرێدانەوەی خەبات لەگەڵ بەردەرەش.
- پێکەوە گرێدانەوەی هەولێر لەگەڵ دهۆك.
- پێکەوە گرێدانەوەی بازیان لەگەڵ ڕاپەرین.
- پێکەوە گرێدانەوەی سەیدسادق لەگەڵ هەڵەبجە.
- پێکەوە گرێدانەوەی کەلار لەگەڵ وێستگەی ساڵح و شێروان مەزن.
- فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەی سیدەکان.
- بۆ یەکەمین جار کارەبای نیشتمانی گەیەندراوەتە حاجی عمران.
- تۆڕی گواستنەوەی هەولێر زۆر خراپ بوون، بۆیە چەندین وێستگەمان بۆ گواستنەوەی تۆڕەکان دامەزراندووە، لەوانە «بەرحوشتر، گرد جووتیار، باداوە، نووسەران، نیشتمان، شاوەیس، کەسنەزان، ڕووناکی، کەندیناوە، شەمامك، مەخموور، تەق تەق».
- لە پارێزگای دهۆك چەندین ویستگەی گواستنەوەی کارەبامان دروست کردووە، وەك وێستگەی عەباسی لە زاخۆ، دابینکردنی شەش وێستگەی گەڕۆك مۆبایل بۆ پارێزگای دهۆك.

## ٣
## ڕێکخستن و فراوانکردنی تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا

لە کابینەی نۆیەمدا بە هۆکاری قەیرانی ئابووری وەك بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بڕینی پشکی هەرێم لە بوودجەی فیدراڵی، ئێمە ناچار بووین تەنیا پشت بە ڕێژەی ئەو ٨٪ی داهاتی کارەبایە ببەستین کە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، بەو ڕێژەی لە ٨٪ـە توانیومانە بە گۆڕمەی ٢٣٥ ملیار دینار، ٣٥٠٠ پرۆژە تەنیا لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبا ئەنجام بدەین.

- توانیومانە زیاتر لە ٦١ هەزار سەرپێچی و زیدەڕۆیی سەر تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا ڕابگرین.
- توانیمان پرۆژەی پێوەری زیرەك جێبەجێ بکەین، کە پێشتر ئەم پێوەرانە لە کۆگاکان هەڵگیرابوون و ساڵانە زیاتر لە ٦٠ هەزار دۆلار کرێیان بۆ دەدرا. لە ئێستادا ئێمە هەموومان شانازی بە سەرکەوتنی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەك دەکەین، ئەمە پرۆژەیە بۆ ژێرخانێك بۆ پرۆژەی ڕووناکی کە ئێستا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەست بە جێبەجێکردنی کراوە.

**لە سەرەتای کابینەی نۆیەم تەنیا ٣٥٠ مەق مەق گازی سرووشتیمان هەبوو، بەڵام ئێستا لە کۆرمۆر گەیشتووەتە ٥٢٠ و لە خورمەڵە گەیشتووەتە ١٦٠ مەق مەق، واتە ٦٨٠ مەق مەق گازی سرووشتیمان هەیە**

**زۆر جار ناحەزانی ئێمە کێڵگەی گازی سرووشتیی کۆرمۆریان بۆمبباران کردووە و کارەکانیان پەک خستووین**

**لە دهۆك وێستگەیەکی ١٠٠٠ مێگاواتیمان هەبوو، پێشتر بە گازۆیل کاری پێدەکرا، بەڵام ئێستا گازی سرووشتی بۆ دابین کراوە**

**سێ کۆنتراکتمان بۆ وەبەرهێنان لە پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە تیشکی خۆر «SOLAR ENERGY» ئیمزا کردووە، بەڵام ئەم پرۆژانە وەک پێویست نەچوونەتە پێشەوە**

**لە بواری فراوانکردنی تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری زۆر گەورە بە بڕی ٣٧٢ ملیۆن دۆلار ئەنجام دراون**

**تۆڕی گواستنەوەی هەولێر زۆر خراپ بوون، بۆیە چەندین وێستگەمان بۆ گواستنەوەی تۆڕەکان دامەزراندووە**

**وەک یەکەمین قەزا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئێستا قەزای ئامێدی کارەبای ٢٤ کاتژمێری هەیە**

**پڕۆژەی ڕووناکی» کە تا ئێستا ١٥٠- ١٦٠ هەزار هاوبەش لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند بوون**

٤

## دانانی سیستمی سکادا بۆ کۆنترۆڵی کارەبا

لە کابینەی نۆیەمدا ئومێدی ئێمە ئەوە بوو، کە بتوانین سیستمی سکادا «syste SCADA» بۆ چاودێریی کۆنترۆڵ و داتاکان بە تەواوەتی بخەینە کار و بانکی ئەمریکی پارەی ئەم پڕۆژەیە دابین بکات، بەڵام دیسان ئەم پڕۆژەیەش لەبەر ئەوەی پێویستی بە گەرەنتیی سەروەریی بوو، نەماتوانی بە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵی ئەو گەرەنتیە دەستەبەر بکەین، بەڵام توانیمان سیستمی سکادی بچووک «Mni SCADA» لەسەر دەستبەرکردنی پارە لە بانکی جایکای ژاپۆنی جێبەجێ بکەین.

٥

## پڕۆژەی ڕووناکی

دوای تەواوبوونی پڕۆژەی پێوەری زیرەك لەسەر داوای دەستەی وەبەرهێنان، دەستمان کرد بە پڕۆژەی دابینکردنی پڕۆژەی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، بەڵام لەژێر ناوی دانی پارەی پێشوەخت «per paid»، لەم پڕۆژەیەدا زیاتر لە ٢٤ هەزار هاوبەش لە هەولێر و ١٢ هەزار لە دهۆك و لە سلێمانیش (ناو بازاڕ، عەلوە، بەرزاییەکانی قەیوان) کارەبای ٢٤ کاتژمێرین و وەك یەکەمین قەزا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئێستا قەزای ئامێدی کارەبای ٢٤ کاتژمێری هەیە. بۆ پڕۆژەی کارەبای ٢٤ کاتژمێریش لە چوارچێوەی «پڕۆژەی ڕووناکی» کە تا ئێستا ١٥٠- ١٦٠ هەزار هاوبەش لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند بوون، بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی بەڕێز سەرۆکی حکومەت کە کۆمپانیایەکیان هێناوە دەچینە قۆناغێکی خێراتر بۆ تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە، وەك بەرنامەی وەزارەتی کارەبا بە نیازین ئەمساڵ ٢٠٢٥ سەنتەری شارەکانی «هەولێر، سلێمانی، دهۆك هەڵەبجە» تەواو بکەین و لە ساڵی داهاتوو ٢٠٢٦ قەزا و ناحیەکانیش تەواو دەکەین.

٦

## نرخی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان دروست ناکات

سەبارەت بە نرخی کارەبا کە هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی سەرکەوتووانەی پڕۆژەی ڕووناکی، کە بەداخەوە بەبێ بنەما قسەیەکی زۆری لە سۆشیال میدیا لەسەر دەکرێت، لێرەدا ڕاشکاوانە ئەوە بۆ هاووڵاتیان دەخەمەڕوو کە پرۆسەی دانانی نرخی کارەبا، ڕێوشوێنی یاسایی خۆی هەیە و ئەنجومەنی وەزراتی کارەبا کۆدەبێتەوە و لەسەر نرخێك بڕیار دەدات، پاشان ئەم نرخە دەنێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کرا، ئەوکات دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، هەتا ئێستا ئەم پرۆسەیە دەستی پێنەکراوە و کرێی کارەبا وەك پێشانە، هەروەها دەمەوێت ئاماژەش بکەم کە نرخی یەك کیلۆوات بەرهەمهێنانی کارەبا ١٢٠ دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت و حکومەت بەم شیوەیە پشتگیری لە نرخەکان دەکات:

١- لە ٤٥٠ کیلۆواتی یەکەم نرخی ١٨ دینارە، واتە ٨٤٪ی لەسەر حکومەتە، هاووڵاتی ١٦٪ی دەدات.

٢- لە ٤٥٠ کیلۆواتی دووەم ٢٤ نرخی دینارە، واتە ٧٩٪ی لەسەر حکومەتە، هاووڵاتی ٢١٪ی دەدات.

٣- لە ٦٠٠ کیلۆواتی سێیەم نرخی ٤٣ دینارە، واتە ٦٢٪ی لەسەر حکومەتە، هاووڵاتی ٣٨٪ی دەدات.

٤- لە ٦٠٠ کیلۆواتی چوارەم نرخی ٧٢ دینارە، واتە ٣٥٪ی لەسەر حکومەتە، هاووڵاتی ٦٥٪ی دەدات.

ئەگەر سەرنج لەم بلۆکانە بدەن کە بۆ نرخی کارەبا دانراون، دەبینین بلۆکی یەکەم و دووەم کە پێداویستیی ماڵێکی مامناوەندی دابین دەکات،نرخەکەی لەگەڵ گوزەرانی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت گونجاوە.

سەبارەت بە نرخی کارەبای ١٥٦ دیناری کە ئێستا لە هەندێك لە شارەکانی نیشتەجێبوون وەردەگیرێن، ئەمە لەسەر پێشنیاری دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بووە و دانیشتووانی ئەو شارانە خۆیان داوایان کردبوو کە بە نرخێکی گونجاو کارەبای ٢٤ کاتژمێریان بۆ دابین بکرێت و ئەو نرخەش هەر بە یاسا ڕێك خراوە.



ئەندازیار هۆشیار سیوەیلی

وەزیری کارەبا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ئەگەر کارەبا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەکار بهێنرێت و ڕێگە لە بەفیرۆدانی بگیرێت، ئەو برەی ئێستا بەرهەم دێت، بەشی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات

ئەندازیار هۆشیار سیوەیلی، وەزیری کارەبا بووە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکەمین وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» باسی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی وەزارەتی کارەبا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کێشە و ئاستەنگانە کرد کە ڕووبەڕووی سێکتەری کارەبا دەبنەوە و، بەم جۆرەش دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» ئەم گفتوگۆ فراوانەی ڕێك خستووە، ئەمە بە هەنگاوێکی نوێ و دەستپێشخەرییەکی تازە بۆ حزبی سیاسیی لە قەڵەم دەدرێت.

پێش ئەوەی باس لە گرفتەکانی کارەبای هەرێم بکەم، دەمەوێت ئاماژە بە شتێك بکەم کە لای هەندێك ئاشکرا نەبێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٦ وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم دامەزرا، ئەوکات تۆڕی کارەبای هەرێم و تۆڕی کارەبای عێراق هاوبەش بوو، بەشێك لە پشتبەستنی ئێمە بە بەرهەمهێنانی کارەبا، بێجگە لەو ٢٠٠ میگاواتەی خۆمان هەمان بوو، لە تۆڕەکانی کارەبای عێراقەوە دابین دەکرا، بەڵام وردە وردە لەبەر ئەوەی خواستی کارەبا لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش زیادی کرد، بەشە کارەباکەی هەرێمی کوردستانیان بڕی، بەمەش بە کرداری تۆڕی کارەبای هەرێم بووە تۆڕێکی سەربەخۆ و لە تۆڕی کارەبای عێراق جیا بووەوە، بۆیە هەر لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی وەزارەتی کارەبای هەرێمەوە، تۆڕەکانی کارەبای هەرێم وەك تۆڕێکی سەربەخۆ کاریان لەسەر کراوە.

لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز وەزیری کارەبا بە سوپاسەوە ستایشی ڕۆڵی ئێمەی کرد وەك دانەری بەردی بناغەی وەزارەتی کارەبا حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، من لەگەڵ ئەوەی سوپاسی ئەو ستایشەی دەکەم، بەڵام دەمەوێت ڕاشکاوانە ئەوەش بڵێم من وەك یەکەمین وەزیری کارەبا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی لە سەرەتاوە شارەزاییەکی ئەوتۆم لە بواری کەرتی کارەبادا نەبوو، ئەوەی کراوە ئەو ستافە بەڕێزەی وەزارەت لە بریکار و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکان کردوویانە، من وردە وردە لە وردەکارییەکانی سێکتەری کارەبا شارەزا بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەڵێن ئێستاش دڵم هەر لای وەزارەتی کارەبایە و زۆر جار تەلەفۆن بۆ برای بەڕێزم کاك کەمال و ستافەکەی دەکەم و دەپرسم فڵان کێشە چۆنە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟

بێگومان دامەزراندنی وەزارەتی کارەبا لە کابینەی پێنجەم بەو ئامانجە بوو کە وەك وەزارەتێکی تایبەت کێشەی کارەبا بە ڕیشەیی چارەسەر بکات، لەو کاتەوە و کابینەکانی دوای ئەویش تا دەگاتە ئەم کابینەیە (کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان») کاری زۆر باش کراوە و هەنگاوی زۆر باش چوونەتە پێشەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەی کارەبا کارێکی ئاڵۆز و زەحمەتە و تەنیا کارەکانی وەزارەتی کارەبا ناگرێتەوە، بەڵکو چەندین لایەنی دیکە دەگرێتەوە، وەك دەبینین کەسانێك هەن کە شارەزا نین لە کێشەکانی سێکتەری کارەبادا، کەچی لە میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا هەموو ڕەخنەکان ڕووبەڕووی وەزارەتی کارەبا دەکەنەوە، کە من پێموایە غەدرێکی گەورە لە وەزارەتی کارەبا دەکرێت، هەر بۆیە ئەگەر وردتر و پسپۆڕانە سەیری کێشەکە بکەین، دەبینین بەو شێوەیە نییە کە باس دەکرێت، بۆیە لێرەدا ڕاشکاوانە دەڵێم: وەزارەتی کارەبا هەر لە کابینەی پێنجەمەوە تا دەگاتە کابینەی نۆیەم، بەشێکی زۆری ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی بووە جێبەجێی کردوون.

**کەسانێک هەن کە شارەزا نین لە کێشەکانی سێکتەری کارەبادا، کەچی لە میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا هەموو ڕەخنەکان ڕووبەڕووی وەزارەتی کارەبا دەکەنەوە**

بەڕێز وەزیری کارەبا لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد لە ساڵی ٢٠٠٦ کاتێك وەزارەتی کارەبا دامەزرا، سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبای کوردستان بە هەرسێ وێستگە ٢٩ میگاواتییەکە و هەردوو بەنداوی دووکان و دەربەندیخانەوە تەنیا ٢٠٠ میگاوات بووە، وەك ئاماژەشی پێ کرا ساڵی پار بە هەردوو ویستگەی دووکان و دەربەندیخانەوە بەهەرمهێنانی کارەبا تەنیا ١٠٧ میگاوات بووە، بەڵام ئێستا ئەگەر سووتەمەنیی پێویست هەبێت و هەموو یەکەکان کاریان پێ بکرێت توانای بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتووەتە ٨١٠٠ میگاوات، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە وەك بونیادنانی ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا، هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدایە کێشەی نییە.

**وەزارەتی کارەبا هەر لە کابینەی پێنجەمەوە تا دەگاتە کابینەی نۆیەم، بەشێکی زۆری ئەو ئەرکانەی لەسەر شانی بووە جێبەجێی کردوون**

لە بوارەکانی گواستنەوەدا بەڕاستی لە ئاستێکی زۆر باشداین و ئەگەر لە هەندێك تۆڕی گواستنەوەدا کێشەیەکیش هەبێت، پەیوەندیی بە لۆدی زۆرەوە هەیە کە دەکەوێتە سەر تۆڕەکانی دابەشکردن، کە ئەویش پەیوەندیی بە کۆمەڵێك

پرسی دیکەوە هەیە، کە دەبێت لە تۆڕەکانی دابەشکردندا چارەسەر بکرێن.

لێرەوە دێمە سەر ئەو لایەنانەی کە پێویستە هاوکار بن بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشەی کارەبا بە شێوەیەکی ڕیشەیی چارەسەر بکرێت، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

### یەکەم: سیاسەتی حکومەت بۆ دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا

کێشەی کارەبا تەنیا کێشەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی هەموو حکومەتەکانی جیهانە. خۆم کە سەردانی دەوڵەتانی جیهانم کردووە، سەرنجم داوە کە هەموو ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی سیاسەتێکی زۆر ورد و دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا ئەو کێشەیەیان چارەسەر کردووە، وەك ئەزموونی خۆیشم وەك وەزیری کارەبا بەردەوام جەختم لەوە کردووەتەوە کە هەتا نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا دانەنرێت، کێشەی کارەبا چارەسەر ناکرێت.

دانانی نرخی گونجاو بۆ کارەبا هاوسەنگی لە نێوان ڕێژەی بەرهەمهێنان و خواستی هاووڵاتیان بۆ بەکارهێنانی کارەبا دروست دەکات، هەر بۆیە ڕاستە ئێمە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبادا پێشکەوتنی زۆرمان بەدەست هێناوە، بەڵام نەمانتوانیوە ئەو هاوسەنگییە دروست بکەین. بەرهەمهێنانی کارەبا پرۆسەیەك نییە کە وەزارەتی کارەبا مەبەستی بێت قازانجی لێ بکات، بەڵام وەك ئاماژەشی پێ کرا، نرخی یەك کیلۆوات لەسەر حکومەت ١٢٠ دیناری تێدەچێت، بۆیە دەبێت سیاسەتێك هەبێت کە بتوانێت لانیکەم بەشێك لە تێچووی کارەبا «cost recovery» بۆ حکومەت بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت تەحەمولی ئەو بوودجە گەورەیە ناکات کە ساڵانە سێ بۆ چوار ملیار دۆلار پشتگیریی بەرهەمهێنانی کارەبا بکات.

### دووەم: دابینکردنی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی کارەباوە، دابینکردنی سووتەمەنییە بۆ ئیشپێکردنی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، دابینکردنی سووتەمەنی پەیوەندیی بە وەزارەتی کارەباوە نییە، لەوە گەڕێ بەرێکەوت لەم کابینەیەدا وەزیری کارەبا لە هەمان کاتدا وەزیری سامانە سرووشتییەکانیشە بەوەکالەت، لەمەوە ئەگەر سەرنج بدەین، ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەك ژێرخانی بەرهەمهێنان توانای بەرهەمهێنانی هەشت هەزار مێگاوات کارەبامان هەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی دابینکردنی سووتەمەنییەوە تەنیا دەتوانین چوار هەزار میگاوات بەرهەم بهێنین، هەر بۆیە ئەگەر حکومەت نەتوانێت وەك پێویست سووتەمەنی دابین بکات، توانای بەرهەمهێنانی کارەبا سنووردار دەبێت.

### سێیەم: هۆشیارکردنەوەی خەڵك

لە شێوازی بەکارهێنانی کارەبادا وەك پێویست هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە شێوازی بەکارهێنانی بڕی پێویستی کارەبادا زۆر گرنگە، ئەم هۆشیارکردنەوەیە پێویستی بە هەڵمەتێکی هەمە لایەنەی نیشتمانییانە هەیە و، پێویستە کۆی کایەکانی کۆمەڵگە «قوتابخانەکان، میدیاکان، مینبەری مزگەوتەکان، ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و...هتد»، هەموو دەست بکەن بە هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان وەك پێویست کارەبا بەکار بهێنن و بە فیڕۆی نەدەن، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی دووبارە جەختی لەسەر دەکەمەوە، ئەگەر کارەبا نرخێکی گونجاوی بۆ دانەنرێت، هۆشیارکردنەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام دوای ئەوەی نرخێکی گونجاوی بۆ دادەنرێت، هۆشیارکردنەوە دەبێتە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت چۆن سوود لە کارەبا وەردەگرێت و سنوورێك بۆ بەفیڕۆدانی کارەبا دادەنرێت.

### چوارەم: وەبەرهێنان لە کێڵگەی کۆرمۆر دەستپێشخەریی وەزارەتی کارەبا بوو

لەوانەیە کەم کەس لەوە ئاگادار بن کە ئەو وەبەرهێنانەی لە کێڵگەکانی کۆرمۆر کرا و ئێستا ئەو گازەی بەرهەم دەهێنرێت و ئێمە کارەبای پێ بەرهەم دەهێنین، بە دەستپێشخەریی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە. ئەم کێڵگەیە کە بریتی بوو لە چەند

**ئەگەر لە هەندێک تۆڕی گواستنەوەدا کێشەیەکیش هەبێت، پەیوەندیی بە لۆدی زۆرەوە هەیە کە دەکەوێتە سەر تۆڕەکانی دابەشکردن**

**دانانی نرخی گونجاو بۆ کارەبا هاوسەنگی لە نێوان ڕێژەی بەرهەمهێنان و خواستی هاووڵاتیان بۆ بەکارهێنانی کارەبا دروست دەکات**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەک ژێرخانی بەرهەمهێنان توانای بەرهەمهێنانی هەشت هەزار مێگاوات کارەبامان هەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی دابینکردنی سووتەمەنییەوە تەنیا دەتوانین چوار هەزار میگاوات بەرهەم بهێنین**

بیرێکی گازی سرووشتی، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی بەعس لێدرابوون و پاشان سەری بیرەکان گیرابوونەوە، حکومەتی عێراقی تازە دوای ساڵی ٢٠٠٥ هەوڵی دابوو دووبارە وەبەرهێنان لەم کێڵگانەدا بکاتەوە و لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە درابووە کۆمپانیایەکی هیندستانی، کاتێك ئێمە وەك وەزارەتی کارەبای هەرێم بەوەمان زانی، پەیوەندیمان بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری سامانە سرووشتییەکانی ئەو کاتەوە کرد و ئاگادارمان کردنەوە کە شتێکی لەو بابەتە هەیە، ئەوە بوو حکومەتی هەرێم کەوتە خۆی و هەوڵەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی خۆی وەبەرهێنان لەو کێڵگانەدا بکات و سوود لە گازە سرووشتییەکەی وەربگرێت، ئەگەر ئەو گازەمان لە دەست دەربچووایە ئێستا ئەو سەرچاوەیەشمان نەدەبوو کارەبای خۆمانی پێ بەرهەم بهێنین.

## پێنجەم: پرۆژەی ڕووناکی، پرۆژەیەکی ستراتیژیی نیشتمانییە

پرۆژەی ڕووناکی پرۆژەیەکی ستراتیژی و نیشتمانیی زۆر گرنگە، ئومێدم دەخواست زووتر بمانتوانیایە بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، پێشتریش بیرۆکەی پرۆژەیەکی لەم جۆرە هەبوو کە کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت، بەڵام دووبارە جەخت دەکەمەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارەبا و بەڕێوەبەری نووسینگەکەشی باسم کردووە، سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە بەندە بە دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا، ئەگەر نەتوانرێت نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا دابنرێت، پرۆژەکە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.

زۆر بە ڕاشکاوی سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی بە پلەی یەکەم بەندە بە زیادکردنی بەرهەم و کەمکردنەوەی خواستی بەکارهێنانی کارەبا، من دڵنیام لەوەی ئەگەر کارەبا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەکار بهێنرێت و ڕێگە لە بەفیڕۆدانی کارەبا بگیرێت، ئەو بڕەی ئێستا بەرهەم دێت، بەشی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات.

بەپێی هەندێك دیراسەت کە کردوومانە، بڕی پێویست بۆ خێزانێکی سادەی پێنج کەسی کە بتوانێت هەموو ئامێرەکانی بەکار بهێنێت بە ڕێکوپێکی لە مانگێکدا بڕی ١٠٠٠-١٢٠٠ کیلۆواتە، لە ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بەرهەمهێنان ئەو بڕە بەش دەکات، بەڵام کاتێك نرخێکی گونجاو نەبێت، هاووڵاتیان زیدەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارەبا دەکەن، یان پارەی کارەبا لەکاتی خۆیدا نادەن.

بە تێڕوانینی من، پرۆسەی وەرگرتنەوەی پارەی کارەبا پرسێکە پەیوەندیی بە سیاسەتی حکومەتەوە هەیە، ئەم پرسە تەنیا پەیوەندیی بە هاووڵاتیانی هاوبەشی کارەباوە نییە، بەڵکو دەبێت پارەی ئەو کارەبایەش کە لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و بارەگای حزبەکاندا بە کار دەهێنرێت، وەربگیرێتەوە، ئەم پرسە پەیوەندیی بەو لۆژیکە نادروستەوە نییە کە دەڵێت «پارەکە لەم گیرفانەوە دەچێتەوە ئەو گیرفان»، نەخێر بە پێچەوانەوە کاتێك فەرزی دەکەێت، دەبێت وەزارەت و حزبەکان، یان ڕێکخراوەکان لە پارەی تەرخانکراوی بەردەستی خۆیان پارەی کارەبا بدەن، ناچار دەبن زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی کارەبادا نەکەن، بەمەش بەشێکی زۆر کارەبا دەگەڕێتەوە.

## شەشەم: سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر وەك فاکتەرێك بۆ کەمکردنەوەی لۆد

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە باسی لێوە دەکرێت و دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی کارەبا پەنای بۆ ببرێت، بەکارهێنانی وزە نوێبووەکان و سوودوەرگرتنە لەوزەی خۆر «SOLAR»، ئەم هۆکارە وەك بیرۆکەیەك بۆ کەمکردنەوەی لۆد لەسەر هێڵەکانی دابەشکردن و یارمەتیدەرێك بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا کارێکی باشە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کاتێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، کە کارەبا نرخێکی گونجاوی بۆ دابنرێت و هاووڵاتی ناچار بێت بەدوای سەرچاوەیەکی دیکەی کارەبادا بگەڕێت کە نرخەکەی هەرزانتر بێت، هەر بۆیە ئەگەر نرخی کارەبا هەرزان بێت ئەوە هاووڵاتی ناچار نابێت، بچێت بڕە پارەیەك لە دانانی سیستمی سۆلەردا خەرج بکات تا کارەبای دەست بکەوێت.

**دوای ئەوەی نرخێکی گونجاوی بۆ دادەنرێت، هۆشیارکردنەوە دەبێتە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ ئەوەی خەڵک بزانێت چۆن سوود لە کارەبا وەردەگرێت و سنوورێک بۆ بەفیڕۆدانی کارەبا دادەنرێت**

**لەوانەیە کەم کەس لەوە ئاگاداربن کە ئەو وەبەرهێنانەی لە کێڵگەکانی کۆرمۆر کرا و ئێستا ئەو گازەی بەرهەم دەهێنرێت و ئێمە کارەبای پێ بەرهەم دەهێنین، بە دەستپێشخەریی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە**

**ئەگەر نرخی کارەبا هەرزان بێت ئەوە هاووڵاتی ناچار نابێت، بچێت بڕە پارەیەک لە دانانی سیستمی سۆلەردا خەرج بکات تا کارەبای دەست بکەوێت**



ئەندازیار عادل کەریم

ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری کارەبا:

# داواکارم کاتێک شاندی هەرێم دێنە بەغدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، پێداگری لەسەر گێڕانەوەی بوودجەی وەبەرهێنان بکەن

ئەندازیار عادل کەریم، ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراقە بۆ کاروباری کارەبا و، پێش ئەوەش بریکاری وەزارەتی کارەبای عێراقی بووە، لە هەرێمی کوردستانیش چەندین پۆستی جیاوازی لە سێکتەری کارەبا لە بوارەکانی «بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن»ی کارەبا هەبووە و خاوەنی ئەزموونێکی زۆرە لەم بوارەدا. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، زۆر ڕاشکاوانە باسی لە گرفتەکانی کارەبای عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.

سەرەتا ئومیدم دەخواست لەم هۆڵە قەشەنگە لەگەڵ ئێوە ئامادەبوومایە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەین، بەڵام بەهۆی هەندێك کۆبوونەوە و پابەندبوونەوە نەمتوانی ئامادەبم بۆیە ڕێگەی «سکایپ» لەگەڵتان بەشدار دەبم، لێرەش لەگەڵتان ئامادەم و ئاگاداری گفتوگۆکانی ئێوەش دەبم.

پێش هەمووشت دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەم کە کێشەی کارەبا تەنیا کێشەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق نییە، بەڵکو کێشەیەکی جیهانییە لە بواری بەرهەمهێنانی وزە.

ئەگەر باس لە کێشەی بەرهەمهێنانی وزە لە عێراقدا بکەین، لای هەموو لایەك ئاشکرایە عێراق زیاتر لە ٤٠ ساڵ لە بارودۆخی شەڕدا بووە بە شێوەیەکی گشتی و لە دوای شەڕی کوەیتیشەوە عێراق گەمارۆی ئابووری بەسەردا سەپێنرا، ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری ئەوەی عێراق وەك دەوڵەت لە بواری وەبەرهێنانی وزە دوابکەوێت. لە دوای ساڵی ١٩٩١ هەرێمی کوردستانیش بە شێوەی دیفاکتۆ لە عێراق جیا بووەوە هەتا دوای ساڵی ٢٠٠٣، ڕاستە لەو ماوەیەدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەندێك هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کرد، بەڵام لە ئاستی پێویست نەبوو.

ئەو کات من کارەکەم لە هەرێمی کوردستان بوو، چەندین پلەی وەزیفیی جیاوازم لە سێکتەرە جیاوازەکانی کارەبا هەبووە، وەك بەڕێوبەری بەرهەمهێنانی کارەبا لە دەربەندیخان، هەروەها بەڕێوبەری گواستنەوە و دابەشکردنیش، بۆیە دەتوانم بڵێم لەگەڵ گرفتەکانی کارەبا لە نزیکەوە ژیاوم و مامەڵەم کردووە.

لە ئێستادا ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، بەڵام گرفتی سەرەکیتان ئەوەیە سووتەمەنیی پێویستتان نییە بۆ ئەوەی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا هەمووی بەگەڕ بخەن و کارەبا بەرهەم بهێنێن. ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەك سەرچاوەی وزە لەبەردەستە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، تەنیا کێڵگەی گازی سرووشتیی کۆرمۆرە، پێموایە ئەم کێڵگەیە پێداویستیی تەواوی سەرچاوەی وزە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان دابین ناکات، بۆیە دەبوو پێشتر حکومەتی هەرێم وەبەرهێنانی زیاتر لە کێڵگەی دیکەی گازی سرووشتی بکردایە. ئەوەندەی من بزانم بێجگە لە کێڵگەی گازی سرووشتیی کۆرمۆر، لە بازیانیش سەرچاوەی گازی سرووشتیی زۆر باش هەیە، دەکرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و سوودی زیاتر لێوەربگیرێت.


لە هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر باش لەسەر سیستمی پێوەری زیرەك کراوە و سەرکەوتنی زۆر باشی بەدەست هێناوە. بەم سیستمە توانراوە بە ڕێژەی ١٥-٢٠٪ بەفیڕۆدانی کارەبا کەم بکرێتەوە و لە هەمان کاتدا چاودێرییەکی زۆر باشی سیستمی کارەباش دەکات، بەڵام شێوازی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەوەی هەیە وەبەرهێنانە، ئەویش دوو جۆرە، یان ئەوەیە حکومەت بە هاوبەشی لەگەڵ وەبەرهێنەرێکی کەرتی تایبەت دەیکات، یان ئەوەیە کەرتی تایبەت بە تەنیا دەیکات، بۆیە ئەم دوو شێوازە هەردووکیان وەك عەرەب دەڵێت «شمشێرێکی دوو سەر - سیف ذوالحدین»ـە، ئەمەش واتە ڕاستە دەتوانرێت بەم دوو شێوازە کارەبا بەرهەم بێت، بەڵام تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر شانی خەڵك زۆر دەکەوێت، ئەمەش بۆ وڵاتێکی وەك هەرێمی کوردستاندا کە تیایدا داهاتی هاووڵاتیان سنووردارە و ناتوانن بە باشی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دابین بکەن، بەتایبەتی لە ئێستادا کە هەرێمی کوردستان کێشەی مووچە و بوودجەیشی هەیە، ئەوا ناتوانرێت نرخی تێچووی کارەبا بەو ئاستە دابنرێت کە هاوتای تێچووی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی کارەباکە بێت، لەسەر ئاستی جیهانیش کارەبا گرانترین بەرهەمە و پێی دەگوترێت «محرقة البنوك» واتە پارە سووتێنەرە.

بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و هاووڵاتیان بە نرخێکی گونجاو کارەبایان دەست بکەوێت، ئەوا دەبێت حکومەت پشتگیریی نرخی سووتەمەنی و دابینکردنی سووتەمەنی بکات، بۆ ئەوەی کارەبا بە نرخێکی هەرزان بگاتە دەستی هاووڵاتیان، بەڵام ئەگەر بەوجۆرە بیر بکەینەوە کە لە ئێستادا دەمانەوێت کارەبا

**ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان دابین بکات**

**بێجگە لە کێڵگەی گازی سرووشتیی کۆرمۆر، لە بازیانیش سەرچاوەی گازی سرووشتیی زۆر باش هەیە، دەکرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت**

**لە هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر باش لەسەر سیستمی پێوەری زیرەک کراوە و سەرکەوتنی زۆر باشی بەدەست هێناوە**



بەرهەم بهێنین و تێچووەکەی لە هاووڵاتیان وەربگرینەوە، بەڕاستی ئەمە لە ئێستاد زۆر قورسە و بارگرانییەکی گەورە لەسەر شانی خەڵك دروست دەبێت و خەڵك دەبێت ٣٠-٤٠٪ی داهاتەکەی بدات بە کڕینی کارەبا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە خەڵك لە ئێستادا ئامێری کارەبایی زۆرە، بەتایبەتی ئامێری فێنککەرەوە لە هاوین و ئامێری خۆگەرمکردنەوە لە زستاندا، ئەمەش بە تەنیا ڕێژەی ٦٠٪ی کارەبای بەرهەمهاتووی وڵاتەکە دەبات. پێشان کە بەوجۆرە ئامێرە کارەباییەکان بوونی نەبووە. ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە (٨٠-٩٠) مێگاوات دەمانتوانی لە هەندێك وەرزدا کە پلەی گەرما زۆر بەرز، یان زۆر نزم نەبوو، ٢٤ کاتژمێر کارەبا بدەین.

ئەو کێشەی دابینکردنی سووتەمەنییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە عێراقیش بە هەمان شێوە بوونی هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کێڵگەی گازی سرووشتیی خۆی هەیە، گازی یارمەتیدەری پەترۆڵ «Associated petroleum gas» هەیە، واتە ئەو گازەی کە لەگەڵ نەوتەکە دێتە دەرەوە، هەروەها گازی سرووشتییش هاوردە دەکات، لەبەر ئەوەی دیسان لەبواری وەبەرهێنان لەگازی سرووشتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ بە هۆی شەڕەکانی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و داعشەوە لەم بوارەشدا دواکەوت.

عێراق بە پشتبەستن بە گازی سرووشتیی خۆی ئەگەر هەمووی کۆبکاتەوە، بەپێی دوایین ڕاپۆرت کە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، تەنیا دەتوانێت ١٠ هەزار مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنێت، ئەمە لەکاتیکدا بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، عێراق لە ئێستاوە تا ٢٠٣٠ پێویستی بە ٧٥ هەزار مێگاوات کارەبا دەبێت. بۆیە لەم حاڵەتە عێراق جیا لەوەی ناچار دەبێت گازی سرووشتی هەنارده بکات، دەبێت بۆ سووتەمەنیی دیکەش بدات کە ئەویش ئێستا هەوڵ دەدات بە ڕێگەی ویستگەی گەرمی «المحطات الحرارية» ١٥ هەزار مێگاواتی دیکە بەرهەم بهێنێت، هەروەها کارمان کردووە بۆ ئەوەی هەندێك پڕۆژەی گەورەی کێڵگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە ڕێگەی سۆلەر (وزەی خۆر) جێبەجێ بکەین.

لەم حکومەتەی محەمەد شیاع سوودانی، کاری زۆر گەورە لە کەرتی بەرهەمهێنانی کارەبا کراوە، توانراوە چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە سووتەمەنیی گاز، هەروەها وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای تازە دروست بکەین، هەر لە مووسڵ تا فاو.

ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات، ئەو ئیمکانیەتەی کە حکومەتی عێراق لەبەر دەستیەتی بۆ ئەوەی

**لەم حکومەتەی محەمەد شیاع سوودانی، کاری زۆر گەورە لە کەرتی بەرهەمهێنانی کارەبا کراوە، توانراوە چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە سووتەمەنیی گاز، هەروەها وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای تازە دروست بکەین**



پشتگیریی نرخی سووتەمەنی و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بکات، لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گەورەترە، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج لە دیاریکردنی نرخی کارەبا لە هەرێمی کوردستان و عێراق بدەین، دەبینین بلۆکی دابەشکردنی نرخەکان جیاوازە. لە هەرێمی کوردستان بلۆکەکان دابەش کراوە لە ١-٥٠٠ کیلۆوات نرخێك، ٥٠٠-١٠٠٠ کیلۆوات نرخێك، ١٠٠٠-١٥٠٠ کیلۆوات نرخێك، بەڵام لە عێراق لە ١-١٥٠٠ کیلۆوات یەك نرخە، ئەمەش وای کردووە کرێی کارەبا لە عێراق بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان هەرزانتر بێت.

ئیشکالیەتێکی دیکە کە جیاوازی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دروست کردووە، ئەوەیە کە عێراق دوو بوودجەی هەیە، یەکێکیان بوودجەی بەکاربەر (التشغیلية)، ئەوی دیکەیان بوودجەی وەبەرهێنانە، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنیا بوودجەی بەکاربەری پێدەدرێت و بودجەی وەبەرهێنانی نییە، ناشبێتە هاوبەش لە بوودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی فیدراڵیدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە بەغدا و لەوێ داوایان کرد، دەبێت بوودجەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان جیا بکرێتەوە و بیدەن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان خەرجی بکەن، بۆیە لە کۆتایی ٢٠٠٦ـەوە تا ئێستا بوودجەی وەبەرهێنانی عێراق و هەرێمی کوردستان لێك جیا کراوەتەوە و کاتێك کێشە کەوتە بوودجەی هەرێمی کوردستان و عێراق ئەم پرسە وەك خۆی مایەوە.

بۆیە من داواکارم کاتێك شاندی دانوستانکاری هەرێم دێنە بەغدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، پێداگری لەسەر گێڕانەوەی بوودجەی وەبەرهێنان بکەن، یان لە بوودجەی وەبەرهێنانی فیدراڵی هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەرێمی کوردستانیش بخرێتە چوارچێوەی بەرنامەی بوودجەی وەبەرهێنانی فیدراڵی و بتوانین چەند وێستگەیەکی تازەی کارەباش لە هەرێمی کوردستان دروست بکەین، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم کێشە و گرفتی سەرەکیی کارەبای هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بەرهەمهێنان نییە، بۆیە ئومێد دەکەین شاندی هەرێمی کوردستان کە دێنە بەغدا زیاتر پێداگری لەسەر پێدانی سووتەمەنی بکەن، یان لەو گازە سرووشتییەی هەناردەی دەکەین بەشی هەرێمی کوردستانیش بنێرن.

**عێراق دوو بوودجەی هەیە، یەکێکیان بوودجەی بەکاربەر (التشغیلية)، ئەوی دیکەیان بوودجەی وەبەرهێنانە، بەڵام هەرێمی کوردستان تەنیا بوودجەی بەکاربەری پێدەدرێت و بودجەی وەبەرهێنانی نییە**



## ئەندازیار کامیل قەزاز

بریکاری وەزارەتی کارەبا:

# ئەگەر هاووڵاتی ١٥٠٠ کیلۆواتیش سەرف بکات ٢٧ هەزار دیناری بۆ دێتەوە کە ئەم نرخە زۆر کەمە

ئەندازیار کامیل قەزاز، بریکاری وەزارەتی کارەبایە و، یەکێکە لەو ئەندازیارە شارەزایانەی بواری کارەبا کە لە هەموو بوارەکانی سێکتەری کارەبای کاری کردووە و یەکێك بووە لە بەشداربووانی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەك بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی وزەی کارەبا. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، زۆر بە ڕاشکاوانە لەسەر گرفتەکانی کارەبا و دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا بە ڕەچاوکردنی گوزەرانی خەڵك، دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

دەستتان خۆش بێت بۆ ئەم پلاتفۆرمە و زۆر سوپاستان دەکەین کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» هەمووتان پێکەوە کۆکردووینەتەوە، بەتایبەتی کە لەم گفتوگۆیە بەڕێز ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا و بەڕێز هۆشیار سیوەلی یەکەم وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵمان ئامادەن.

کێشەی کارەبا، بەتەنیا کێشەی عێراق و هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو دەتوانم بڵێم کێشەیەکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییشە. بۆیە ئەگەر بچینە ناو وردەکاریی دانانی نرخی گونجا بۆ کارەبا لەناو ئەم پرسە، داتا و ئامار زۆرن، بەڵام پێش ئەوەی بێینە ناو ئەو وردەکارییە، بەڕێز وەزیری کارەبا ئاماژەی بە چەندین کاری گرنگ کرد کە لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا وەزارەتی کارەبا ئەنجامی داون، بەڵام ئاماژەی بە کارێکی زۆر گرنگ نەکرد، کە لە وەزارەت کردوومانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆشی بە کارەکەی خۆمانەوە هەیە. ئێمە لەوەزارەتی کارەبا کارمان لەسەر پرۆژەیەك کردووە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی

کارەبا بە ڕێگەی سۆلەر، لەم پرۆژەیەدا میکانیزمێکمان داناوە و ڕێنماییمان دەرکردووە کە دەکرێت سیستمی سۆلەر تێکەڵی سیستمی کارەبای ماڵان بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك هاووڵاتیان سیستمی سۆلەر دادەنێن و کارەباکەیان لێ زیاد دەبێت، تێکەڵی سیستمەکە دەبێت و خەڵکی دیکە سوودی لێ وەردەگرێت، دواتر ئەو بڕەی کە داویەتی لەو بڕە کەم دەکرێتەوە کە پاشان لە کارەبای نیشتمانی وەری دەگرێتەوە ئەمەش وەك دەڵێن «مقصة»ی پێدەکات. ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی گشتی سیستمی سۆلەر دابنێن، ئەمە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی وەزارەتی کارەبا لەم کابینەیەدا و شانازییش دەکەین کە توانیمان بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەین.

بۆ ئەم پرسەی ئێستاش کە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد، کە کێشەی کارەبا لە سێ خاڵدایە «سیاسەتی حکومەت، دابینکردنی سووتەمەنی، هۆشیارکردنەوەی خەڵك»، کە سێ خاڵی زۆر سەرەکین، بەڵام من خاڵێکی دیکەی بۆ زیاد دەکەم، کە دەبێت بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی شارەوانی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، لەئێستادا کە شارەوانی مۆڵەتی دروستکردنی خانووبەرە دەدات بە هاووڵاتیان، هیچ مەرج و ڕێنماییەکی تێدا نییە، چۆن خانوو، یان بینایەکەی دروست بکات، چۆن عازلی سەرما و گەرما بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی سەرفکردنی کارەبا لە هاوین و زستان کەم بکاتەوە. ئەوجا من نەك هەر ئێستا، بەڵکو پێشتریش کە لە سلێمانی فەرمانبەر بووم، ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکانم کردووە کە پێویستە لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی شارەوانی دابمەزرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ڕێنمایی دابنێن کاتێك هاووڵاتییەك خانوویەك دروست دەکات، ناڵێین باری سەرشانی قورس بکرێت، بەڵام ئەو کەرەستانەی دەیکڕێت و بەکاری دەهێنێت، با عازلی گەرمی و ساردی هەبێت، لەم پرسەدا بچینە سەر نەوت بەرجەستەتر دەبێت، هاووڵاتییەك ئەگەر ماڵەکەی بە بلۆك و چیمەنتۆ دروست بکات، بەبێ عازلی گەرمی، لە زستاندا پێویستی بە ٣-٤ بەرمیل نەوت دەبێت هەتا ماڵەکەی گەرم دەکات، بەڵام ئەگەر عازلەکەی بەکارهێنان بەرمیلێك، یان دوو بەرمیل نەوتی دەوێت، ئەمە هەم بۆ خاوەنی خانووەکە باشە شتێکی بۆ دەگەڕێتەوە و هەمیش حکومەت هەندێك قورسایی دابینکردنی نەوتی لە کۆڵ دەبێتەوە. ئەم نموونەیە بۆ شێوازی ڕێگرتن لە زیدەڕۆیی و بەفیڕۆدانی کارەباش زۆر گرنگە، هەر بۆیە ئەگەر ئەم هەماهەنگییە لەنێوان وەزارەتی شاراوەنی و وەزارەتی کارەبا هەبێت، کارێکی زۆر باش دەبێت. لەمەش زیاتر ئێمە هەموومان دەزانین کە بەرزترین ئاستی زیاد بەکارهێنانی کوردستان لە هەردوو وەرزە گەرم و ساردەکەی ساڵدایە بەگشتی و لە وەرزی هاویندایە بەتایبەتی، ئەمەش لە وەرزی زستان بەدیلی دیکە هەیە دەتوانێت بەرمیلێك نەوت بکڕێت و سوپا بەکار بهێنێت، بەڵام لە هاویندا، یان دەبێت سپلیت بەکار بهێنێت، یان موبەڕیدە.

- ئەگەر بێینە سەر شێوازی بەکارهێنانی کارەبا، بەپێی ئەو ڕێنماییەی وەزارەتی کارەبا بۆ پێداویستی هاووڵاتیان کراوە و من خۆم کارم لەسەر ئەم پرۆسەیە کردووە، بەتایبەتی بۆ ئەوەی کە سەرپێچیی کارەبا دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر ماڵێك ١٥ گلۆپ و سەلاجە و موجەمیدە و جلشۆر، پانکە و سەتەلایتی هەبێت، لە ڕۆژێکدا بە ١٢ کیلۆوات حیساب کراوە، ئەگەر ئەمە بۆ ٣٠ حیساب بکەین، دەکاتە ٣٦٠ کیلۆوات، بەڵام ئەگەر سپلیت و گیزەری بۆ زیاد بکەین دەکاتە نزیکەی ١٠٠٠-١٢٠٠ کیلۆوات لە مانگێکدا، ئەمەش واتە باری ئاسایی پێداویستیی هەر ماڵێك لە مانگێکدا ١٠٠٠-١٢٥٠ کیلۆواتە، ئەوجا ئەگەر بەو نرخە حیسابی بۆ بکەین کە ئێستا پێڕەو دەکرێت، ئەگەر لە مانگێکدا ٩٠٠ کیلۆوات سەرف بکات، تەنیا ١٨٩٠٠ دیناری پارەی کارەبای بۆ دێتەوە، ئەگەر ١٢٠٠ کیلۆوات سەرف تەنیا ٢٣ هەزار دیناری بۆ دێتەوە، ئەگەر ١٥٠٠ کیلۆواتیش سەرف بکات ٢٧ هەزاری بۆ دێتەوە کە ئەم نرخە زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر زیادیشمان کرد، دەبێت ئاگامان لە سەقفی زیادکردنەکە بێت.

**ستانداردی جیهانی بۆ نرخی کارەبا نرخەکەی بۆ هەر ئامپێرێک تەنیا «٤» سەنتە، بەڵام ١٥٦ دینار نزیکەی ١٠ سەنت زیاتر دەکات**

**دەبێت ئەمە لەبەر چاو بگرین، نرخێک دابنێن کە بەرهەڵستی کەم بکەینەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پرۆژەی ڕووناکی سەرکەوتوو بێت.**

- بۆ زیادکردنی نرخی کارەبا من خشتەیەم وەك پێشنیار دروست کردووە بەمجۆرە:
- لە ستێپی یەکەم نرخی کیلۆ واتێك کارەبا لە ١٨ دینار زیاد بکرێت بۆ ٦٠ دینار.
- ستێپی دووەم نرخی یەك کیلۆ وات لە ٢٤ دینار زیاد بکرێت بۆ ٨٠ دینار .
- ستێپی سێیەم نرخی یەك کیلۆوات زیاد بکرێت بۆ ١١٠ دینار.

لەم گۆڕانکارییەدا نرخەکان بەمجۆرە گۆڕانیان بەسەردێت

- ١٨ هەزار دەبێتە ٦٣ هەزار.
- ٢٣هەزار دەبێتە ٩٦ هەزار.
- ٢٧ هەزار دەبێتە ١٢٩ هەزار.

نرخەکان لەم سێ ستێپە بۆ هاوولاتیانی کەمدەرامەت زۆر گونجاو دەبێت.

دەکرێت بۆ ئەو خشتەیەی ئامادەم کردووە، لێژنەیەکی راوێژکاری پێداچوونەوەی لەسەر بکەن، ئەگەر پێویست بوو دەستکاری بکەن. وەك لێژنەی وەزارەتی کارەباش زۆر قسەمان لەسەر نرخی کارەبا کردووە.

- جێگرکردنی نرخێك بۆ پرۆژەی رووناکی

دەتوانم بڵێم پرۆژەی رووناکی پرۆژەیەکی زۆر رێکوپێکە، ئاواتێکە هەموومان دەمێکە ئومێدی بۆ دەخوازین کە کارەباکەمان ببێتە ٢٤ کاتژمێری و چیتر دووکەڵی مولیدە هەڵنەمژین و کێشەی مولیدە کۆتایی بێت. من بۆ ماوەی پێنج ساڵ نوێنەری وەزارەت بووم بۆ مولیدە لە پارێزگا، دەزانم چەند گرفتمان هەبووە، دەتوانم بڵێم بە رێژەی ٥٠٪ کارگێڕیی بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان سەرقاڵبوون بووە بە کێشەی مولیدەکان، بۆیە پرۆژەی رووناکی زۆر گرنگە، ئەگە بمانەوێت سەرکەوتوو بێت، نرخی کارەبا فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە.

نرخی ١٥٦ دینار کە دانراوە بۆ کارەبای شارەکانی نیشتەجێبوون زۆر گرانە هەمان نرخ بۆ هاولاتیانیش دابنرێت، ئەگەر بێینە سەر ستاندەری جیهانی بۆ نرخی کارەبا نرخەکەی بۆ هەر ئەمپێرێك تەنیا «٤» سەنتە، بەڵام ١٥٦ دینار نزیکەی ١٠ سەنت زیاتر دەکات، من وەك خۆم کە ئێستا لە یەکێك لە شارەکانی نیشتەجێی هەولێر نیشتەجێم، لەگەڵ نرخی یەك کیلۆواتی کارەبا بە ١٥٦ دینار هیچ کێشەیەکم نییە و زۆریش لێی رازیم، بەڵام ئەم پارەیە بۆ هاوولاتییەکی کەمدەرامەت زۆر زۆرە، بۆیە دەبێت ئەم لایەنەش رەچاو بکرێت، ئێمە لێرە کە لەم پلاتفۆرمە کۆبووینەوە و قسە لەسەر ئەو پرسە دەکەین، دەبێت کارێك بکەین «نە شیش بسووتێ نە کەباب» واتە ئاگامان لە هەر دوولا بێ، هەم هاوولاتی و هەمیش حکومەت. بۆیە دەبێت نرخەکان بە جۆرێك بێت کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی پرۆژەی رووناکی نەبێت.

**ئەو پارەیەی تەنیا بۆ وەزارەتی کارەبای عێراق تەرخان کراوە لە پارەی تەرخانکراو بۆ هەموو هەرێمی کوردستان زیاترە**

لایەنێکی دیکە دەبێت لەبەرچاوی بگرین، ئەوەیە کە ئێستا ئەم پرۆژەیە لە سلێمانی کەوتووەتە واری جێبەجێکردن، سرووشتی زۆنی سلێمانی و هەڵەبجە وەك سرووشتی زۆنی هەولێر و دهۆك نییە، ماوەی نزیکەی ٨ مانگە لە هەولێر ئەم پرۆژەیە دەستی پێکراوە، خەڵکەکەی نارەزاییان نەبووە، بەڵام لە زۆنی هەڵەبجە و سلێمانی نارەزاییەکان زەقن، زۆریش زەق دەبنەوە و کێشەش دروست دەکەن.

ئێمە ئەزموونی دانانی پێوەری زیرەکمان هەیە، لە دووکان هەموو پێوەرەکانیان لێ کردینەوە، لە دەربەندیخان هەر نەیانهێشت دایبنێین، لە پێنجوین ئۆتۆمبیلەکانیان شکاندین و دەریان کردین.

دەبێت ئەمانە لەبەر چاو بگرین، نرخێك دابنێین کە بەرهەڵستی کەم بکەینەوە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پرۆژەی رووناکی سەرکەوتوو بێت.

**ئێمە بەپێی دەستووریش دەتوانین لەسەر پرسی کارەبا بکەوینە وتوویژەوە و گفتوگۆ و دانوستاندنیان لەگەڵ بکەین**

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ئەوەیە کە ئێمە دەبێت لەسەر تەوەری بەغدا کار بکەین، بۆ ئەوەی چەندی دەتوانین دەستکەوت لە بەغدا بەدەست بهێنین، بەتایبەتی لە بواری «دابینکردنی سووتەمەنی و سەرچاوەی دارایی»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەپێی دەستوور مافی هەرێمی کوردستانە بۆ نموونە لە ماددەی ١٠٦ی دەستوور هاتووە «بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێنرێت. دەستەکە لە پسپۆرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و نوێنەرانیان پێکدێت و ئەم لێپرسراوییانەی هەیە:

یەکەم: دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی



باربوو و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتییەکان بە گوێرەی پشکی هەریەکە لە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

دووەم: دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بە باشترین شێوە.

سێیەم: دڵنیابوون لە بوونی شەفافیەت و دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارە و پول بۆ حکومەتە هەرێمییەکان و ئەو پارێزگایانەی کە ناکەونە سنووری هەرێمەکانەوە بەپێی ئەو ڕێژانەی بڕیاری لەسەر دراوە».

ئەگەر سەیری بڕگەکانی ئەم مادده دەستوورییە بکەین، کە باسی دادپەروەری لە تەرخانکردنی پارە و پول بۆ حکومەتە هەرێمییەکان و پارێزگاکان دەکات، باس لە قەرزی و شەفافییەت دەکات، ئێمە سوودمان لە هیچ کام لەمانە وەرنەگرتووە.

ئێمە سەیری بوودجەی وەزارەتی کارەبای عێراقمان بۆ ساڵانی (٢٠٢٢، ٢٠٢٣) کرد، ئەو پارەیەی تەنیا بۆ وەزارەتی کارەبای عێراق تەرخان کراوە لە پارەی تەرخانکراو بۆ هەموو هەرێمی کوردستان زیاترە، بۆیە گرنگە هەوڵ بدەین لەو خەرمانە شتێك بەر هەرێمی کوردستان بکەوێت.

ماددەیەکی دیکەی دەستووری ماددەی ١١٤ کە لە بڕگەی دووەم تیایدا هاتووە «ڕێکخستن و دابەشکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەبا»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە بەپێی دەستووریش دەتوانین لەسەر پرسی کارەبا بکەوێنە وتووێژەوە و گفتوگۆ و دانوستاندنیان لەگەڵ بکەین.

لە دوماهیدا پێشنیاری من ئەوەیە کە بۆردێك لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا وتووێژ لەگەڵ بەغدا بکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر فرسەتێك بێتە پێشەوە بۆ خزمەتگوزاریی کارەبا لە هەرێمدا سوودی لێ وەربگرین.



بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای یەکی هەولێر:

## ئەندازیار تاڤگە عومەر کاکە سوور

# ئەگەر پارەی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی بەراورد بکرێت بەو پارەیەی کە پێشتر هاووڵاتی دەیدایە مۆلیدە و کارەبای نیشتمانی ئێستا زۆر کەمترە

**ئەندازیار تاڤگە عومەر کاکە سوور یەکێکە لە ئەندازیارە دیارەکانی هەرێمی کوردستان لە سێکتەری کارەبادا و، ئێستا بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبا یەکی هەولێرە و، سرووشتی کارەکەی بەو جۆرەیە کە بەردەوام سەرقاڵی کێشە و گرفتەکانی کارەبایە کە خەڵك گلەیی و گازندەی لەسەر دەکەن. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە گرفتەکان و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم سێکتەرە خستە ڕوو.**

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە لەسەر ئەم پرسە گرنگە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» ئەم گفتوگۆیەی ڕێك خستووە، بەڕاستی هەم پرسێکی هەستیارە و هەمیش وەك پێویست لە ڕووی کاری ڕاگەیاندنەوە کاری لەسەر نەکراوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان وەك پێویست لە کێشەکانی کارەبا و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پڕۆژەی ڕووناکیی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بکەن، هەمیش وەڵامی ئەو چەواشەکارییانە بدرێتەوە کە لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ مەبەستی لابەلا ئەم پڕۆژە ستراتیژییە نشتمانییە «پڕۆژەی ڕووناکی» هەوڵ دەدەن ناشیرینی بکەن، یان بەربەست و ئاستەنگی بۆ دروست بکەن و سەرکەوتوو نەبێت.

بە حوکمی ئەوەی من خۆم بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبام لە هەولێر و، سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ١٧ گەڕەکە و هەموویان

لە پرۆژەی رووناکی سوودمەند بوون و کارەبای ٢٤ کاتژمێرییان هەیە، بۆیە زیاتر قسەکانم لەسەر پرۆژەی رووناکی چڕ دەکەمەوە.

بەر لە هەموو شت ئامانج لە پرۆژەی چاکسازی، ئەنجامدانی ریفۆرمێکی هاوچەرخە لە سێکتەری کارەبا و دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێرییە بۆ سەرجەم هاوبەشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم پرۆژەیە پلانێکی تۆکمە داڕێژراوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ سەرجەم سێکتەرەکانی کارەبا «بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن» ڕێك بخرێتەوە، بۆ ئەوەی هاوولاتی لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە تازەیە بەپێی پێویستی خۆی کارەبا بەکاربهێنێت و ڕێگە نەدات زێدەڕۆیی بکرێت، یان بە فیڕۆ بدرێت، هەروەها ڕەچاوکردنی باری گوزەرانی خەڵکی کەم دەرامەتە کە پێشان دەبوو هەم پارەی کارەبای مولیدە بدات و هەمیش پارەی کارەبای نیشتمانی، ئێستا ئەگەر پارەی کارەبای پرۆژەی رووناکی بەراورد بکرێت بەو پارەی پێشتر هاوولاتی دەیدایە مولیدە و کارەبای نیشتمانی ئێستا زۆر کەمترە.

ئەم پلانەی بۆ پرۆژەی رووناکی داڕێژراوە دەبێتە هۆکارێك بۆ پێداچوونەوە بە هەیکەلی سێکتەری کارەبا و سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم سیستەمە تازەیەی «پرۆژەی رووناکی» پێویستی بە هەیکەلە و یاسا و ڕێنمایی نوێ هەیە.

ئەوەی ئەم ماوەیە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی کارەبای یەکی هەولێر تێبینیم کردووە لەو ١٧ گەڕەکەی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان مولیدە نەماوە، ژینگەی گەڕەکەکان پاك بووەتەوە، لۆدی سەر تۆڕەکانی کارەبا کەم بووەتەوە، کێشەی سووتاندنی بۆرد و محاویلەکانمان نەماوە، هەست بە جۆرێك لە سەقامگیری لە سێکتەری کارەبا دەکرێت.

**● لە پرۆژەی رووناکیدا هەردوو لا حکومەت و هاوولاتی سوودمەند دەبن**

پرۆژەی رووناکی لەسەر بنەمای « win – win» کار دەکات، ئەمەش بەو مانایەی لەم پرۆژەیەدا هەردوولا حکومەت و هاوولاتی سوودمەندن، کە دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

**● سوودەکانی بۆ هاوولاتی و هاوبەشانی کارەبا**

● پرۆژەی رووناکی کە یەکەم هەنگاوی بە کوژاندنەوەی مولیدەی گەڕەکەکان و شارەکانی نیشتەجێبوون دەست پێدەکات، کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەلامەتیی هاوولاتیان و پاکبوونەوەی ژینگە، لەهەمان کاتدا ڕزگاربوونە لەو جەنجاڵییەی کە وایەری مولیدەکان لەسەر سیمای گەڕەکانی دروستیان کردووە.

● ڕزگاربوونی هاوولاتییانە لە دڵەڕاوکێی پچڕانی کارەبای نیشتمانی و مولیدە و، لەمەش زیاتر هاوولاتی یەك پارە دەدات کە ئەویش پارەی کارەبای نیشتمانییە.

● ئەم پرۆژەیە هاندەرێکە بۆ هۆشیاریی هاوولاتیان سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەبا بەپێی پێویست و بەفیڕۆنەدانی کارەبا.

● هاندانێکە بۆ بەکارهێنانی سیستمی سۆلەر لەلایەن هاوولاتیانەوە، بەتایبەتی کە ئێستا وەزارەتی کارەبا بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەوەی سیستمی سۆلەر تێکەڵی کارەبای نیشتمانی بکات و، ئەو کارەبا زیادییەی کە هاوولاتیان بە ڕێگەی سیستمی سۆلەر دەیدەنە کارەبای نیشتمانی، دواتر لەکاتی بەکار هێنانا لێی وەردەگیرێتەوە.

**● سوودەکانی بۆ حکومەت**

پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا پرۆژەیەك نییە کە حکومەت قازانجی تێدا بکات، بەڵکو ئەگەر بەراوردی تێچووی یەك کیلۆ وات کارەبا لەسەر حکومەت بکەین کە دەکاتە ١٢٠ دینار و حکومەت لە بلۆکی یەکەمی نرخ بە ١٨ دینار دەیدات بە هاوولاتی، ئەمە مانای ئەوەیە حکومەت بە ڕێژەی ٨١٪ی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا دەدات، هاوولاتیان تەنیا ١٩٪ی دەدەن، بۆیە لەم لایەنەوە ئەگەر پرۆژەی رووناکی ببێتە هۆکارێك بۆ ڕێکخستنەوە و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا، حکومەت لەم لایەنانەوە سوودمەند دەبێت:

● بارگرانیی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوە، دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی وەزارەتی کارەبا هێندە باری حکومەت

**ئامانج لە پرۆژەی چاکسازی، ئەنجامدانی ریفۆرمێکی هاوچەرخە لە سێکتەری کارەبا و دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێرییە بۆ سەرجەم هاوبەشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان**

**ئەگەر پارەی کارەبای پرۆژەی رووناکی بەراورد بکرێت بەو پارەی پێشتر هاوولاتی دەیدایە مولیدە و کارەبای نیشتمانی ئێستا زۆر کەمترە**

**لەو ١٧ گەڕەکەی سنووری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان مولیدە نەماوە، ژینگەی گەڕەکەکان پاك بووەتەوە**

**ئەگەر بەراوردی تێچووی یەك کیلۆ وات کارەبا لەسەر حکومەت بکەین کە دەکاتە ١٢٠ دینار و حکومەت لە بلۆکی یەکەمی نرخ بە ١٨ دینار دەیدات بە هاوولاتی**

بە بوودجەی قەبە قورس نەکات.

● پڕۆژەی ڕووناکی لەسەر ژێرخانی پڕۆژەی سیستمی پێوەری زیرەك بونیاد نراوە کە دەکرێت بڵێین بە ڕێژەی ١٥-٢٠٪ بەفیڕۆدانی کارەبای کەم کردووەتەوە، پڕۆژەی ڕووناکی دەبێتە تەواوکاری پڕۆژەی پێوەری زیرەك و ڕێژەی بە فیڕۆدانی کارەبا کەم دەکاتەوە.

● بەشێك لە بەفیڕۆچوونی کارەبا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری تەکنیکی و تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا، لەم پڕۆژەیەدا لۆد لەسەر تۆڕەکانی کارەبا کەم دەبێتەوە و بەفیڕۆچوونی تەکنیکییش کەم دەبێتەوە.

● ئەو ڕێژەی ٨٪ی داهاتی کارەبا کە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کارەبا تەرخان دەکرێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی سێکتەری کارەبا و دروستکردنی وێستگەی کارەبای نوێ.

● پڕۆژەی ڕووناکی بە دیجیتاڵکردنی سێکتەری کارەبا دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، بەتایبەتی کە پارەدان ئەلیکترۆنی دەبێت و پسوڵەی کاغەز نامێنێت.

**حکومەت بە ڕێژەی ٨١٪ی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا دەدات، هاووڵاتیان تەنیا ١٩٪ی دەدەن**

**● هۆشیارکردنەوەی خەڵك فاکتەری سەرەکیی پڕۆژەی ڕووناکییە**

لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ کارەبای ٢٤ کاتژمێری، هاوکات هەڵمەتێك لە میدیا و سۆشیال میدیا وەك نارەزایی خەڵك بەرانبەر بە نرخی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی دروست بووە، پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە کە کرێی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی لە کرێی کارەبای «موەلیدە و نیشتمانی»ی پێشوو زیاترە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ناشیرینکردنی پڕۆژەکە و ئاستەنگ دروستکردن بۆ سەرنەکەوتنی پرۆسەکە.

بۆ ئەمە پێویستمان بەوەیە کە پڕۆژەی ڕووناکی وەك پڕۆژەیەکی نیشتمانی سەیر بکەین و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەست بە هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە بکەین، لەم بارەدا جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لەبەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، کە ئەم دەستپێشخەرییەی کردووە و ئەم گفتوگۆ گرنگەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە ساز کردووە.



پڕۆژەی ڕووناکی ئەو پڕۆژەیەیە کە هەموومان زیاتر٣٠ ساڵە ئومێدی بۆ دەخوازین بۆ ئەوەی کارەباکەمان ببێتە کارەبای ٢٤ کاتژمێری، لە ئێستادا ناکرێت بۆ مەرامی سیاسیی حزبێکی ئۆپۆزسیون، یان ناحەزێك بەرانبەر هەرێمی کوردستان، کاردانەوەمان نەبێت و ڕاستییەکان بۆ خەڵکی خۆمان ڕوون نەکەینەوە. لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەکی سادە دەکەم. لەم ڕۆژانەدا لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسێك ئەوجا بە مەبەست، یان لە نەزانییەوە، وێنەی پسولەیەکی کارەبای داناوە و نووسیویەتی لە ماوەی ١٨ ڕۆژ ١١٦ هەزار دینار کارەبام بۆ هاتووەتەوە، باشە قەت بووە وەزارەتی کارەبا ١٨ ڕۆژ جارێك پارەی کارەبا دیاری بکات؟ بێگومان هەر مانگێکە، باشە خۆمان چەندین ساڵە لە ناو واقیعی کارەبای موەلیدە و نیشتمانیین، ئایا ١١٦ هەزار دینار لە بری پارەی موەلیدە و کارەبای نیشتمانی زۆرە، وەك برادەرانیش ئاماژەیان پێکرد، پێداویستیی ماڵێکی ئاسایی بۆ کارەبا لە مانگێکدا ١٠٠٠-١٢٠٠ واتە، لەوانەیە بە ئەنقەست زیدەڕۆیی تێدا کردبێت، ئەگەرنا ئەوەشی بۆ نەدەهاتەوە.

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دەبێت مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و لە مینبەری مزگەوتەکانەوە خەڵك هۆشیار بکەنەوە و ڕاستییەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن. دەبێت لە قوتابخانەکانەوە گرنگیی پڕۆژەی ڕووناکی لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ قوتابیان ڕوون بکرێتەوە. هەروەها گرنگە وەزارەتی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارەبا دەرگایان کراوە بێت بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بەردەوام ڕاستییەکان بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە، لە هەمان کاتدا گرنگە هۆیەکانی میدیا بە میدیای حزب و کەناڵە سەربەخۆکانیش، چیتر دوای هەواڵی دروستکراوی تۆڕەکانی سۆشیال میدیا نەکەون و بەدواداچوونی ورد لەسەر ڕاستییەکان بکەن و ببنە پردێك بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕووناکی و خۆشگوزەرانیی خەڵکی کوردستان، کە دەمێکە هیوا بۆ کارەبای ٢٤ کاتژمێری دەخوازن.

**پڕۆژەی ڕووناکی بە دیجیتاڵکردنی سێکتەری کارەبا دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، بەتایبەتی کە پارەدان ئەلیکترۆنی دەبێت و پسوڵەی کاغەز نامێنێت**





ئەندازیار شاکر مەحمود

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای دهۆک:

# پڕۆژەی ڕووناکی پڕۆژەیەکی مەزنی نیشتمانییە و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەی بۆ داڕێژراوە

**ئەندازیار شاکر مەحموود بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆکە و، بە شێوەیەکی مەیدانی ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی کارەبادا دەکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، زۆر بە وردی باسی کێشە و گرفتەکانی سێکتەری کارەبای لە هەرێمی کوردستان کرد و، بە شێوەیەکی تایبەتیش باسی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی کرد کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لە کەرتەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا لە پارێزگای دهۆك بە دەست هاتوون و، بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە ئەم گفتوگۆ کراوەیەی ڕێك خستووە و، ئەم هەموو پسپۆڕ و شارەزایەی پێکەوە کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی گەنگەشە لەسەر پرسێکی زۆر گرنگ بکەین، کە پەیوەندیی بە ژیانی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، کە بریتییە لە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»دا.

لە دەسپێکی ئەم گفتوگۆیەدا بەڕێز وەزیری کارەبا، باسی لە کۆمەڵێك کاری گرنگ کرد، کە لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێکتەری کارەبادا ئەنجام دراون، دوایین گەورە پڕۆژەش، پڕۆژەی ڕووناکییە بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان و، ئێستا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کاری تێدا دەکرێت.

لەم گفتوگۆیەدا من زیاتر جەخت لەسەر ئەو کارانە دەکەمەوە کە لە سێکتەری کارەبا لە پارێزگای دهۆك هاتووەتە ئەنجامدان و، ئەگەر بەراوردیان بکەین بە پێشتر، دەبینین دەیان جار زیادی کردووە، هەر بۆ نموونە لە بواری تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبا، ئێمە پێشتر لە دهۆك تەنیا ١٠٠ کیلۆمەتر تۆڕی گواستنەوەی KV 132 مان هەبوو، بەڵام ئێستا تۆڕی گواستنەوەی KV 132 گەیشتۆتە نزیکەی ٧٥٠ کیلۆمەتر.

لە بواری فراوانکردنی تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبادا تۆڕەکان زۆر باش فراوان بوون، وێستگەی کارەبای ٣٣- ١٣٢ KV کە پێشتر تەنیا ٣-٤

وێستگەمان هەبوو، ئێستا ٧٠ وێستگەی کارەبای ٣٣ - ١٣٢ KVمان هەیە.

لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی کارەبا، ئێمە پێش دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ وەبەرهێنانێك لە سێکتەری کارەبا لە پارێزگای دهۆکدا نەبووە، بەڵام ئێستا وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە کە ١٢١٨ میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت، وێستگەیەکی دیکەش بە توانای ٩٥٠ میگاواتی لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت، کە پێکەوە دەبنە ٢١٦٨ میگاوات، ئەم بڕەی بەرهەمهێنانی کارەبا ئەگەر بتوانین هەمووی بەرهەم بهێنین، پێداویستییەکانی کارەبای پارێزگای دهۆك پڕ دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی ئەو پلانە ستراتیژییەی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم لە سێکتەری کارەبا لە کابینەی نۆیەمدا پیادەی کردووە، ئێمە لە تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا لە پارێزگای دهۆك کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییە حکومەتی عێراق بە هۆی بڕینی بودجەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی دروستی کردووە، بەتایبەتی نەبوونی بودجەی تەواو بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەمە کاریگەری کردووەتە سەر ڕەوشی کارەبا.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە بە بایەخەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کارەبا و بەکارهێنانی بەپێی پێویست، لەمەدا دەتوانم بڵێم ئێمە توانیومانە تا ڕادەیەکی زۆر باش بە ئاستی پێداویستییەکانی خەڵك کارەبا بەرهەم بهێنین، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم سەرکەوتوو نەبووین لەوەی بەو ئاستە خەڵك هۆشیار بکەینەوە کە خەڵك بەپێی پێویست و ئیکۆنومی کارەباکە بەکار بهێنێت، هەربۆیە ئەگەر هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ هۆشیار کردنەوەی خەڵك دەست پێبکەین و هۆشیار بکەینەوە کە ڕێگری لە بەفیڕۆدانی کارەبا بکەن، ئەوا هەم خەڵك سوودمەند دەبێت بەوەی پارەیەکی باشی بۆ دەگەڕێتەوە و هەمیش باری سەر شانی حکومەت بەو ئاستە قورس نابێت کە بودجەیەکی زۆر گەورە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا تەرخان بکات.

لە ئەزموونی جێبەجێکردنی پرۆژەی دانانی پێوەری زیرەك کە هەتا ئێستا ٧٠٪ ئەم پرۆژەیە لە پارێزگای دهۆك تەواو بووە و تەنیا ٣٠٪ ماوە و کاری بەردەوامی تێدا دەکرێت، ئێمە توانیمان هاووڵاتی لەسەر ئەوە ڕابهێنین کە تەنیا ٣٠ ئەمپێر کارەبا زیاتر بەکار نەهێنێت، بەڵام پێوەری زیرەك لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بە فیڕۆدانی کارەبای تا ئاستێکی باش کەمکردەوە، بەڵام بە تەواوی کێشەی بە فیڕۆدانی کارەبای چارەسەر نەکرد، هۆکاری ئەم چارەسەرنەکردنەکەش ئەوەیە کە نەتوانراوە نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا دابنرێت بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بەپێویستی خۆیان کارەبا بەکار بهێنێن، بەڵام ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕووناکی کاری جدی لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی بە فیڕۆدانی کارەبا بنبڕ بکات.

پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان پرۆژەیەکی مەزنی نیشتمانییە و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەی بۆ داڕێژراوە، تیمێکی بۆ دانراوە کە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی ئەم پرۆژەیە لە سەنتەری شارەکان جێبەجێ دەکەن و پاشانیش سەرانسەری قەزا و ناحیەکانیش دەگرێتەوە. خاڵی گرنگ لەم پرۆژەیە ئەوەیە کە لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژەیە لەسەر ئاستی هاووڵاتیانی « کەم دەرامەت و مامناوەند» جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لە دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبادا ڕەچاوی داهاتی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت دەکرێت و بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان دروست ناکات.

بەپێی ئەو داتا و ئامارەی لای ئێمەیە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای دهۆك هەیە، پێداویستیی ماڵێکی ئاسایی بۆ کارەبا لە مانگێکدا لە نێوان ٨٠٠- ١٢٠٠ کیلۆ واتە، بەپێی ئەو نرخەی کە مەزندە دەکرێت لە پرۆژەی ڕووناکیدا جێگیر بکرێت، هاووڵاتیان لە مانگێکدا تەنیا بڕی « ٨٠-١٠٠» هەزار کرێی کارەبا دەدەن، بەڵام ئەم بڕە پارەیەش هەتا ئێستا مەزندەبۆکراوە و بڕیاری لەسەر نەدراوە و دیراسەتی زیاتری لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بە جۆرێك بێت لە بەرژەوەندیی زیاتری هاووڵاتیاندا بێت، هەر بۆیە ئەم بڕە پارەیە بەراورد بە کرێی کارەبای پێشتری کارەبای «مولیدە و نیشتمانی» زۆر کەمە، ئەمە جیا لەوەی هاووڵاتیان چەندین کێشەی دیکەشیان لە کۆڵ دەبێتەوە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە وەك بیرۆکەیەك بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، هەر دوای دانانی پێوەری زیرەك ئێمە پرۆژەیەکمان لە چەند شارێکی نیشتەجێبوونی دهۆك جێبەجێ کرد، بە ناوی «دانی پارەی پێشوەخت — Pre-paid»، ئەمەش واتە هاووڵاتی پێشوەختە کارتێکی دەکڕی و بەپێی کارتەکە کارەبای بەکار دەهێنا، لەم پرۆژەیەدا ١١ هەزار هاوبەشمان هەیە، بەڵام پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری فراوانترە و هەموو هاووڵاتیانی کوردستان لێی سوودمەند دەبن.

**ئێمە پێشتر لە دهۆک تەنیا ١٠٠ کیلۆمەتر تۆڕی گواستنەوەی KV 132 مان هەبوو، بەڵام ئێستا تۆڕی گواستنەوەی KV 132 گەیشتۆتە نزیکەی ٧٥٠ کیلۆمەتر**

**پێوەری زیرەک لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بە فیڕۆدانی کارەبای تا ئاستێکی باش کەمکردووە، بەڵام بە تەواوی کێشەی بە فیڕۆدانی کارەبای چارەسەر نەکرد**

**لە دانانی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبادا ڕەچاوی داهاتی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت دەکرێت و بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان دروست ناکات.**

**بەپێی ئەو داتا و ئامارەی لای ئێمەیە وەک بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای دهۆک هەیە، پێداویستیی ماڵێکی ئاسایی بۆ کارەبا لە مانگێکدا لە نێوان ٨٠٠- ١٢٠٠ کیلۆ واتە**



**ئەندازیار نەجات حەسەن**

پسپۆڕی کارەبا لە بەغدا:

# حکومەت دەتوانێت بە ڕێگەی کۆمپانیایەک و بە قەرزی درێژخایەن سۆلەر بۆ هاووڵاتیان دابین بکات

**ئەندازیار نەجات حەسەن، یەکێکە لە پسپۆڕەکان لە سێکتەری کارەبا و ساڵانێکی زۆرە لەم سێکتەرە گرنگە کاردەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، زۆر بە زانستییانە هەڵوەستەی لەسەر بەشە گرنگەکانی سیستمی کارەبا و گرفتەکانی کرد و بەمجۆرە دیدوتێروانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

زۆر خۆشحاڵتر دەبووم کە ڕاستەوخۆ لەم گفتوگۆیە گرنگە و لەم هۆڵە لەگەڵتان بەشدار بم، بەڵام لە سەرەتای گفتوگۆکەوە بە ڕێگەی «سکایپ» بە ئۆنلاین لەگەڵتان بەشدارم و گوێم لە گفتوگۆکەتان گرتووە، بۆیە دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەم پۆلە پسپۆڕ و تایبەتمەند و بەرپرسانەی سێکتەری کارەبای پێکەوە کۆکردووەتەوە، کە بە مەزندەی ئەوانەی لەم گفتوگۆیە بەشدارن، توانای ئەوەیان هەیە بڕیاری گونجاو و یەکلاکەرەوە لەسەر سێکتەری کارەبا بدەن.

خاڵێکی دیکە، پێش ئەوەی دەست بە قسەکانم بکەم، ئەوەیە کە ئێمە یادی سەری ساڵی کوردی و جەژنی نەورۆزمان کردەوە، بۆیە بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی سەری ساڵی تازە و جەژنی نەورۆز لە هەموو لایەکتان دەکەم

و ئومێدەوارم لە ساڵی نوێ کێشە کۆنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کۆتاییان بێت.

کێشەی کارەبا، کێشەیەکی کۆنی هەرێمی کوردستانە و دەتوانم بڵێم چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە هۆکاری سەرەکی ئیحراجبوونی سەرجەم کابینە یەک لە دوا یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا، بۆیە کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەرێزان وەزیری کارەبا و بریکار و راوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی کارەبا ئامادەن، دەتوانرێت بڕیارێك بدەین، کە کێشەی کارەبا بەرەو چارەسەرێکی ریشەیی ببەین.

بۆ ئەوەی خەڵك هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لەگەڵ حکومەت، ئەوا پێویستە ئێمە لەم گفتوگۆیەدا باسی کێشەی کارەبا بۆ خەڵك بکەین و تێیان بگەیەنین چۆن بە هاوکاریی ئەوان کێشەی کارەبا چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەمەش گرنگە سیستەمی کارەبا بۆ خەڵك روون بکەینەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆر جار سەرنجم داوە، خەڵك بە شێوەیەکی گشتی وەك یەك بابەت باسی کارەبا دەکەن. بۆیە لەسەر ئەمە هەڵوەستەیەك دەکەم:

سیستەمی کارەبا لە سێ بەش پێکدێت «بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن»، لە سەرووی ئەم سێ بەشەشەوە بەشێکی دیکەیە کە پێی دەگوترێت «کۆنترۆڵ» و هەموو بەشەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، بێگومان پلانیش هەر بەشێکە لەم سیستەمە.

هەموو ئەم بەشانەی کارەبا پێکەوە گرێدراون، لە هەر یەکێکیان کێشە و کەموکورتی هەبێت، کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەی کارەبا دەبێت. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێمە رێژەیەکی باشی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەبێت، بەڵام ئەگەر تۆڕێکی باشی گواستنەوەی کارەبامان نەبێت، سوودی نابێت، یان با ئێمە رێژەیەکی باشی بەرهەمهێنان و تۆڕێکی باشی گواستنەوەمان هەبێت، کە تۆڕێکی باشی دابەشکردنی کارەبامان نەبێت، دیسان سوودی نابێت، بۆیە ئەرکی ئێمەیە شێوازی کارکردنی سیستەمی کارەبا بۆ هاووڵاتیان روون بکەینەوە، لە پێناوی ئەوەی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان خەڵك و سیستەمی کارەبا دروست بکەین.

ئەگەر لە چوارچێوەی گرنگیی کارەبا بە ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانەوە، قسە لەسەر ئەرکی وەزارەتی کارەبا بکەین، ئەوا وەزارەتی کارەبا گەورەترین ئەرکی لەسەر شانە، هەر بۆیە بە بەردەوامی لە کۆی کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رووبەرووی گلەیی و گازندەی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بووەتەوە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەردەوام بە شەو و بە رۆژ کارەبا پەیوەندیەکی پتەوی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، هەر بۆیە کاتێك کارەبا دەکوژێتەوە، ئەو کەسە لە ماڵەکەی خۆی بێت، یان لە دووکان، یان لەسەر کارەکەی خۆی بێت، قسە لەسەر وەزارەتی کارەبا دەکات و رەخنەی لێدەگرێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆچی تا ئێستا نەمانتوانیوە کێشەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ریشەیی چارەسەر بکەین، لە کاتێکدا ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ و شارەزای بواری کارەبامان هەیە؟ وەزارەتی کارەبا پڕیەتی لە توانا و ئیمکانیەت و شارەزایی و پسپۆڕی، بەڵام نەمانتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەر بکەین، ئایا هۆکارەکەی چییە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەتوانین بڵێین:

- یەکەم هۆکار بریتییە لە مامەڵەی هاوبەشان لەگەڵ کارەبا، هەتا ئێستا هاوبەشانی ئێمە نەیانتوانیوە بە دروستی مامەڵە لەگەڵ کارەبا بکەن، ئەگەر سەیری داتا و ئامارەکان بکەین، دەبینین هاوبەشانی ئێمە چوار تا پێنج هێندەی هاوبەشانی دەوڵەتانی دراوسێمان کارەبا بەکار دەهێنێن، ئەمەش واتە پێنج هێندەی پێویستیی خۆی کارەبا بەکاردەبات، بۆیە دەبێت هەنگاوی یەکەمی ئێمە ئەوە بێت کە پلان و بەرنامەیەکمان هەبێت، کە رێگە نەدەین کارەبا بە فیڕۆ بدرێت.

- هۆکاری دووەم بریتییە لە بەرهەمهێنانی کارەبا، بۆ ئەمەشیان دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی توانای بەرهەمهێنانی کارەبا و زیادکرنی تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردنی گەشە پێ بدات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بە شێوەیەکی

**ئەگەر ئێمە رێژەیەکی باشی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەبێت، بەڵام ئەگەر تۆڕێکی باشی گواستنەوەی کارەبامان نەبێت، سوودی نابێت**

**ئەرکی ئێمەیە شێوازی کارکردنی سیستەمی کارەبا بۆ هاووڵاتیان روون بکەینەوە، لە پێناوی ئەوەی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان خەڵک و سیستەمی کارەبا دروست بکەین**

**هەتا ئێستا هاوبەشانی ئێمە نەیانتوانیوە بە دروستی مامەڵە لەگەڵ کارەبا بکەن**

**هاوبەشانی ئێمە چوار تا پێنج هێندەی هاوبەشانی دەوڵەتانی دراوسێمان کارەبا بەکار دەهێنێن**



**پڕۆژەی دانانی پێوەری زیرەک تا ڕاددەیەکی زۆر باش سەرکەوتووانە جێبەجێ کراوە و بەشێک لە گرفتەکانی کارەبای چارەسەر کردووە**

**پرسی کارەبا وەک بابەتێکی نیشتمانی سەیر بکەین و هەوڵ بدەین هاودەنگیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر دروست بکەین**

ڕیشەیی دوو هەنگاوی گرنگی گرتووەتەبەر کە بریتین لە:

١- دانانی پێوەری زیرەك.

پڕۆژەی دانانی پێوەری زیرەك تا ڕاددەیەکی زۆر باش سەرکەوتووانە جێبەجێ کراوە و بەشێك لە گرفتەکانی کارەبای چارەسەر کردووەو، لۆدی زۆری سەر تۆڕەکانی کارەبا و محاویلەکانی کەم کردەوە، بەڵام ئەم پڕۆژەیە نەیتوانی کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان وەك پێویست چارەسەر بکات.

٢- پڕۆژەی ڕووناکی

پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان، ئەم پڕۆژەیە کە ئێستا بووەتە باسێك و قسەی لەسەر دەکرێت، گرنگ ئەوەیە ڕێگە چارەیەك بگرینە بەر بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتوو بێت.

بۆ سەرخستنی ئەم پڕۆژەیە، پێشنیاری من ئەوەیە کە پرسی کارەبا وەك بابەتێکی نیشتمانی سەیر بکەین و هەوڵ بدەین هاودەنگیی کۆی لایەنە سیاسییەکانی لەسەر دروست بکەین. بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە کە وەزارەتی کارەبا لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆببێتەوە و لەسەر ئەم کێشەیە گفتوگۆ بکەن، بۆ ئەوەی پرسی کارەبا نەبێتە بابەتی ململانێی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت، ئەمەش فەرزی دەکات کە کارەبا دەبێت وەك بابەتێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئامانجی سەرەکیی پڕۆژەی ڕووناکی ئەوەیە کە زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدانی کارەبا نەهێڵێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا دابنرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە بەفیڕۆدانی کارەبا سڵ بکەنەوە و بەپێی پێویست بەکاری بهێنن، بۆیە گرفتی سەرەکیی ئێستا بووەتە دیاریکردنی نرخێکی گونجاو بۆ کارەبا، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ئەم پێشنیارانە دەخەمەڕوو:

یەکەم: بۆ دانانی نرخی کارەبا بۆ پڕۆژەی ڕووناکی، یاسای وەزارەتی کارەبا کە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانی کوردستانە، لە ماددەی چوارەم کە تایبەتە بە ئەرکەکانی وەزارەت لە بڕگەی چوارەمدا زۆر بە ڕاشکاوی سەبارەت بە دیاریکردنی نرخی کارەبا هاتووە «دیاریکردنی نرخەکانی



کارەبا لەلایەن وەزیری کارەبا و بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزارەت و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆ ڕەزامەندیدان لەسەری، بە مەرجێك لە دانانی نرخدا بژێوی هاووڵاتیان و باری ئابووریی هەرێم لەبەر چاو بگرن»، ئەم بڕگەیە زۆر ڕاشکاوانە ئەوەی خستووەتە ڕوو کە دەبێت بەپێی یاسای وەزارەتی کارەبا، دەبێت خەڵك سەنتەر بێت لەم بابەتە، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت نرخی کارەبا بە جۆرێك دابنرێت کە ڕێگری لەو کەسانە بکات کە کارەبای زۆر بەکار دەهێنن و ئەوەی کارەبا بە پێی پێویستی خۆی بەکار دەهێنێت باری سەرشانی گران نەبێت، ڕاشکاوانەتر دەبێت دانانی نرخی گونجاو بۆ کارەبا بۆ خزمەتی ئەو هاووڵاتیانە بێت کە کارەبای کەم بەکار دەهێنن.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکیدا، پرۆژەیەکی دیکەش دەست پێبکات، ئەویش پرۆژەی سوودوەرگرتن لە وزەی خۆرە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بۆ ئەمە دەبێت حکومەت پرۆژەیەکی هەبێت کە خەڵکی هان بدات بۆ ئەوەی سیستمی سۆلەر بەبێ پاتری (ئۆنگرید) بۆ ماڵەکەی خۆیان دابنێن، بۆ ئەوەی لە ڕۆژدا سوودی لێوەربگرێت، بۆ ئەمەش حکومەت دەتوانێت بە ڕێگەی کۆمپانیایەك و بە قەرزی درێژخایەن سۆلەر بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، بەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنانی کارەبای نیشتمانی کەم دەبێتەوە و هاووڵاتیانیش بە نرخێکی هەرزان کارەبای پێویستیان دەست دەکەوێت.

لە کۆتاییدا من ئومێد دەخوازم پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای **٢٤** کاتژمێری بۆ هاووڵاتیانی کوردستان سەرکەوتوو بێت، بەو شێوەیەی لە خزمەت خەڵکی کوردستاندا بێت، هەروەها هیوادارم هەموومان پرسی کارەبا وەك پرسێکی نیشتمانی سەیر بکەین و، هاوبەشانی ئێمە بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی کارەبا بکەن، حکومەت و وەزارەتی کارەباش بە جۆرێك نرخی کارەبا دیاری بکەن، کە خەڵك هۆشیار بکاتەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ کارەبا دەکات، نەك باری سەرشانیان قورس بکات.

**ئامانجی سەرەکیی پرۆژەی ڕووناکی ئەوەیە کە زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدانی کارەبا نەهێڵێت**

**دەبێت حکومەت پرۆژەیەکی هەبێت کە خەڵکی هان بدات بۆ ئەوەی سیستمی سۆلەر بەبێ پاتری (ئۆنگرید) بۆ ماڵەکەی خۆیان دابنێن**



ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامانی

سەرۆکی ڕێکخراوی وزە و گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پاراستنی ژینگە:

# لە زۆربەی وڵاتان سەرپێچیی سەر تۆڕەکانی کارەبا سزای زۆر قورسی بۆ دانراوە

ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامانی، کە ئێستا سەرۆکی «ڕێکخراوی وزە و گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پاراستنی ژینگە»یە، جیا لەوەی ساڵانێکی زۆر لە سێکتەری کارەبا کاری کردووە و وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لە هەمان کاتدا وەك ئەندازیارێکی کارەبا بەردەوام نووسین و توێژینەوەی لەسەر گرنگیی کارەبا و گرفتەکانی و چارەسەرکردنی کێشەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردووەتەوە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونە کەڵەکەبووەی لە سێکتەری کارەبا و وەزارەتی کارەبا هەیەتی، بەمجۆرە دید و تێڕوانینی خۆی و پێشنیارەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

کۆبوونەوەی ئێمە هەمووماں لێرە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، بە دەستپێشخەریی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی دەستخۆشییە.

دیارە من دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەم کە بەڕێز وەزیری کارەبا لەم گفتوگۆیە ڕایگەیاند «وێستگەی کارەبای ۱۰۰۰ مێگاواتی دهۆك جارێکی دیکە بە گازی سرووشتی کەوتووەتەوە کار»، بەڕاستی ئەوە هەواڵێکی خۆش بوو، بەتایبەتی کە پێشتر چەند یەکەیەکی ئەم ویستگەیە بە گازوایل کاری دەکرد، کە تێچوویەکی زۆر گەورەی لەسەر حکومەت دروست دەکرد، بەڵام ئێستا کە توانراوە گازی سرووشتیی بۆ دابنرێت و بکەوێتەوە کار، ئەمە موژدەیەکی خۆشە و جیا لەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا بەرز دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هۆکارێك دەبێت بۆ دابەزینی نرخی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا و سەرەنجامیش کەمکردنەوەی نرخی کارەبا.

لەم گفتوگۆیەدا زیاد لە هەموو بابەتێکی دیکە جەختێکی زۆر لەسەر پرۆژەی ڕووناکی کرایەوە. ئەم پرۆژەیە جیا لەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەی کارەبا و دابینکردنی کارەبای ۲٤ کاتژمێری بۆ هاوولاتیان، لە هەمان کاتدا دەبێتە فریادڕەسێك بۆ پاراستنی ژینگە، کە لای من پاراستنی ژینگە هێندەی دابینکردنی کارەبا گرنگە. هەتا ئێستا کە پرۆژەکە لە سەرەتای جێبەجێکردندایە، تەنیا لەناو شاری هەولێر ٤٠٠ مۆلیدە کوژاونەتەوە، دڵنیام لە یەك دوو مانگی داهاتوو لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان چەند هێندەی دیکە مۆلیدەکان دەکوژێنرێنەوە، کوژاندنەوەی ئەم هەموو مۆلیدانە بەڕاستی فاکتەرێکی گرنگە بۆ پاراستنی ژینگە.

خاڵێکی دیکە کە لای هەمووان ئاشکرایە ئەوەیە کە ئێمە لە ماوەی نزیکەی زیاتر لە ۳۰ ساڵی ڕابردوو، نیوەی پێداویستیی کارەبامان لە مۆلیدەکان وەرگرتووە. مۆلیدەکان جگە لە تێکدانی سیمای گەڕەك و شارەکان بە تۆڕە جەنجاڵەکانیان، بارقورسییەکی گەورەشیان لەسەر گیرفانی هاوولاتیان دروست کردووە.

لێرەوە ئەگەر باس لە نرخی کارەبا لە پرۆژەی ڕووناکی بکەین، وەك بەڕێز وەزیری کارەبا ئاماژەی پێکرد، دەبێت بە شێوەی هێواش هەڵبکشێت، ئێمە چەندین جار دیراسەتی دانانی نرخی گونجاومان بۆ کارەبا کردووە، بۆ ئەمەش کۆمپانیای «پارسن پی بی» بەریتانی چەندین ساڵ لەگەڵ وەزارەتی کارەبای هەرێم و وەزارەتی کارەبای عێراق کاریان کردووە و ماستەرپلانیان بۆ دانانی نرخی کارەبا داناوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر دۆخی دارایی هەرێم و بڕینی مووچەی هاوولاتیان لەلایەن بەغداوە جێبەجێ نەکراوە.

بە پلەی یەکەم دانانی نرخی کارەبا پەیوەندیی بە تێچووی بەرهەمهێنانەوە هەیە، ۸۳٪ی قورسایی تێچووی کارەبا پەیوەندیی بەو سووتەمەنییەوە هەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاری دەهێنن. ئەگەر سووتەمەنیی شل بەکاربهێنرێت وەك «گازویل، نەوتی ڕەش، نەوتی خاو»، ئەوا تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا زۆر زۆر دەبێت، بۆیە ئێستا جیهان هەوڵی داوە لەم بوارە وەرچەرخانێك بکات و گازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار دەهێنن.

خۆشبەختانە ڕێژەی هەرە زۆری بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێم بە ڕێگەی بەکارهێنانی گازی سرووشتییە، واش وەك بەڕێزان باسیان کرد، تێچووی یەك کیلۆ وات لەسەر حکومەت ۱۲۰ دینار دەکەوێت، بۆیە دیراسەتکردنی نرخی کارەبا لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕووناکی پێویستی بەوە دەبێت، بەرژەوەندیی هاوولاتیانی تێدا ڕەچاو بکرێت، بە شێوەیەك پۆلێنبەندی بکرێت کە لەلایەکی قەرەبوو بکرێتەوە.

هاوبەشانی کارەبای ئێمە هەموویان ماڵەکانی هاوولاتی نین، بەڵکو ئێمە هاوبەشی گەورەمان هەیە، وەك کارگەکانی ئاسن، چیمەنتۆ، مۆڵەکان و ...هتد، کە کارەبایەکی زۆر بەکار دەهێنن، هەر بۆ نموونە کارگەی ئاسنمان هەیە ۱۲۰ میگا کارەبا بەکار دەهێنێت، کارگەی چیمەنتۆ ۷۰ میگاوات بەکار دەهێنێت، ئەمانە دیاریکراون و دەتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت، کاتی خۆی کە لە وەزارەت بووم،

**لە ماوەی نزیکەی زیاتر لە ۳۰ ساڵی ڕابردوو، نیوەی پێداویستیی کارەبامان لە مۆلیدەکان وەرگرتووە. مۆلیدەکان جگە لە تێکدانی سیمای گەڕەک و شارەکان بە تۆڕە جەنجاڵەکانیان، بارقورسییەکی گەورەشیان لەسەر گیرفانی هاوولاتیان دروست کردووە**

**جیهان لە هەوڵی ئەوەدایە لە بەکارهێنانی گازی سرووشتییەوە وەرچەرخان دروست بکات و بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، وزەی خاوێن (وزە نوێبووەوەکان) بەکار بهێنێت**

**ئێستا لە کوردستانیش ئۆتۆمبێلی کارەبایی هەیە و شەحن دەکرێتەوە و بەکار دەهێنرێت**

**یاداشتنامەیەکمان پێشکەشی بەڕێز وەزیری کارەبا کرد، بۆ ئەوەی خەڵک سیستمی سۆلەر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنن، ئەمەش بە جۆرێك کە کارەبای بەرهەمهێنراوی سۆلەر تێکەڵی کارەبای نیشتمانی بکرێت**

پێشنیاری ئەوەم کرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەبێت بۆ هاوبەشە گەورەکانی کارەبا، بۆ ئەوەی هەموو هاوبەشە گەورەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لەیەك بەڕێوەبەرایەتیدا کۆبکرێنەوە.بۆ ئەوەی بە ئاسانی کۆنتڕۆڵ بکرێن و ڕێگری لە بەفیڕۆدانی وزەی زۆری کارەبا بکرێت.

لایەنێکی دیکە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، کۆکردنەوەی پارە و داهاتی کارەبایە، ئێمە لە سەرانسەری کوردستان هاوبەشێکی زۆرمان هەیە، ئەگەر ئێمە سیستمێکی کۆکردنەوەی داهات «الجبایة»ی زۆر باشمان نەبێت و نرخێکی گونجاومان نەبێت، ئەوا کەرتی کارەبا، ئێمە تووشی خەرج و قەرز و بەهەدەردانێکی زۆری دارایی کردووە و دەیکات.

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو بوودجە گەورەیە بکەین کە باس دەکرێت لە عێراقدا بۆ کارەبا تەرخان کراوە و کێشەی کارەباش چارەسەر نەکراوە، دەبینین باس لە «٧٠- ٩٠» ملیار دۆلار دەکرێت. پرسیار ئەوەیە ئەم پارەیە لە چیدا خەرج کراوە؟ بێگومان سێ تەوەری سەرەکی ئەم پارەی بردووە کە بریتین لە:

١. بەشی هەرە زۆری بۆ ئەو سووتەمەنییە خەرج کراوە کە کارەبای پێ بەرهەم هێنراوە.

٢. بەشێکی کڕینی کارەبا و وەك قەرەبوو دەدرێتە ئەو وەبەرهێنەرانەی کە وەبەرهێنانیان لە کارەبا کردووە، بەڵام کارەباش بەرهەم ناهێنرێت.

٣. بەشێکی لە دروستکردنی ژێرخانی کارەبا وەك «تۆڕەکانی گواستنەوە و تۆڕەکانی دابەشکردنی» کارەبا خەرج کراوە، کە ئەمەیان دەمێنێتەوە و بەهەدەر نەچووە.

مەبەستم لە ئاماژەکردنم بە کارەبای عێراق، ئەوەیە ئەگەر بە سیاسەت و پلانێکی تۆکمە مامەڵە لەگەڵ سێکتەری کارەبا نەکرێت، ئەوا ئەو سێکتەرە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نەزیفی دارایی لە وڵاتدا. بۆیە دەبێت بەدوای ڕێگەی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بگەڕێین.

**● بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزە نیوبووەکان**

دوای خانەنشین بوونم وەك فەرمانبەری وەزارەتی کارەبا، وەك خۆشەویستییەك بۆ پیشەکەم و بۆ ئەوەی لێی دوور نەکەومەوە، ڕێکخراوێکم دامەزراند بە ناوی «ڕێکخراوی وزە و گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پاراستنی ژینگە«، ئامانجمان لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ئەوە بوو، ئێمەش لە کوردستان لە پێشکەوتن و وەرچەرخانە جیهانییەکان دوانەکەوین. پێشتر ئاماژەم بەوە کرد لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، جیهان لە بەکارهێنانی سووتەمەنیی شلەوە وەرچەرخانی دروست کردووە بۆ بەکارهێنانی گازی سرووشتی، لە ئێستاشدا جیهان لە هەوڵی ئەوەدایە لە بەکارهێنانی گازی سرووشتییەوە وەرچەرخان دروست بکات و بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، وزەی خاوێن (وزە نوێبووەوەکان) بەکار بهێنێت، لەمەشدا پێشکەوتنی بەرچاو هاتووەتە پێشەوە هەموومان دەبینین بۆ چەندین هۆکاری گواستنەوە وەك شەمەندەفەر، ئۆتۆمبێل، ئێستا بوونەتە کارەبایی و بە کارەبا دەڕۆن، ئێستا لە کوردستانیش ئۆتۆمبێلی کارەبایی هەیە و شەحن دەکرێتەوە و بەکار دەهێنرێت. بۆیە هاوشانی ئەم پێشکەوتنانە ئەگەر ئێمە هەر وزە کۆنەکان بەکار بهێنین، مانای وایە ئەو ئامانجە گەورەیە نەپێکرا کە ئومێدی بۆ دەخوازین. بۆیە دەبێت برەوی زیاتر بە وزەی خاوێن بدەین.

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو بەکارهێنانی وزەی خاوێن هەڵبگرین، ئێمە وەك ڕێکخراوەکەی خۆمان ئەوەمان سەلماند، کە ئەم کارە مەحاڵ نییە و دەکرێت، بۆیە پێشنیارێك و وەك یاداشتنامەیەکمان پێشکەشی بەڕێز وەزیری کارەبا کرد، بۆ ئەوەی خەڵك سیستمی سۆلەر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکار بهێنن، ئەمەش بە جۆرێك کە کارەبای بەرهەمهێنراوی سۆلەر تێکەڵی کارەبای نیشتمانی بکرێت، ئەوەی زیاد بەرهەمی هێناوە، کارەبای نیشتمانی سوودی لێ وەربگرێت و پاشان هاووڵاتی ئەو کارەبایەی داویەتی وەری بگرێتەوە، ئەم سیستمە قۆناغی زۆر باشی بڕیوە، بەڵام لە شارەکانی نیشەجێبوون ئیشکالیەتێك هەیە، لەبەر ئەوەی پێوەرەکانی کارەبایان پێوەری کۆمپانیاکەن و پێوەری وەزارەتی کارەبا نین، بۆیە نەتوانراوە سوود لەو کارەبا زیادە وەربگرن کە بە ڕێگەی سیستمی سۆلەر بەرهەم دەهێنرێت.

بەکارهێنانی سیستمی سۆلەر بۆ بەرهەمهێنانی

**سیستمی سۆلەر بۆ گەرمکردنی ئاو بەکار دەهێنم، لە سائێکدا ٣٠٠ ڕۆژ من پێویستم بە تەنیا یەک ئەمپێریش نییە بۆ ئەوەی ئاوی پێ گەرم بکەم**

**نزیکەی ٩٥ هەزار باخ و ڤێلامان هەیە، زۆربەی ئەم باخ و ڤێلایانە جاری وا هەیە لە مانگێکدا، یان تەنانەت لە شەش مانگ جارێکدا تەنیا یەک جار خاوەنەکەی بەکاری هێناوە، بەڵام گڵۆپ و ئامێرەکانی دیکەی وەک سەلاجە و موجەمیدە کاریان کردووە**

**لە وڵاتی ئوردن هەر هاووڵاتیایەک زیدەڕۆییەکی بچووک لەسەر کارەبا بکات، بە ١٠٠٠ دیناری ئوردنی سزا دەدرێت، کە دەکاتە ١٣٠٠ دۆلار**



کارەبا، لۆدێکی زۆر گەورە لەسەر کارەبا کەم دەکاتەوە. من وەك ئەزموونی خۆم سیستمی سۆلەر بۆ گەرمکردنی ئاو بەکار دەهێنم، لە ساڵیکدا ٣٠٠ ڕۆژ من پێویستم بە تەنیا یەك ئەمپێریش نییە بۆ ئەوەی ئاوی پێ گەرم بکەم، بۆیە ئێمە دەتوانین ڕێگەی دیکە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی لۆدی سەر بەرهەمهێنانی کارەبا کەم بکەینەوە، هەروەها هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵك پێویستی بەو هەموو یەکەی کارەبایە نەبێت کە ڕۆژانە بەکاری بهێنێت.

**● ڤێلا و باخەکان کارەبایەکی زۆر بەکار دەهێنن و زۆربەی کاتیش چۆڵن**

بەپێی دیراسەتێك کە کاتێك من وتەبێژی وەزارەت بووم و، هەرسێ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای «هەولێر، سلێمانی، دهۆك» کردوویانە، ئێمە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان، نزیکەی ٩٥ هەزار باخ و ڤێلامان هەیە، زۆربەی ئەم باخ و ڤێلایانە جاری وا هەیە لە مانگێکدا، یان تەنانەت لە شەش مانگ جارێکدا تەنیا یەك جار خاوەنەکەی بەکاری هێناوە، بەڵام گڵۆپ و ئامێرەکانی دیکەی وەك سەلاجە و موجەمیدە کاریان کردووە. بۆیە پێشنیاری ئەوەمان کردووە، نرخێکی تایبەت بۆ کارەبای ڤێلا و باخەکان دابنرێت، بۆ ئەوەی بەو جۆرە کارەبا بەفیڕۆ نەدرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بەشێك لەو کارەبایە بگەڕێتەوە و خەڵکی دیکە لێی سوودمەند بن. بێگومان ئەمانە هەموویان زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی کارەبا بەهایەکی گرنگی هەیە. لە زۆربەی وڵاتان سەرپێچیی سەر تۆڕەکانی کارەبا سزای زۆر قورسی بۆ دانراوە. کاتی خۆی شاندێکی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی ئەمریکا سەردانیان کردین و ئەوەیان پشتڕاست کردەوە، کە لای ئەوان سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا وەك تاوان هەژمار دەکرێت و سەرپێچیکار ڕووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە، هەروەها لە وڵاتی ئوردن هەر هاووڵاتیایەك زیدەڕۆییەکی بچووك لەسەر کارەبا بکات، بە ١٠٠٠ دیناری ئوردنی سزا دەدرێت، کە دەکاتە ١٣٠٠ دۆلار، بۆیە ئێمە دەبێت ڕێوشوێنیکی پێویست بۆ ڕێگرتن لە سەرپێچیی سەر تۆڕەکانی کارەبا و زیدەڕۆیی و بەفیرۆدانی کارەبا بگرینە بەر.



## ئەندازیار یاسین حەسەن

بەڕێوەبەری پلان و لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی کارەبا:

# نرخی گونجاو مانای ئەوەیە دەبێت کەمترین نرخ دیاری بکەن بۆ کەمترین ئاستی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان

ئەندازیار یاسین حەسەن، بەڕێوەبەری پلان و لیکۆڵینەوەیە لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بڕوانامەی ماستەرەی لە بواری مەزندەکردنی لۆد «Load forecast-ing» لە ئەندازیاریی کارەبادا هەیە و ناونیشانی ماستەرنامەکەشی «تۆڕەکانی کارەبای هەرێم، پێشبینیی خواستی کارەبا لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٢٥» بووە، بەشداریی لە بەرنامەکانی حکومەتی ئەمریکادا کردووە و کاری لەسەر وزەی پێویست – energy efficiency» و هەروەها «وزە نوێبووەکان - energy renewable» کردووە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یەکێك بووە لەو ئەندازیارانەی کە بەشدار بووە لە دانانی ماستەرپلانی وەزارەتی کارەبا بۆ ١٠ ساڵی داهاتوو. لەگفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

لەم گفتوگۆیەدا بەڕێزانی پێش من زۆر شتیان باس کرد، بۆیە من کێشەکانی سێکتەری کارەبا لە دوو خاڵدا چڕ دەکەمەوە:

١- پەیوەندیی بە خستنەڕوو و خواست «sup-ply and demand» لەسەر کارەبا هەیە.

٢- پەیوەندیی بە سیستمی نرخی کارەبا «Tariff system» هەیە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان «خستنەڕوو و خواست»، ئێمە لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر جەختمان لەسەر «خستنەڕوو» واتە ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بڕە کارەبایەی بەرهەم دەهێنرێت بگاتە ئاستی ئەو خواستەی کە هاووڵاتیان پێویستیان پێیەتی، بەڵام ئێستا هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە و هەرگیز ناگەینە ئەو خاڵەی کە بەرهەمهێنان

بگاتەوە خواست، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت بەوجۆرە کار بکەین، کە خواست کەم بکەینەوە، بۆ ئەوەی بگاتەوە بە ئاستی بەرهەمهێنان، بۆ ئەمەش دەبێت کار لەسەر لایەنی ڕێکخستنەوە و بەڕێوەبردنی خواست «Demand Side Management» بکەین، ئەمەش بەو مانای هاووڵاتیان هان بدەین خواستیان لەسەر کارەبا لەگەڵ بەرهەمهێنانی کارەبادا بگونجێنن، یان پەنا بۆ سەرچاوەی دیکەی وزە ببەن و بەشێکی پێداویستییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن.

لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەبێت ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە لە قۆناغی بەرهەمهێنان «supply» تا دەگاتە دەستی هاووڵاتیان «demand»، بەشێکی زۆری کارەبای بەرهەمهاتوو ون دەبێت کە بە ٤٠٪ دەخەمڵێندرێت، ئەمە بەشێکیان بە هۆکاری هونەرییە کە ئەمەیان ئاساییە، بەڵام بەشە گەورەکەی بە هۆی هونەرییەوە نییە، بەڵکو لە ئاکامی ئەو فرتوفێڵە ون دەبێت کە لە تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا دەکرێن.

١- بێگومان بە جێبەجێکردنی دانانی پێوەری زیرەك کە یەکێکە لەو پرۆژە گرنگ و ستراتیژییانەی وەزارەتی کارەبا کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا جێبەجێی کردووە، کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی کارەبا دروست کرد، پرۆژەی ڕووناکییش لەسەر بناغەی دانانی پێوەری زیرەك بونیاد نراوە، ڕاشکاوانەتر واتە پرۆژەی ڕووناکی چنینەوەی بەرهەمی دانانی پێوەری زیرەکە، ئەوجا لێرەدا ئەو پرسە دێتە پێشەوە کە لە خاڵی دووەم «پەیوەندی بە سیستەمی نرخی کارەبا «Tariff system»ـەوە هەیە، کە ئاماژەم پێ کرد.

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەم پرسە گرنگە، دەمەوێت هەندێك قسەی دیکە لەسەر بەرهەمهێنان «supply» بکەم، لەسەر ئەم پرسە و بەپێی داتاکانی کۆنترۆڵی کارەبا، خواستی هاووڵاتیان لەسەر کارەبا حەوت هەزار میگاواتە، بەڵام ئەم ژمارانە ڕاستەقینە نین و کەم دەبنەوە ئەگەر کارەبای بەردەوام بدەین، هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە لە ماستەرپلاندا مەزەندەمان کردووە بە ٥,٨ هەزار میگاوات، ئەگەر پرۆژەی ڕووناکییش بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، بێگومان خواست لەسەر کارەبا لەوە ڕێژەیەش دێتە خوارەوە.

لە ئێستادا توانای بەرهەمهێنانمان حەوت هەزار میگاواتە، ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ پێنج هەزار میگاوات، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی توانای ژێرخانی بەرهەمهێنانی «Installed capacity» مان ٨,١ هەزار مێگاواتە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە بەرهەمهێنانی ڕاستەقینەدا «Operational capacity» ئەگەر سووتەمەنیی تەواویش بگاتە وێستگەی کارەبای دهۆك، ئەوا هەر دەگاتەوە ڕێژەی ٦٥٪، واتە ئەو پێنج هەزار مێگاواتەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو ڕێژەیەی کارەبا لە ئێستا بەرهەمی دەهێنن، بەشی خواستەکانی ئێستا دەکات، بەڵام بۆ داهاتوو دەبێت ڕێژەکە زیاتر بکەین.

لێرەوە دێمە سەر پرسی دەسکاریکردنی نرخ «Tariffs system»

ئەگەر سەیری سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانە بکەین کە کۆمپانیا ڕاویژکارییەکان بۆ کەرتی کارەبای هەرێم ئامادەیان کردووە، وەك ماستەرپلانی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی «Parsons Brinckerhoff»، و ڕاپۆرتی نەخشەڕێگەی چاکسازیی کەرتی کارەبا کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠١٧ ئامادە کراوە، کە سەرجەمیان باس لە گرنگیی نرخی وزەی کارەبا دەکەن لەسەر دابەزاندنی خواستی کارەبا وەك بەشێك لە چارەسەر و گەیشتن بە کارەبای بەردەوام.

ڕاپۆرتی نەخشەڕێگەی چاکسازیی کەرتی کارەبا بۆ چاکسازی لە نرخی کارەبا پێمان دەڵێت، شێوازی دیاریکردنی نرخی کارەبا» «Tariffs system» ی ئێمە ٦-٧ ستێپە، دەبێت کەم بکرێتەوە بۆ ٣-٤ ستێپ، هەروەها دەبێت پارەی تێچووی کارەبا «coast recovery» لە ماوەیەکی زەمەنیدا و بە چەند قۆناغێك هەوڵ بدرێت لە هاووڵاتیان وەربگیرێتەوە، ناکرێت یەکسەر هاووڵاتی بخەیتە ژێر ئەو بارەی هەموو پارەی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبای لێ وەربگیرێتەوە، هەر بۆیە ئەگەر ئێمەش لە پرۆژەی ڕووناکیدا بمانەوێت نرخی کارەبا بەو جۆرە دابنێین کە نرخی تێچووی بەرهەمهێنانی

**ئەگەر پرۆژەی ڕووناکییش بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بکرێت، بێگومان خواست لەسەر کارەبا لەوە ڕێژەیەش دێتە خوارەوە**

**ئەو ڕێژەیەی کارەبا لە ئێستا بەرهەمی دەهێنن، بەشی خواستەکانی ئێستا دەکات، بەڵام بۆ داهاتوو دەبێت ڕێژەکە زیاتر بکەی**

**ئەگەر ئێمەش لە پرۆژەی ڕووناکیدا بمانەوێت نرخی کارەبا بەو جۆرە دابنێین کە نرخی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا بە یەکجار بگێڕینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین**

**لە ماوەی پێنج ساڵدا دەتوانین بگەینە ئەو ئاستەی هەموو پارەی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا وەربگرینەوە**

**بێگومان نرخی گونجاویش مانای ئەوەیە دەبێت کەمترین نرخ دیاری بکەیت بۆ کەمترین ئاستی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان، بۆ ئەوەی بگاتە دەستی ئەو خەڵکانەش کە ئاستی دەرامەتیان نزمە**

**کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست بۆ فەرمانبەرێکی بێ بڕوانامە بە ٣٥٠ هەزار دینار دەکات و دایدەمەزرێنێت، دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکات ئەو فەرمانبەرە لە مانگێکدا ئەوە مووچەکەیەتی**

**بە تێڕوانینی من زۆر جار کە بڕیاری نادروست و شاش دەدرێت، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە نەمانتوانیوە سیاسەتێکی ڕاست بۆ حکومەتی خۆمان دابڕێژین**

**گرنگترین هۆکار کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی، ئەوەیە کە دەبێت خەڵک پێشوازی و پشتیوانی لەم پرۆژەیە بکات**

کارەبا بە یەکجار بگێڕینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین.

دەستکاریکردنی نرخی کارەبا « Tariffs system» بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ئاماژەم پێ کرد، دەبێت ٣- ٥ ساڵ کاتی پێویست بێت، ئەمەش بەو مانایەی ئێمە ڕێژەیەك نرخ بەرز دەکەینەوە بۆ قۆناغێك کە ماوەی شەش مانگ دەبێت، لە قۆناغی دووەمدا ڕێژەیەکی دیکە بەرز دەکەینەوە، ئەمە بەو مانایەی لە ماوەی پێنج ساڵدا دەتوانین بگەینە ئەو ئاستەی هەموو پارەی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا وەربگرینەوە.

خاڵێکی دیکە گرنگە کە لەگەڵ پرسی دەستکاریکردنی نرخی کارەبادا ڕەچاو بکرێت، ئەوەیە کە لە یاسای وەزارەتی کارەباشدا هاتووە کە لە کاتی دانانی نرخی کارەبا، دەبێت بە جۆرێك بێت نرخەکە لەگەڵ گوزەرانی خەڵك بگونجێت و بارقورسی دروست نەکات، هەروەها ئامانجێکی دیکەش هەیە کە دەبێت لەگەڵ ئامانجی حەوتەم لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام «Sustainable Development Goals»یەك بگرێتەوە، کە ئەویش ئەوەیە «مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە وزەی خاوێنی بە نرخێکی گونجاوی دەست بکەوێت»، بێگومان نرخی گونجاویش مانای ئەوەیە دەبێت کەمترین نرخ دیاری بکەیت بۆ کەمترین ئاستی بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان، بۆ ئەوەی بگاتە دەستی ئەو خەڵکانەش کە ئاستی دەرامەتیان نزمە، هەر بۆیە کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەست بۆ فەرمانبەرێکی بێ بڕوانامە بە ٣٥٠ هەزار دینار دەکات و دایدەمەزرێنێت، دەبێت ئەوەش ڕەچاو بکات ئەو فەرمانبەرە لە مانگێکدا ئەوە مووچەکەیەتی.

لە ئێستادا پشتگیریی حکومەت بۆ کرێی کارەبای ماڵان دەگاتە ٨٥٪، دەکرێت ئەم پشتگیرییە لە ساڵی یەکەمدا کەم بکرێتەوە بۆ ٧٠٪، بەم شێوەیە ساڵ لە دوای ساڵ کەم بکرێتەوە، کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەگاتە ئەو ئاستەی تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا وەربگیرێتەوە.

لە ئێستادا هیچ کەسێك بەتەنیا ناتوانێت پێشنیاری نرخێکی دیارکراو بۆ کارەبا بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دانانی نرخ سیستمی «Tariffs system»، دروستکردنی سیاسەتە پێویستی بە تایبەتمەندیی جیاواز دەبێت وەك «ئەندازیاری کارەبا، پلاندانەر، ئابووریناس، کۆمەڵناس و.. هتد»، بۆ ئەوەی ئەمانە هەموویان پێکەوە بتوانن نرخێکی گونجاو و ماقووڵ دابنێن کە هاووڵاتی بتوانێت پارەی کارەباکەی بدات و ئەرکی سەرشانی زۆر قورس نەکات. ڕاشکاوانەتر لە ئینگلیزیدا دەربڕینێك هەیە پێی دەڵێن «براوە – براوە win-win»، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك دوولایەن پێکەوە ئیش دەکەن، هەردوولا خۆیان بە براوە بزانن، بۆیە دەبێت ئێمەش کارێك بکەین کە هەردوولا «حکومەت و خەڵك» لەم پرۆسەدا براوە بن، ئەمەش بە دانانی نرخێکی گونجا بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی گوزەران و بژێوی هاووڵاتیان دەکرێت.

بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی گەورەی وەك پرۆژەی ڕووناکی سەرکەوتوو بێت، دوو پرۆسە هەیە، پێویستە بە درووستی کاربکەن، یەکەمیان «سیاسەت دروستکردن- Policy Making – دەبێت ببێتە ژێرخانی دووەمیان «بڕیار دروستکردن – Decision Making»، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتە دروستەدا بڕیارێکی دروست بدرێت، هەر بۆیە ئێمە کاتێك دەمانەوێت سیاسەتێکی دروست بۆ کارەبا، یان دانانی نرخی کارەبا دابنرێت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بین بڕیاربەدەستان «سەرۆکی حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران» لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی ئێمە دروستمان کردووە، ئەوان بڕیار دروست دەکەن، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە سیاسەتێکی دروست دانەڕێژین ئەوا ئەوانیش ناتوانن بڕیارێکی دروست بدەن، بە تێڕوانینی من زۆر جار کە بڕیاری نادروست و شاش دەدرێت، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە نەمانتوانیوە سیاسەتێکی ڕاست بۆ حکومەتی خۆمان دابڕێژین.

گرنگترین هۆکار کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی، ئەوەیە کە دەبێت خەڵك پێشوازی و پشتیوانی لەم پرۆژەیە بکات، بۆیە ئەگەر ئێمەش ڕەچاوی باری گوزەرانی خەڵك نەکەین و لە پڕ نرخەکە بە شێوەیەکی بەرچاو

بەرز بکەینەوە، بێگومان خەڵکەکە تووشی شۆك دەبێت و ناتوانێت پارەی کارەبا بدات، پرۆسەکەش سەرکەوتوو نابێت.

خاڵێکی دیکە کە بۆ خەڵك زەحمەت دەبێت بە یەکجار نرخی کارەبای لەسەر زیاد بکرێت، ئەوەیە کە کوالیێتیی جۆری لە ساڵانی ڕابردوو بە باشی کاری خۆی نەکردووە، کە سەیری بازاڕەکانی خۆمان دەکەین، پڕیان کردووە لە کەلوپەل و ئامێری بێ کوالیێتی، بەتایبەتی سپلیت، بۆیە ئەگەر زیادکردنی کرێی کارەبامان بەسەر چەند ساڵێکدا دابەش کرد و ئەم بەڵێنەی سەرۆکی حکومەت جێبەجێ بکرێت و بیرمان نەچێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون ئەنجاممان داوە، بە شێوەیەکی تێکڕایی بۆ هەر کیلۆوات کاژێرێك (تا ئاستی ١٢٠٠ کیلۆوات کاژێر لە مانگێکدا) بڕی ٩٠ دینار دراوە بە هەردوو سەرچاوەی کارەبای نیشتمانی و موەلیدە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە لە ڕابردوودا ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا بۆ تاکێکی هەرێمی کوردستان زیاتر بووە لە هەمان ڕێژە بۆ تاکێك لە چەندین وڵات، لەوانە

**دەبێت ئاگامان لەو بەڵێنە بێت کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەڵکی داوە و پێی گوتوون: «ئێمە ئەو نرخەی بۆ کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی دایدەنێین، کەمتر دەبێت لەو پارەیەی کە پێشتر هاووڵاتیان بە کارەبای «موەلیدە و نیشتمانی» یان داوە**



قۆناخغ بە قۆناغ هەنگاومان بۆ هەڵگرت، ئەوا خەڵکە کە ئامێری خراپ، یان ئەو ئامێرانەی کە کارەبایەکی زۆریان دەوێت، دەتوانێت هەر ساڵەی ئامێریکیان بگۆڕێت و بە چەند ساڵێك لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیەدا ڕادێت.

دوایین خاڵ کە گرنگە دووبارە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە دەبێت ئاگامان لەو بەڵێنە بێت کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەڵکی داوە و پێی گوتوون: «ئێمە ئەو نرخەی بۆ کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی دایدەنێین، کەمتر دەبێت لەو پارەیەی کە پێشتر هاووڵاتیان بە کارەبای «موەلیدە و نیشتمانی» یان داوە، بۆیە دەبێت ئێران و تورکیا، کە هۆکاری سەرەکی ئەوە بووە کە لە لایەك کارەبا هەرزان بووە و لەلایەکی دیکەش هۆکاری دیکە بەردەست نەبووە بۆ گەرمکردنەوە لە زستاندا بە نرخی گونجاو، لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دنیای ئەمڕۆدا چەندین ڕێگای دیکە هەیە بۆ گەرمکردنی ئاو و گەرمکردنەوەی ماڵەکان کە جێی کارەبای گرتووەتەوە و لەڕووی ئابوورییەوە لە بەرژەوەندیی گشتییە، لەم ڕوانگەیەوە پێشنیار دەکەین کە هاوتا لەگەڵ دەستکاریکردنی نرخی کارەبا، هۆکاری دیکەی گەرمکردنەوە لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری بکرێت وەك غاز و نەوت و سیستەمەکانی وزەی خۆر.

**پێشنیار دەکەین کە هاوتا لەگەڵ دەستکاریکردنی نرخی کارەبا، هۆکاری دیکەی گەرمکردنەوە لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری بکرێت وەک غاز و نەوت و سیستەمەکانی وزەی خۆر**



**ئەندازیار ئومێد ئەحمەد**

بەڕێوەبەری کۆنتڕۆڵی کارەبای هەرێم و گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان:

# پڕۆژەی ڕووناکی پرسێکی نیشتمانییە و بە پشتگیریی هەمووان سەرکەوتوو دەبێت

ئەندازیار ئومێد ئەحمەد بەڕێوەبەری کۆنتڕۆڵی کارەبای هەرێم و گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یەکێکە لەو ئەندازیارانەی کە خاوەنی ئەزموونێکی کەڵەکەبووە لە سێکتەری کارەبادا، هەروەها توێژینەوەی زۆر وردی لەسەر گرفتەکانی کارەبا، هەر لە کابینەی یەکەم تا کابینەی نۆیەمدا کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی سێکتەری کارەبا و سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕووناکی خستە ڕوو.

سەرەتا دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، بۆ سازکردنی ئەم گفتوگۆیە «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، کە لەم کاتەدا قسە و باسێکی زۆر لەسەر پرۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان دەکرێت. ئەم پرۆژەیە یەکێکە لە گرنگترین پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان و یەکێکە لە کارە باشەکان، کە مەبەستمانە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ کارەبای سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکەینە ٢٤ کاتژمێری، کە داوا و خەونێکی هەموو هاونیشتمانییان بووە، بۆیە من داوا لە حزبە سیاسییەکانی دیکە و کۆی کەناڵەکانی میدیا و سەندیکا و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی و چین و توێژەکانی دیکە دەکەم، پاڵپشتیی ئەم پرۆژەیە بکەن و هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەبا بکەن و لە گرنگیی پرۆژەی ڕووناکی بەرچاوڕوونی بدەن و، ئەم پرۆژەیە وەك پرسێکی نیشتمانی و چارەسەرێکی بنەڕەتی سەیر بکەن.

کرۆکی ئەم گفتوگۆیەش دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری پرۆژەی ڕووناکیدا چڕ بووەتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە وەك ئاکامی هاوبەشی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان، ئەوەیە هەمووان لەسەر ئەوە کۆکین کە پرۆژەی ڕووناکی پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژی و نیشتمانییە و هاووڵاتیانی کوردستان چەندین ساڵە هیواخوازی ئەوەن کارەباکەیان ببێتە ٢٤ کاتژمێری و ئەو کێشەیە لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت، هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆك بووین کە خاڵی گرنگ بۆ سەرکەوتنی پرۆژەی ڕووناکی ئەوەیە کە خەڵك پێشوازیی لێ بکات و پشتگیریی بکات. بۆ ئەوەی ئەم ئامانجەی نێوان هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان بهێنینەدی، ئەوا پێویستمان بەوە دەبێت لەسەر چەندین بڕگەی گرنگ وەك تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا، سیاسەتی کەمکردنەوەی پاڵپشتیی حکومەت بۆ نرخی کارەبا، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی کارەبا، ڕەچاوکردنی بژێویی خەڵك و ...هتد»، هەموو ئەمانە پێویستی بەوە دەبێت کە گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت و پێشنیار و میکانیزمی تازە بخەینەڕوو بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە دروستە بدرێت کە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیاندایە و، باری سەرشانی حکومەتیش لە تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا کەم دەکاتەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەموو گۆڕانکارییەك پێویستی بەوە بووە کە خەڵك خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکەدا بگونجێنێت، ئەو گۆڕانکارییانەی دێنە پێشەوە مەرج نییە وەك پرۆژەی ڕووناکی پێویستی بە خۆگونجاندنی ئابووری بێت، گۆڕانکاری دێتە پێشەوە بۆ نموونە وەك پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، گۆڕینی حکومەت بۆ دیجیتاڵی، ئەمانە هەمووی کاردانەوە و شۆك دروست دەکەن و ماوەیەکی دەوێت تا خەڵك خۆی لەگەڵ دەگونجێنێت، بۆیە ئەم پرۆژەیەش ماوەیەکی دەوێت تا خەڵك لەگەڵی ڕادێت، وابزانم ئالێرەدا ڕەچاوی ئەو قۆناغەی خۆگونجاندنیش دەکرێت.

خاڵی سەرەکی کە لەم گفتوگۆیەدا جەختی لەسەرکرایەوە و لە میدیا و سۆشیال میدیا قسەی زۆر لەسەر دەکرێت، پرسی تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەبایە «Cost recovery»، لەسەر ئەم خاڵە من دەتوانم گەواهی بۆ بەڕێز وەزیری کارەبا بدەم کە لەگەڵ تیمی سەرۆك وەزیران بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکی، ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و ڕایگەیاند، مەرج نییە بە یەك قۆناغ هەموو تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبا وەربگرینەوە، بەتایبەتی ئەم گۆڕانکارییە لەناکاو گۆڕانکاری «suden change» لە ژیانی خەڵکدا دروست دەکات و، بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا نەك تەنیا هەرێمی کوردستان، هەر لە سەردەمی پادشایەتییەوە هەتا ئێستا هەموو کات حکومەت پشتگیری و پاڵپشتی زۆری تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبای کردووە و بەتێچوونێکی بەرز بەرهەم

**مەبەستمانە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ کارەبای سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بکەینە ٢٤ کاتژمێری، کە داوا و خەونێکی هەموو هاونیشتمانییان بووە**

**بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا نەک تەنیا هەرێمی کوردستان، هەر لە سەردەمی پادشایەتییەوە هەتا ئێستا هەموو کات حکومەت پشتگیری و پاڵپشتی زۆری تێچووی بەرهەمهێنانی کارەبای کردووە**

**لەم پرۆژەیەدا زۆر گرنگە لەسەرخۆ هەنگاو هەڵبگرین و قۆناغ بە قۆناغ پرۆسەکە بەرەوپێشەوە ببەین، تا خەڵک بە تەواوەتی لەگەڵی ڕادێت**

**بە گرنگی دەزانین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان بێنە ناو ئەم پرۆسەیە و هاوکارمان بن و لەگەڵ ئێمە بیر بکەنەوە و پێشنیار و میکانیزمی جیاوازمان بۆ بخەنەڕوو**

**پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی خزمەتی هەر هاووڵاتییەکی کوردستان دەکات، بەوانەشی هاووڵاتی کوردستان نین و لە کوردستان دەژین**

**کاتی ئەوە هاتووە هەموو پێکەوە بڵێین: «ئیتر بەسە بۆ کارەبای پچڕ پچڕ، بەسە بۆ جەنجاڵیی موەلیدە و پیسکردنی ژینگە**

**کرێکارانی کارەبا قوربانیی زۆریان بە گیان و بە لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەیان داوە، تا کارەبامان بۆ هەزارەها گوند ڕاکێشاوە و بە سەدان وێستگە و تۆڕی کارەبامان جێبەجێ کردووە**

**حکومەتی عێراق «٨٠-٩٠» ملیار دۆلاری بۆ سێکتەری کارە تەرخان کردووە، کەچی کێشەکەی بۆ چارەسەر نەکراوە**

هاتووە و بە نرخێکی هەرزان گەیشتووەتە دەستی هاووڵاتی، بۆیە ئێمەش لەم پڕۆژەیەدا زۆر گرنگە لەسەرخۆ هەنگاو هەڵبگرین و قۆناغ بە قۆناغ پرۆسەکە بەرەوپێشەوە ببەین، تا خەڵك بە تەواوەتی لەگەڵی ڕادێت.

خاڵێکی دیکە کە بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕووناکی زۆر گرنگە، ئەوەیە کە دەبێت ئەم پڕۆژەیە وەك پرسێکی نیشتمانی سەیر بکرێت، نەوەك بکرێتە پڕوپاگەندەیەکی حزبایەتی و هەر حزبەو بەپێی بەرژەوەندیی خۆی دژی بوەستێتەوە، کەسایەتییەکانی ناو سۆشیاڵ میدیاش بۆ بەدەستهێنانی فۆڵەوەر و ناوبانگ کە بۆ هەڵبژاردن و بابەتە سیاسییەکان پێویستیانە، ڕاستییەکان بەلاڕێدا ببەن.

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و لە لێدوانەکانیشماندا بۆ میدیا جەختمان لەسەر کردووەتەوە، کە دەبێت ئەو زەمینەیە دروست بکرێت بۆ ئەوەی کۆی لایەنە سیاسییەکان بەوانەی ئۆپۆزسیۆنن و بەوانەشی کە هاوپەیمانن لە دەسەڵاتدا، هەموویان بێنە ناو ئەم پرۆسەیە و بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتیان و چارەسەری کێشەی چەندین ساڵەی کارەبا لە ڕیزبەندی پێشەوەی مەبەست و مەرامەکانیان بێت، هەروەها بە گرنگی دەزانین ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکان بێنە ناو ئەم پرۆسەیە و هاوکارمان بن و لەگەڵ ئێمە بیر بکەنەوە و پێشنیار و میکانیزمی جیاوازمان بۆ بخەنەڕوو، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە بتوانین ئەم پڕۆژەیە سەربخەین، کە بەبێ جیاوازیی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی و حزبی و ئایدیۆلۆژیا، چارەسەری کێشەی کارەبا بۆ قازانج و سوودی هەموانە، پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی خزمەتی هەر هاووڵاتییەکی کوردستان دەکات، بەوانەشی هاووڵاتی کوردستان نین و لە کوردستان دەژین، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هەموو پێکەوە بڵێین: «ئیتر بەسە بۆ کارەبای پچڕ پچڕ، بەسە بۆ جەنجاڵیی موەلیدە و پیسکردنی ژینگە و...هتد»، پێویستە بە هەموان پشتگیریی ئەم پڕۆژە نیشتمانییە بکەین، چونکە ژینگەکەشمان پاك دەکاتەوە کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە گرنگییەوە کار لەسەر ژینگە دەکات و بۆ سەلامەتی و لایەنی تەندروستیی هاووڵاتیان گرنگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە.

پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبا وەرچەرخان لە سێکتەری کارەبادا دروست دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومەتیش گۆڕانکاریی لە سیاسەتی لەم سێکتەرە گرنگەدا بکات و پێداچوونەوەی پێدا بکات و لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەکە بیگونجێنێت. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لەسەر سێکتەری کارەبا بدەین، هەر لە کابینەی یەکەمەوە تا کابینەی نۆیەم، بەردەوام کارەبا کێشەی هەبووە. من خۆم دیراسەتم لەسەر سێکتەری کارەبا لە ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ـەوە تا ساڵی ٢٠١٩ کردووە و، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی دەیەم سێکتەری کارەبای کابینەی نۆیەمیش دەخەمە سەر ئەم دیراسەتەم، پاڵپشت بەو دیراسەتە دەتوانرێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە کارەبا بە چ بارودۆخێکی قورس و سەختدا تێپەڕ بووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام کاری کردووە و پارە و بوودجەیەکی زۆری لەم پێناوەدا خەرج کردووە، بەڵام دەرئەنجام ڕاستە لە بواری بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبادا کاری زۆر جوان و گەورە کراوە و تا ڕاددەیەکی زۆر باشیش ژێرخانی کارەبا بونیاد نراوەتەوە، لەم پێناوەشدا کرێکارانی کارەبا قوربانیی زۆریان بە گیان و بە لەدەستدانی ئەندامێکی جەستەیان داوە، تا کارەبامان بۆ هەزارەها گوند ڕاکێشاوە و بە سەدان وێستگە و تۆڕی کارەبامان جێبەجێ کردووە، توانیویشمانە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا جۆراوجۆر بکەین، بە هایدرۆپاوەر و سیستمی خۆر و وێستگەی غازی و هەڵمی و.. هتد، ئەمانە جێگەی پێزانین و دەستخۆشییە کە بەبێ ئەم ژێرخانە هەرگیز نەدەتوانرا پڕۆژەیەکی وا گرنگی وەکو پڕۆژەی ڕووناکی جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ هەموو ئەم پڕۆژانە کۆتا جار لەپێناو ئامانجە ستراتیژی و سەرەکییەکەیە کە ئەویش گەیشتنە بە کارەبایەکی ٢٤

کاتژمێری، بۆیە ئەگەر نەگەیشتووینەتە ئەم ئامانج و دەرئەنجامەش، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە کۆنترۆڵی خواستمان پێ نەکراوە، بۆیە هەمیشە بەرهەمهێنان بەراورد بە خواست لە دواوە بووە، تەنانەت ئەو کاتەی ژێرخانی بەرهەمهێنان وەکو ئێستا ئەوەندە زۆر بووە و بە چەندین سووتەمەنی بڕە کارەبایەکی زۆر بەرهەم هاتووە، بەڵام لەبەر زۆریی تێچوون و نەبوونی سووتەمەنیی پێویست هەر نەتوانراوە ئەو بڕە کارەبایە بەرهەم بهێنرێت، کارەبا پیادە بکرێت. ئێستا باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی عێراق «٨٠-٩٠» ملیار دۆلاری بۆ سێکتەری کارە تەرخان کردووە، کەچی کێشەکەی بۆ چارەسەر نەکراوە، هۆکاری سەرەکی بۆ ڕووخانی ژێرخانی کارەبای عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو ئامێری کارەبا و سپلیتە خراپانەی کە بەبێ کوالێتی کۆنترۆڵ دەهێنرێنە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوە دەبێت باشتر کوالێتیی جۆری

**هۆکاری سەرەکی بۆ ڕووخانی ژێرخانی کارەبای عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو ئامێری کارەبا و سپلیتە خراپانەی کە بەبێ کوالێتی کۆنترۆڵ دەهێنرێنە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە**



یان وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا هەموو یەکەکانی بەگەڕ بخرێت.

خۆشبەختانە کابینەی دەیەم مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ سێکتەری کارەبادا دەکات دوای ئەوەی لە کابینەی نۆیەم ئەم پڕۆژەی ڕووناکییەی دەستپێکرد و پێ دەنێتە قۆناغی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، لانی کەم لە بەشی هەرە زۆری شارە گەورەکانی کوردستاندا، ئەمەش ڕێگە ڕاستەکەیە بۆ بەیەکگەیشتنی خواست و بەرهەم لە خاڵێکدا کە ئەویش پڕۆژەی ڕووناکیی ٢٤ کاتژمێریی کارەبایە.

لەم قۆناغە وەرچەرخانەدا دەبێت سیاسەتێکی نوێی گشتگیر بۆ سێکتەری کۆنترۆڵ بکەین و ڕێگە نەدەین هەموو ئامێرێکی کارەبایی بەتایبەتی سپلیت کە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ فێنککردنەوە و خۆگەرمکردنەوە، بهێنرێنە کوردستان، هەروەها دەبێت لە قوتابخانەکاندا قوتابیان فێر بکرێن چۆن لە ماڵەکانیاندا مامەڵە لەگەڵ کارەبا بکەن و ڕێگە لە بەفیڕۆدانی کارەبا بگرن.

لە دوماهیێدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، پڕۆژەی ڕووناکی بە پشتگیریی هەمولایەکمان سەرکەوتوو دەبێت، پرسێکە پەیوەندیی بە هەر هاووڵاتییەکی کوردستانەوە هەیە و دەبێت وەك پرسێکی نیشتمانییش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

**دەبێت لە قوتابخانەکاندا قوتابیان فێر بکرێن چۆن لە ماڵەکانیاندا مامەڵە لەگەڵ کارەبا بکەن و ڕێگە لە بەفیڕۆدانی کارەبا بگرن**



## شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ :

# پێویستمان بە هەڵمەتێکی نیشتمانی هەیە بۆ ئەوەی کارەبا وەک پرسێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، کە ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ کێشە و گرفت و ڕەخنەی هاووڵاتیاندا دەکات و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانییان لەسەر دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لە دوایین کۆبوونەوەی بازنەی گفتوگۆ بۆ وەرگرتنی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی بیست و حەوتەمین گفتوگۆ «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان»، دوای گفتوگۆیەکی چڕ، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، بەشداربووانی گفتوگۆی ئەمجارە بە بەشداربووانی ڕاپۆرتی مەیدانییشەوە «پسپۆڕان و ئەندازیارانی کارەبا» بانگهێشت بکەین، ئەم قەناعەتە لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی بەرجەستە بوون:

یەکەم: سێکتەری کارەبا بوارێکی ئاڵۆزە، تۆڕێکە چەندین بەشی جیاواز پێکەوە گرێ دەداتەوە، هەروەها خزمەتگوزارییەکی هێندە پێویستیشە کە کۆی کۆمەڵگە و حکومەت پێکەوە گرێ دەداتەوە، بەڵام ئێمە لەسەر پرسی کارەبا ڕۆژانە تەنیا گوێبیستی ئەو ڕەخنە و گازندانە دەبین کە ڕووبەڕووی وەزارەتی کارەبا دەکرێتەوە.

دووەم: لە ئێستادا کە پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە جێبەجێکردندایە و لە سەنتەری شارەکان بە کردەیی لە کۆمەڵێك گەڕەکدا جێبەجێ کراون، قسە و مشتومڕێکی زۆر لەسەر دانانی نرخ دەکرێت، بۆ ئەمەشیان ئێمە دەزانین هاووڵاتیان داوای نرخی گونجاو دەکەن، مەبەستمان بوو بزانین لە ڕووە تەکنیکییەوە چۆن ئەو نرخە گونجاوە دەستنیشان دەکرێت.

ئامانجی «بازنەی گفتوگۆ» لەم گفتوگۆیەدا ئەوە بووکە باس لەو گرفتانەی سێکتەری کارەبا بکەین کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵ و لە سەرجەم کابینە یەك لەدوا یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، بەڵام بەشی هەرە سەرەکیی تەوەری گفتوگۆکە لەسەر ئەوە چڕ بووەوە، چۆن چارەسەری کێشەی کارەبا بکەین کە وەك پرسێکی نیشتمانی سەیر بکرێت و ئاستەنگان لە بەردەم ئەو پرۆسەیە لابەرین کە پێی

دەگوترێت «پڕۆژەی ڕووناکی»، کە ئامانجی ئەوەیە لە ماوەیەکی کورتدا کارەبای هەموو کوردستان بکرێتە کارەبای ٢٤ کاتژمێری.

لێرەوە پێش ئەوەی بێمە سەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کارەبا وەك پرسێکی نیشتمانی، ئاماژە بە دووخاڵی گرنگ دەکەم کە لەم گفتوگۆیە خرانە ڕوو:

١- ئەندازیار هۆشیار سیوەلی وەزیری کارەبا لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم و یەکەمین وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە حکومەتی عێراق ئەو بەشە کارەبایەی لە هەرێمی کوردستان بڕیوە کە پێشتر بۆ هەرێمی کوردستانی دەنارد، بەمەش تۆڕی کارەبای هەرێم و تۆڕی کارەبای عێراق لە یەکتری جیا بوونەوە، ئەرکەکە بە تەواوەتی خراوەتە سەر شانی حکومەتی هەرێم.

٢- ئەندازیار عادل ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری کارەبا، ئاماژەی بەوە کرد ئەو بوودجە گەورەیەی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی سێکتەری کارەبا تەرخانی کردووە، یەك دیناری بۆ سێکتەری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرج ناکرێت، لەمەش زیاتر حکومەتی عێراق نە هاوکاریی هەرێم دەکات بۆ دابینکردنی سووتەمەنی، نە هیچ وێستگەیەکی کارەباشی لە هەرێمی کوردستان دامەزراندووە، کە ئەمەش پێشێلکردنی هەردوو ماددەی «١٠٦ و ١١٤»ی دەستووری عێراقە و بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد.

مەبەستم لە ئاماژەکردنم بەم دووخاڵە ئەوە بوو کە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەباش وەك سەرچاوەیەکی دیکەی وزە وەك نەوت و گاز، بەشێکە لە دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی فیدراڵی، جیا لەوەی خۆی لەم بەرپرسیاریەتییە نیشتمانیە دزیوەتەوە و هەموو ئەرکەکەی خستووەتە سەر شانی هەرێمی کوردستان، ماوەی ١١ ساڵ زیاتریشە بە تەواوەتی بوودجەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی بڕیوە و بوودجەی بەکاربەریش ئەوەیە کە لە ناردنی مووچەی فەرمانبەراندا دەیبینین.

لە ناو ئەم ژینگە ئاڵۆز و ناسەقامگیرەی ئەو دەوڵەتە بەناو فیدراڵییەی پێی دەگوترێت عێراق، هەرێمی کوردستان کە دەست بەسەر سەرچاوەی داهاتەکانیدا دەگیرێت و ڕێگەی هەناردەکردنی نەوتی لێ دادەخرێت، ئێستا نەك هەر هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی و دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان، بەڵکو هاندان و پشتگرییش هەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان سوود لە سەرچاوەی وزەی خاوێن وەربگرن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لەمەش زیاتر کۆی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە یەك خاڵدا هاوڕا بوون، کە دەبێت پڕۆژەی ڕووناکی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کەم دەرامەت و مامناوەند بە سەرکەوتوویی هەنگاوەکانی خۆی تەواو بکات، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەم:

* وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاووڵاتیان داوە، دەبێت نرخی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی کەمتر بێت لەو پارەیەی کە پێشتر هاووڵاتیان بە کارەبای « مۆلیدە و نیشتمانی»یان داوە.

* بۆ ئەوەی نرخی کارەبا زیاتر دابەزێت، گرنگە حکومەت هاوکات لەگەڵ پڕۆژەی ڕووناکی، پڕۆژەیەکی دیکە ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە سیستمی سۆلەر بۆ هاووڵاتیان دابنرێت بە قەرزی درێژخایان.

* وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەرنامەی بۆ داناوە، کۆی سیستمی سۆلەری ماڵان تێکەڵی کارەبای نیشتمانی بکات، ئەو کارەبا زیادەی لە سیستمی سۆلەری ماڵانەوە دێتە ناو کارەبای نیشتمانی، لە کاتی پێویستدا بێ بەرانبەر بدرێتەوە بە هاووڵاتیان.

بێگومان خاڵ و بابەتی دیکەی زۆر ئەرێنی باس کران، بەڵام لەم چەند دێڕە کورتەدا جێگەیان نابێتەوە، بۆیە دێمە سەر ئەوەی ئێمە خۆمان چۆن مامەڵە لەگەڵ پڕۆژەی ڕووناکیدا بکەین:

١- بەداخەوە واقیعی ئێستای کوردستان بەو جۆرەیە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە زۆر بە توندی بە سیاسەتی حزبییانە بە سیاسی کراون، ویژدانی زیندووی نیشتمانپەروەری بە فەیك نیوزی ناو میدیا و سۆشیال میدیا داپۆشراوە، پێویستمان بە هەڵمەتێکی نیشتمانی هەیە بۆ ئەوەی کارەبا کە پەیوەندیی بە هەموو ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە، وەك پرسێکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

٢- لەم قۆناغەدا کە لە گەرمەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕووناکیداین لە پارێزگاکانی کوردستان، زۆر گرنگە ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان تەواوی فەرمانگاکانی وەزارەتی کارەبا و هۆیەکانی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکاندا دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام ڕوونکردنەوەی پێویست بدەن و خەڵك دوای درۆ و چەواشەکاریی سۆشیال میدیا نەکەوێت.

٣- گرنگە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، یان ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشتی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکات، بەوانەی لە ناو پەرلەمان و حکومەت و ئەوانەشی لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەتن، بۆ ئەوەی وەك پرسێکی نیشتمانی گفتوگۆ لەسەر ئەم سێکتەرە گرنگە بکەن، کە پەیوەندیی بە هەر تاکێکی کوردستانەوە هەیە.

**لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە حکومەتی عێراق ئەو بەشە کارەبایەی لە هەرێمی کوردستان بڕیوە کە پێشتر بۆ هەرێمی کوردستانی دەنارد**

**ئەو بوودجە گەورەیەی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی سێکتەری کارەبا تەرخانی کردووە، یەک دیناری بۆ سێکتەری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرج ناکرێت**

**حکومەتی عێراق نە هاوکاریی هەرێم دەکات بۆ دابینکردنی سووتەمەنی، نە هیچ وێستگەیەکی کارەباشی لە هەرێمی کوردستان دامەزراندووە**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی بە هاووڵاتیان داوە، دەبێت نرخی کارەبای پڕۆژەی ڕووناکی کەمتر بێت لەو پارەیەی کە پێشتر هاووڵاتیان بە کارەبای «مۆلیدە و نیشتمانی»یان داوە**



پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# کارەبای حکوومی بە نرخێکی زۆر کەم دراوە بە خەڵک، بۆیە هاووڵاتی ڕاهاتووە بە ڕەهایی بەکاری بهێنێت و دەستی پێوەنەگرێت

**پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆیە و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردیش گلۆپ چاپی ئینگلیزییە و مامۆستایە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە بیر و بۆچوون پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

هاووڵاتی و بەکاربەری هەر خزمەتگوزارییەك جۆرێکە لە ڕەفتاری بەکاربەر، ڕەفتاری بەکاربەر ئەمڕۆ زانستێکە دەخوێندرێت و بایەخی پێ دەدرێت، ئیتر بۆ هەر جۆرە بەکارهێنراوێك بێت، بیرکردنەوە و سایکۆلۆژیا و پەروەردە و کەلتوور ڕۆڵ دەبینن لەگەڵ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوشتەدا دەکات. کارەبا یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشی هاووڵاتی دەکرێت و پێداویستیی هەرە سەرەکییەتی، کە بۆ زۆرینەی کارەکانی لە ماڵەکەی، یان لە شوێنی کارەکەی پێویستیەتی، ئەم خزمەتگوزارییەش پشت بە هەردوو ئاستی دابینکردن و بەکارهێنان دەبەستێت، واتە چۆن و بە چ ڕێگەیەك دابین دەکرێت و سەرچاوەکەی چییە و کێ بەرپرسە لە دابینکردنی، کەرتی گشتی، یان حکوومی، یان تێچووی چەندە؟ سەبارەت بە بەکارهێنانیش، لە مێژوودا ئەو خزمەتگوزارییە چۆن دراوە بە خەڵك و پێداویستیی ڕابردوو هەنوکەی ئێستای خەڵك چییە، دەبێت کە دیراسە بکرێت؟ ئەگەر لە دابینکردنەوە بڕوانین لە مێژووی دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لەم هەرێمەدا، لە سەردەمی ڕژیمی پێشوو و سەردەمی حکومەتی هەرێم لای کەرتی گشتی بووە و ئەرکی حکومەت بووە، چەند ساڵێکە موەلیدە و کەرتی تایبەت بەشێکی دابین کردوە، تێچووی ئەو کارەبایەش کە حکومەت دابینی



کردووە، لە ئەستۆی حکومەتدا بووە و کارەبای حکوومی بە نرخێکی زۆر کەم دراوە بە خەڵك، بۆیە هاووڵاتی ڕاهاتووە بە ڕەهایی بەکاری بهێنێت و دەستی پێوەنەگرێت. لە سیستمی پەروەردە و کەلتووریشدا وەك وڵاتانی پێشکەوتوو خەڵك ڕانەهێنراون کە دەستی پێوە بگرن و بزانن ئەمە موڵکی گشتییە و دەبێت پارێزگاریی لێ بکەن. دەبێت ئەوەش بڵێین کە پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی بەشێکی پەیوەستە بە ناسنامە و خۆشەویستیی هاووڵاتییەوە بۆ خزمەتگوزارییەکە و بۆ نیشتمان، کە بەداخەوە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا هێندە زوڵم لە هاووڵاتی کراوە، هاووڵاتی دژی هەموو شتە گشتی و حکوومییەکان بووە، تەنانەت زۆرجار تۆڵە و ڕقی خۆی لە شتە گشتییەکان کردووەتەوە لە دژی حکومەت. لەسەردەمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیشدا ساڵانێکی کەم نەبێت کە خەڵك ئینتیما و ناسنامەی بۆ نیشتمان بەهێز بوو، سەرهەڵدانی هەندێك لایەن بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هەمووکات کاریان ئەوە بووە کە خەڵك ڕابهێنن دژی حکومەت و خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بێت و خەڵك موڵکی گشتی نەیپارێزێت، ئەمانە هەموو وایان کردووە کە ڕەفتاری هاووڵاتی بەرانبەر خزمەتگوزارییەکان بشێوێت و هەمیشە حکومەت لەبەر چاوی هاووڵاتی لەکەدار بکرێت. لە کەمی، یان لاوازیی هەندێك لەو خزمەتگوزارییانە لەلایەن حکومەتەوە، لەبری ئەوەی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن بێت، شیکاری بۆ هۆکاری لاوازییەکەی بکات و چارەسەر پێشنیار بکات، ناشیرینی دەکات و لێی دەدات و کردوویەتە یەکێك لە ئامرازەکانی دەستی بۆ گەرمکردنی شەقام، ئەمانە ڕەفتاری ئەمڕۆی بەکاربەریان گۆڕیوە و چەندە شتی باشی بۆ بکەیت، ئەو هەر ڕەتی دەکاتەوە. بۆیە گۆڕین، یان پێشکەشکردنی هەر خزمەتگوزارییەك دەبێت بازاڕسازیی بۆ بکرێت و ڕاگەیاندن ئیشی لەسەر بکات و، شیکردنەوەی بۆ بکات و ڕای گشتیی لەسەر دروست بکات و، بوار نەدات ئەوانەی دەیانەوێت خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بشێوێنن، کار لەسەر ئەندێشەی هاووڵاتی بکەن. واتە تەسویقێکی کۆمەڵایەتیی بۆ بکەین و شی بکەینەوە تاکو قەناعەت دروست بکەین، لە هەمان کاتدا دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین کە لە ڕابردوودا خەڵك چۆن ڕاهاتووە لەگەڵ ئەم خزمەتگوزارییەدا، ئەنجا وردە وردە هەنگاو بۆ شێوازێکی نوێ ببرێت، ئیتر لە نرخدا بێت، یان لە بەکارهێنان، تاکو خەڵك هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا ڕابێت، لەهەمان کاتدا دەبێت لایەنی ئەرێنیی ئەو خزمەتگوزارییە نوێیە زەق بکرێتەوە، تاکو خەڵك و میدیا بە تەنیا لایەنی نەرێنی نەبینێت و زەقی نەکاتەوە.

**هەندێک لایەن بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە هەمووکات کاریان ئەوە بووە کە خەڵک ڕابهێنن دژی حکومەت و خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بێت و خەڵک موڵکی گشتی نەیپارێزێت**

**پارێزگاریکردن لە موڵکی گشتی بەشێکی پەیوەستە بە ناسنامە و خۆشەویستیی هاووڵاتییەوە بۆ خزمەتگوزارییەکە و بۆ نیشتمان**



## د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# نە ئەو پێداویستییە وەک ماف لە لایەن حکومەتەوە وەک پێویست دابین کراوە، نە زۆرینەی هاووڵاتیانیش پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارەبا بوون

**د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خستە ڕوو.**

دەمەوێ بە وتەی کارسازێکی ئەمریکی بەناوی «کینیس لای» لە بارەی کارەباوە دەست پێ بکەم، کە دەڵێت: «ئێوە کە ناتوانن واز لە بەکارهێنانی کارەبا بهێنن، خۆ دەکرێ و دەتوانن کەمتر بەکاری بهێنن»، بەم وتەیە کینیس پێمان دەڵێت، کە کارەبا پێداویستییەکی سەرەکیی ژیانی هاووڵاتییانە، هەر شتێکیش کە پێداویستییەکی سەرەکی بوو، ئاسایی سیفەتی مافیش وەردەگرێ، مافیش دەبێ لە بەرانبەر پابەندبوون بە ئەرك و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیدا بدرێت، لەو نێوەندەدا ئەوەی حاشا هەڵنەگرە، ئەوەیە کە نە ئەو پێداویستییە وەك ماف لە لایەن حکومەتەوە وەك پێویست دابین کراوە، نە زۆرینەی هاووڵاتیانیش پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی کارەبا بوون و لە بەرانبەریدا وەك پێویست هەستیان بە بەرپرسیارێتی کردووە. ئێستاش کە هەوڵی دەستەبەرکردنی کارەبای بەردەوام لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا بەناوی پرۆژەی ڕووناکی دەدرێت، پێویست بوو بەر لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا بیر لە میکانیزم و ڕێکاری پێشوەختەی جیا جیا بکرێتەوە و بەلایەنی کەمەوە لیژنەیەکی هەماهەنگ هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکە و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی بکات، لیژنەکە کەسانێك هەر لەسەر ئاستی هاووڵاتیی ئاسایی وەك هاوبەشێکی بەکارهێنەرەوە بگرە تا ئەندازیارەکانی بواری کارەبا و بیناسازی، پسپۆڕان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن و یاسا و ژینگە و ژینگەدۆست، بازرگان و تەنانەت مامۆستایانی ئایینیش لەخۆ بگرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەندازیارەکانی بواری کارەبا بەرچاوڕوونییەکی وردی زیاتر بخەنە ڕوو سەبارەت بەوەی وزەی کارەبای بەردەست چەندە و ئەو ئەگەرانە

چین کە دەکرێ لە هەر کات و پێشهاتێکدا کار لە زیادبوون و کەمبوونەوەی وزەکە بکەن، کامانەن ئەو ئامێرانە کە کەمتر پێویستیان بە وزەی کارەبا هەیە و چۆن دەتوانین سوود لە سەرچاوەکانی دیکەی دابینکردنی وزە وەربگرین.

پێویستە ئەندازیارەکانی بیناسازی پێمان بڵێن بە گوێرەی ئەو کەرستانەی بیناسازی، کە زۆرینەی خەڵك لە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبووندا بەکاریان هێناوە، بەلایەنی کەمەوە هەر خێزانێك بە تێکڕا پێویستی بە چەند ئەمپێر، یا کیلۆوات لە وزەی کارەبا هەیە بۆ ڕووناککردنەوە و گەرمکردن و فێنککردنەوە، بەپێی وەرزەکانی ساڵ و بەکاهێنان و بارگاویکردنەوەی ئەو ئامێرە کارەباییانەی کە هەموو کەس ناچارە بەکاریان بهێنێت، لەمەدا خەڵکی پێویستە لەم ڕووەوە چی بکەن تا پێویستیان بە بەکارهێنانی وزەی کارەبای کەمتر هەبێت.

دەبێت شارەزایانی بواری ئابووری و بازاڕ دوای دراسەیەکی ورد و تێروتەسەل پێمان بڵێن لە بارودۆخێکی وەها ناجێگیری ئابووریدا، تێکڕای داهاتی ساڵانەی تاك و خێزانێك چەندە لە ساڵێکدا و لەتەك پیداویستییەکانیتری ژیاندا، دەتوانن بڕی چەند پارە بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا تەرخان بکەن، چۆن دەتوانین ڕەچاوی دانانی نرخێك بکەین لەسەر بنەمای داهات، چی دەتوانین بکەین بۆ قەرەبووکردنەوەی لانی کەمی سەرمایەی خەرجکراو لە دانانی مۆلیدەکان و دۆزینەوەی کار بۆ ئەوانەی لە ئێستادا پێیان دەڵێن خاوەن و ئیشپێکەری مۆلیدەکان. کۆمەڵناسان پێمان بڵێن چۆن دەتوانین هەڵمەتێکی بانگەشە و هۆشیاکردنەوە لە ڕێی ناوەندەکانی پەروەردەیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەبارەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر کارەبادا بەڕێوە ببەین و ئەوە بکەین بە کەلتوور کە هەموو گڵۆپ و ئامێرێك سویچ پلاکێکی بۆ ئەوە بۆ دانراوە کە هەر کاتێك پێویستیمان بە بەکارهێنانی نەما، پێویستە بیکوژێنینەوە. چۆن دەکرێ سنوورێك بۆ کەرتی تایبەت دابنرێت لەوەی کە هێندە نەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازییەکی بێئامان لە تەرەف بەکارهێنانی وزەیەکدا، کە هەموو کەس پێویستی بە بەکارهێنانی هەیە و کەسانێکی نەدار و نەخۆش پەککەوتە هەن هەناسەدانیشیان دەستکردە و لە غیابی سەرچاوەی بژێویدا، بە چ ڕێکارێکی پێشوەختەی یاسایی مەترسیی بڕینی کارەبا و هەناسەدان لەسەر ژیانی ئەو جۆرە کەسانە دروست ناکات، چۆن دەتوانین ئەو پیسبوونی بیناییانە لاببەین، کە بە هۆی کێبڵ و بۆردەکانی کارەبای مۆلیدەکانەوە دروست بوون و سیمایەکی ناشیرین و مەترسیداریان لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروست کردووە، ئەی بێسەرپەرشت و چاودێرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی کێ کرێی کارەبایان بۆ بدات؟ چۆن دەتوانین ئەو دڵەڕاوکێیەی کە لای خەڵك بەو هۆیەوە لەمەڕ نرخی کارەبا و ئاگاداربوون لە چۆنێتیی باشتر بەکارهێنانی کارەبا دروست دەبێت، بڕەوێنینەوە، بەتایبەت لە زەمەنی سۆشیال میدیا و دنیایەکی ئیفترازیی وەهادا کە هەرکەسەو بە کەیفی خۆی ئەسپی تیادا تاو دەدات. پسپۆڕانی ژینگە و ژینگەدۆستان پێمان بڵێن، ڕاستە کە لە دووکەڵ و دەنگ و ژاوەژاوی مۆلیدەکان ڕزگارمان دەبێت، بەڵام دانانی پەنێڵەکانی وزەی خۆر چەندە ئەگەری ئەوە هەیە پلەی گەرمیی شار، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا بەرز بکەنەوە، بەوهۆیەوەش هاووڵاتیان ناچار دەبن وزەی کارەی زیاتر بەکار بهێنن. بازرگانەکان دەتوانن لەمەودوا چ کەرستەیەکی بینازی و ئامێری کارەبایی وەهامان بۆ هاوردە بکەن، کە وزەی کارەبای کەمتریان پێویستە و متمانە لای هاووڵاییان بە کاڵاکانیان دروست دەکەن لەجیاتی هاوردەکردنی کەلوپەلی بێ کوالێتی و هەرزان و، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتدا کەلوپەلی گەرێنتیکراوی ئۆرجیناڵ هاوردە دەکەن و دەتوانن هەم گیرفانی خەڵکی لە بەفیرۆچوونی پارەو، هەم ژینگە لە مەترسییەکانی خێرا بێ کەڵبوونی فڕێدانی کەلوپەلی بێ کوالێتی بپارێزین. بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی لەجیاتی فەتوای حەڵاڵکردنی نەدانی کرێی کارەبا و سەرپێچێکردن لەسەر تۆڕەکانی کارەبا، ڕوونی بکەنەوە کە سزای مەعنەویی ئەم کارە لە دوارۆژ و لە دنیادا چەندە گران لەسەر ویژدان و ئاکارمان دەوەستن. یاساناسان بە حکومەت بڵێن خەڵك بەپێی یاساکان چ مافێکیان لەمەڕ کارەباوە بەسەر ئێوەوە هەیە و ئێوەش دەتوانن چی لە بەرانبەر هاووڵاتیاندا بکەن لە کاتی پابەندنەبوون و سەرپێچکردندا.

دوا قسەم دەمەوێ وتەیەکی ئەلبێرت ئینشتاینتان بە بیربهێنمەوە، کە دەیگوت: «هێزێکی پاڵنەری بەهێزتر لە هێزی هەڵمی و کارەبا و وزەی ئەتۆمی هەیە، ئەویش ئیرادەیە». سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕووناکی و دابینکردنی کارەبای بەردەوام، ئەگەر ئیرادەیەکی هەمەلایەنەی حکوومی و مەدەنی لەپاڵ نەبێت، سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر متمانە و ئیرادەیەکی زۆرمان نەبێت، ناتوانین بە بەکارهێنانی وزەیەکی کەم پێداویستییەکانمان دابین بکەین.

**چۆن دەتوانین ئەو دڵەڕاوکێیەی کە لای خەڵك بەو هۆیەوە لەمەڕ نرخی کارەبا و ئاگاداربوون لە چۆنێتیی باشتر بەکارهێنانی کارەبا دروست دەبێت، بڕەوێنینەوە؟**

**ڕاستە لە دووکەڵ و دەنگ و ژاوەژاوی مۆلیدەکان ڕزگارمان دەبێت، بەڵام دانانی پەنێڵەکانی وزەی خۆر چەندە ئەگەری ئەوە هەیە پلەی گەرمیی شار، بەتایبەت لە وەرزی هاویندا بەرز بکەنەوە؟**

**بازرگانەکان دەتوانن لەمەودوا چ کەرستەیەکی بینازی و ئامێری کارەبایی وەهامان بۆ هاوردە بکەن، کە وزەی کارەبای کەمتریان پێویستە و متمانە لای هاووڵاییان بە کاڵاکانیان دروست دەکەن**

**بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی لەجیاتی فەتوای حەڵاڵکردنی نەدانی کرێی کارەبا و سەرپێچێکردن لەسەر تۆڕەکانی کارەبا، ڕوونی بکەنەوە کە سزای مەعنەویی ئەم کارە لە دوارۆژ و لە دنیادا چەندە گران لەسەر ویژدان و ئاکارمان دەوەستن**



فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# پرۆژەی ڕووناکی بۆ کارەبای ٢٤ کاتژمێری پێوەری سەردەمە بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی باش

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا «خزمەتگوزاریی کارەبا و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

کاتێك لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو پرسیارە دەکرێت کە «جیاوازیی نێوان کۆریای باشوور و کۆریای باکوور چییە؟» بیرمەندان بەو جۆرە وەڵام دەدەنەوە: «کاتێك بە شەوان بە فڕۆکە بەسەر هەردوو کۆریا تێدەپەڕین، دەبینین سیۆل چراخانە و بیونگ یانگ تاریکستانە». هەروەها لە ساڵی ٢٠١٩ زانکۆی ئەمریکیی عێراق لە سلێمانی، بانگهێشتی بیرمەند «فرانسیس فۆکۆیاما»ی کردبوو بۆ کۆڕێك لە زانکۆی ئەمریکی، لە کۆڕەکەدا لێیان پرسی: ڕای تۆ چییە لەسەر ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان؟ لە وەڵامدا بە ئامادەبووانی گوت: «لە ٢٤ کاتژمێردا لە شەو ڕۆژێکدا چەند کاتژمێر کارەباتان هەیە؟ هەروەها لە بیرمەندی جوو «یۆڤال نوح هەراری»یان پرسی: ڕات چییە لەسەر شێوازی حوکمڕانیی نانیندرا مۆدی سەرۆك وەزیرانی ئێستای هێندستان؟ لە وەڵامدا گوتی: «لەگەڵ ئەوەی من مێژوونووسم و ناتوانم هەڵسەنگاندنی سیاسیی بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێك لە دوایین کتێبم (نێکسەس-

nexus) تایبەتە بە گرنگیی زێراب و ئاوەڕۆ، لەم ڕۆژانەشدا لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندمەوە کە سەرۆك وەزیرانی هیندستان دەستی کردووە بە هەڵمەتێك بۆ دروستکردنی توالێت و ئاوەڕۆ لە سەرانسەری هیندستاندا، ئەوە دەکرێت بڵێین هەنگاوی بەرەو حوکمڕانیی باش هەڵگرتووە.

کەواتە ئەو نموونانە ئەوەمان پێدەڵێن «پێوەری سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی حوکمڕانیی باش بۆ هەر حکومەتێك بریتی نییە لەوەی سەرۆك وەزیرانەکەی چۆن وتارەکەی بە وشەی قەبە دەڕازێنێتەوە، بەڵکو بە ئاستی ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکییانە هەڵدەسەنگێندرێت کە حکومەت بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابینی دەکات».

سەردانی فۆکۆیاما بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ بوو، ئەو کات هێشتا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار نەبوو، ڕاشکاوانە ئێمە نەماندەتوانی وەڵامی بدەینەوە، بەوەی ئایا ئێمە لە شەو و ڕۆژێکدا چەند کاتژمێر کارەبامان هەیە، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی هەولێر و چەندین پڕۆژەی ئاوی دیکەش لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراون و کاریان تێدا دەکرێت، بە هەمان شێوە لە بواری ڕێگەوبانەکانیشدا بە دەیان پڕۆژەی گەورەی ڕێگەوبانی خێرا (دووساید) بە ئاست و ستاندەری جیهانی لە جێبەجێکردندان، لە هەمان کاتدا ژێرخانی سیستمی حکومەتی دیجیتاڵی لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئەمساڵ لە لووتکەی حکومەتەکانی جیهاندا لە دوبەی ئەو پرسیارە ئاراستەی مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکرا: «بۆچی سەرۆك وەزیرانی کوردستان نایەوێت چیتر هیچ مامەڵەیەکی هاووڵاتییان لە فەرمانگاکانی حکومەتدا بە کاغەز بێت؟ بۆچی ئەوەندە پێداگریت کە حکومەتەکەت بکەیتە حکومەتی دیجیتاڵی؟»، لێرە خودی پرسیارەکە ئاماژەیە بۆ ئەو ژێرخانە گەورەیەی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆی ژێرخانەکانی حوکمڕانی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا بونیادی ناوە.

پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە ماوەی ئەمساڵدا لە تەواوی سەنتەری شارە گەورەکان تەواو دەبێت و لە ساڵی ٢٠٢٦ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بە قەزا و ناحیەکانیشەوە تەواو دەبێت، کە بە تەنیا بە وەرچەرخانێکی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو بە ئاستی پێوەرە جیهانییەکان وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی حوکمڕانیی باش و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قەڵەم دەدرێت.

فۆکۆیاما، کە دەیان ساڵە لە بواری پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی ئاژانسی نێودەوڵەتی توێژینەوە دەکات و، بە یەکێك لە بیرمەندە دیارەکانی بواری پەرەپێدان و حوکمڕانیی باش لەسەر ئاستی جیهان لە قەڵەم دەدرێت، لێی دەپرسن، ئەگەر لە دوای تەنیا پێنج ساڵ جارێکی دیکە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لە هاوڵاتیان بپرسێت:چەند کاتژمێر کارەباتان هەیە؟ لە وەڵامدا پێی بڵێن ٢٤ کاتژمێر لە شەو و ڕۆژێکدا، ئایا بیرمەندیکی وەك ئەو کە لە بایەخی ئەو ژێرخانە پتەوە تێدەگات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی تەنیا پێنج ساڵدا هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، دەبێت چ هەڵسەنگاندنێکی حوکمڕانیی باش بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جیهان ڕابگەیەنێت؟

خاڵێکی دیکەی کە زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی ٢٤ کاتژمێری، فراوانکردنی وەبەرهێنانە لە کەرتی گازی سرووشتیدا و جێگەی ئاماژەپێدانە تەنیا لەم پێنج ساڵەدا بووەتە دوو هێندە لە بەرهەمهێناندا، کە ئەمەش بۆ بەگەڕخستنی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و بەردەوامیی دابینکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ویستگەی ١٠٠٠ میگاواتیی دهۆکیش بە گازی سرووشتی کار دەکات.

**هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان، پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی هەولێر و چەندین پڕۆژەی ئاوی دیکەش لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراون و کاریان تێدا دەکرێت**

**پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە ماوەی ئەمساڵدا لە تەواوی سەنتەری شارە گەورەکان تەواو دەبێت و لە ساڵی ٢٠٢٦ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بە قەزا و ناحیەکانیشەوە تەواو دەبێت**



## هەژێن لوقمان:

# پێویستە حکومەت بە شێوەیەکی کاریگەر و فراوان کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بکات

**هەژێن لوقمان بەرپرسی ناوەندی سلێمانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرسە گرنگ و هەنووکەییەکانی تایبەت بە خانمان دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی سیاسی ئەرکێکی تەواو قورس و جیاوازە بەراورد بەو ئەرکانەی کە ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەتوانێت هەڵی بگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئافرەتێك ئامانجی ئەوە بێت لە ناو حیزبێکی سیاسیدا خزمەت بکات، ئەوا دەتوانێت هەموو ئەم ڕێگرییانە ببڕێت کە ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ئافرەت، ئاستی توندوتیژییەکان لە هەڵکشاندایە، دیدو تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هیچ کۆمەڵگەیەك بەدەر نییە لە دیاردەی توندوتیژی بە تایبەت توندوتیژی دژی ڕەگەزی مێ، ڕەگەزی نێر ویستویەتی و دەیەوێت لە ڕێی ئەنجامدانی توندوتیژییەوە دەسەڵات و خاوەندارێتی خۆی بەسەر ڕەگەزی مێدا بسەپێنێت و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

ئەرکی ئافرەت لە ڕوانگەی زۆربەی ئایینەکانەوە منداڵ بوون و بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ و خزمەتکردنی هاوسەرەکانیان بووە، زۆربەی زۆری پیاوانیش ئەم یاسا و تێڕوانینەیان بۆ ڕێگری کردن لە

ماف و ئازادییەكانی ئافرەت و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا ئیستیغلال كردووە.

بەپێی نەریتی كۆمەڵایەتی نابێت و ڕێگەپێدراو نییە كە ئافرەت و پیاو یەكسان بن، ئەم هۆكارە لە هەموو كۆمەڵگەكاندا ڕێگر بووە بە ڕێژەی جیا جیا بوونی هەیە، ئەگەرچی لە ماوەی ڕابردوودا قۆناغ بە قۆناغ لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكان هۆكاری كۆمەڵایەتی و كاریگەرییەكانی كەم بووەتەوە، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە كوردستانیش گۆڕانكاری تارادەیەك ڕوویداوە بەڵام هێشتا كاریگەری ڕێگری كۆمەڵایەتی هەرماوە .

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان دیاردەیەكی بەربڵاوە، بە تایبەت لە ناو خێزان جگە لەو توندوتیژییەی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بوونی هەیە، كە هەزاران قوربانی ئاشكرا و نهێنی ئەو بوارە لە كوردستاندا هەن.

بۆیە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی كاریگەر و فراوان كار بۆ ڕێگری كردن لە ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ئافرەتان بكات، ئەمەش بە پلان و بەرنامەی كورت مەودا و درێژ مەودا لە ڕێی پێشكەشكردنی پرۆژە یاسا بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی توندوتیژی و بەكارخستنی ئەو یاسایانەی كە بەركارن بۆ بە سزا گەیاندنی ئەو وتاربێژ و كەسانەی لە مینبەری مزگەوتەكان و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە سووكایەتی بە ئافرەت دەكەن و هانی توندوتیژی دەدەن، جگە لەوەش لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە لە ناوەندەكانی خوێندن نەوەی داهاتوو بە شێوازێكی تەندروست و دوور لە توندوتیژی پەروەردە بكرێن.

هاوكات پێویستە ڕێكخراوەكانی بواری ئافرەتانیش سارد نەبنەوە لە داكۆكیكردن لە ئافرەتان و هۆشیار كردنەوەیان و فشار خستنە سەر حكومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری، بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسە كەمتەرخەم نەبن.

*** هۆكار چییە لە ناو كۆی حزبە سیاسییەكانی كوردستاندا بە دەگمەن ئافرەتێكی بڕیاربەدەست دەدۆزرێتەوە؟**

- هۆكاری ئەوەی لەناو حیزبە سیاسییەكانی كوردستان ڕێژەیەكی كەم لە ئافرەتان كە گەیشتوون بە پلەو و پۆستی بەرپرسیاریەتی بوونیان هەیە، ئەمە چەندین هۆكاری هەیە كە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە گرنگترینەكانیان بدەین، یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكان هۆكاری كۆمەڵایەتی و كلتوورییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی پیاوسالارە و ڕێگە بە ئافرەتان نادرێت و هەلی ئەوەیان بۆ نارەخسێندرێت كە شان بە شانی پیاوان لە پرۆسەی سیاسیدا بەژدار بن، هاوكات بەشێكی زۆری هۆكارەكان پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە، زۆرجار لە ناو خێزان و كۆمەڵگەدا جیاوازی لە نێوان كچ و كوڕ دەكرێت، ئەوەش وا دەكات ئافرەت كەمتر بڕوای بە خۆی و بە تواناكانی هەبێت تا بتوانێت دامەزراوەیەك بەڕێوەببات، هۆكارێكی دیكەش پەیوەندی بە ئەركی قورسی ئافرەت لە ناو خێزاندا هەیە، بەتایبەت لە پەروەردە كردن و بەڕێوەبردنی خێزان، ئەمەش وا دەكات دەرفەتی كەمتر بێت بۆ ئەوەی كار لەسەر پێگەیاندنی خۆی بكات، چونكە پرۆسەی سیاسی ئەركێكی تەواو قورس و جیاوازە بەراورد بەو ئەركانەی كە ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەتوانێت هەڵی بگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر ئافرەتێك ئامانجی ئەوە بێت لە ناو حیزبێكی سیاسیدا خزمەت بكات، ئەوا دەتوانێت هەموو ئەم ڕێگرییانە ببڕێت كە ئاستەنگی بۆ دروست دەكەن .

ڕاستە ئێستا ڕێژەی ئافرەتان بە سیستمی كۆتا ٣٠٪ـە لە ناو پەرلەمانی كوردستاندا، بەڵام لەناو كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لەكۆی ٢٢ وەزارەت تەنیا ٣ وەزارەت بۆ ئافرەت تەرخانكرا بوو، كە دەكاتە ١٣,٦٪، لە زۆر پۆستی گرنگی دیكەی حكوومییش ئافرەت فەرامۆش كراوە، بە بۆچوونی تۆ چارەسەر چییە؟

ئەگەر بمانەوێت كۆمەڵگەیەكی یەكسانمان هەبێت، بەبێ جیاوازی كردن لە نێوان ڕەگەزەكان و مافی ئافرەت فەراهەم بكەین، ئەوا لە ناوەندەكانی بڕیار پێویستیمان بە بەژداری ڕاستەوخۆی ئافرەتانی خەمخۆر و بە توانا هەیە، چونكە ئەگەر بڕیارەكان تەنیا لە ناو دەستی پیاوەكاندا بێت، ئەوا بەبێ مەبەست بڕیارەكان تەنیا لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر دەبێت و ڕەگەزی مێ ماف خوراو دەبێت، چونكە ئەمە پەیوەندی بە سرووشتی جیاوازی ئەو دوو ڕەگەزەوە هەیە، هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كە پیاو كەمتر لە بارودۆخی ئافرەت و كێشەكانی تێدەگات و ناتوانێت ببێت بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئافرەت، بۆیە لە پێناو كۆمەڵگەیەكی یەكسانخواز و مەدەنی پێویستە ئافرەتان كار بۆ ئەوە بكەن كە شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی كارایان لە ناو حیزبە سیاسییەكان و دامەزراوە گرنگەكانی حكومەت و پەرلەمان و وەزارەتەكان هەبێت.

*** دەگوترێت لە پرسی ئافرەتاندا ئێمە هەر لە قۆناغی ڕووخساردایین و نەگەیشتووینەتە قۆناغی ناوەڕۆك و گۆڕانكاریی ڕیشەیی، خوێندنەوەت لەسەر ئەم بۆچوونە چییە؟**

- بە بۆچونی من ئەو قسەیە ڕاست نییە، من وای دەبینم مرۆڤ ئازادە لەوەی كە دەیەوێ چ جۆرە ژیان كردنێك هەڵبژێرێت بە مەرجێك سنووری ژیانی كەسانی تر نەبەزێنێت و نەبێتە زیان بۆ ژیانی ئەوانی دیكە، سرووشتی ئافرەتیش بەو شێوەیەیە كە حەز بەوە دەكات بە جوانترین شێواز دەربكەوێت، هەڵبەت ئەمەش لە ئافرەتێكەوە بۆ ئافرەتێكی دیكە جیاوازە، ڕاستە ڕەگەزی مێ خاوەنی سرووشت و بیركردنەوەی جیاوازن بەراورد بە ڕەگەزی نێر، بەڵام هەر لەناو ئافرەتیشدا بیركردنەوەی جیاواز و دونیابینی و خولیا و ئامانجی جیاواز هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر ئافرەتێك ئازادە لەوەی چۆن بیر دەكاتەوە.

**پێویستە ڕێكخراوەكانی بواری ئافرەتانیش سارد نەبنەوە لە داكۆكیكردن لە ئافرەتان و هۆشیار كردنەوەیان و فشار خستنە سەر حكومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری**

**زۆرجار لە ناو خێزان و كۆمەڵگەدا جیاوازی لە نێوان كچ و كوڕ دەكرێت، ئەوەش وا دەكات ئافرەت كەمتر بڕوای بە خۆی و بە تواناكانی هەبێت تا بتوانێت دامەزراوەیەك بەڕێوەببات**

**لە پێناو كۆمەڵگەیەكی یەكسانخواز و مەدەنی پێویستە ئافرەتان كار بۆ ئەوە بكەن كە شان بە شانی پیاوان ڕۆڵی كارایان لە ناو حیزبە سیاسییەكان و دامەزراوە گرنگەكانی حكومەت و پەرلەمان و وەزارەتەكان هەبێت**

ئەمین حاجی عومەر بۆ گوڵان:

# دیمەنی پێشوازیی خەڵک لە بارزانی نەمر لە کاتی گەڕانەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام



**هونەرمەند ئەمین حاجی عومەر کە لە بەشی دووەمی زنجیرە درامای (ئادیابین) هەیە، وك خۆی دەڵێ لە منداڵییەوە خولیای کاری هونەریی هەبووە و جگە لە ئادیا بین، بەشداریی لە چەند کارێکی هونەریدا کردووە، لەم دیمانەیەی گوڵاندا باس لە ئەزموونی خۆی دەکات.**

*** ئایا ئەزموونی پێشتری هونەریت هەبوو؟**

- بەڵێ لە دیکۆمێنتاریی ئەنفالی بارزانییەکان و ژیاننامەی هونەرمەندی بەڕێز «عومەر دزەیی»کە لە بەرنامەی ژیما پەخش کرا و، چەندین کاری دیکەی هونەریدا بەشدار بووم.

*** کێ هاندەرت بووە بێیتە ناو ئەم بوارە، ئایا کەسێکی تایبەت هەیە کە سەرچاوەی ئیلهامت بێت؟**

- سەرچاوەی ئیلهامی من بەشێکی زۆر لەو زنجیرە دراما و فیلم و شانۆییانەن کە لە ڕابردوودا کراون، کورد چەندین کارەکتەر و کەسی گرنگ و لێهاتووی تێدایە کە من سەرسام بووم پێیان، بەڵام بەدیاریکراوی کەسێکی تایبەت نییە کە باسی بکەم.



*** دەستنیشانکردنت بۆ ڕۆڵەکەت لە ئادیابین چۆن بوو، دەتوانیت باسی هەندێك لە وردەکارییەکانی بکەیت؟**

- پێشتر ئاشناییەکم لەگەڵ دەرهێنەری بە توانا «حەسەن عەلی خان» هەبوو، نموونەی کارە هونەرییەکانم نیشاندا بوو، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە بۆ من بەیانییەك لە ئەرکدا بووم کاك «میلاد» یاریدەدەری بەڕێز حەسەن عەلی پەیوەندیی پێوە کردم و پێی گوتم مامۆستا حەسەن دەیەوێ لە نزیکەوە بتبینێت، ئەوە بوو باسی زنجیرە درامای ئادیابینی بۆ کردم، کە سیناریۆکەی پیشاندام، گوتی ڕۆڵێکی تایبەت و کاریگەرم بۆ دەستنیشان کردوویت، کارەکتەری مامۆستا سەردارە کە لە بەشی ڕێکخستنەکانی ناوشار ئەرك وەردەگرێت، بۆیە کاتێك سیناریۆکەم خوێندەوە و هێز و توانای دەرهێنەر لە گفتوگۆ کردن بە یەکەوە، وای لێ کردم ئەم هەستەم بۆ دروست بووکە مامۆستا سەردار بە فیعلی دانیشتووە، هەروەها ئەزموونێکی تازە بوو کە بچمە ناو دراما.

*** ئادیابین چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- دراما بە گشتی لە کوردستان کارێکی قورسە، چونکە لەم بوارەدا پسپۆڕی هونەریمان تا ڕاددەیەك کەمە، هەروەها نەبوونی پاڵپشتی و ئەو کێشەو گرفتانەی ڕوو دەدەن و ئەو ئیمکانییەتە کەمەی کە لە بەردەستماندایە، کارەکەی قورس کردووە، بۆیە لە ئێستادا کە درامایەکی وەکو ئادیابین دروست بووە جێگی ئومێد و دڵخۆشییە کە هەستێکی زۆر خۆشی پێ بەخشیم، ئەم پڕۆژەیە بە گشتی پێم وایە ئاستێکی هونەریی بەرزی هەبووە لەڕووی سیناریۆ و نووسین و هەڵبژاردنی ئەکتەران و دیزاینی جلوبەرگ و شوێن و میوزیك، دەنگدانەوەیەکی باشی ئەزموون و توانای دەرهێنەر لە ناو دونیای هونەریی ئێمەدا هەبوو لەڕووی نواندن و تەکنیکی ستافی کامیرەمان و ستافی دەنگ و سەرپەرشتیکاران کە زۆر لەگەڵماندا ماندوو بوون.

*** پێت وایە چ پەیامێکی گرنگ دەگەیەنێت؟**

- ئادیابین بە گشتی گێڕانەوەی مێژووی گەلی کورد و قوربانییەکانیەتی کە پێمان دەڵێ ئەو کوردستانەی ئەمڕۆ دروست بووە و خاوەن هەرێم و پەرلەمان و حکومەتە، لە ئەنجامی ڕەنجی شۆڕش و خوێنی شەهیدانمان هاتووەتە ئاراوە.

*** چی دەڵێیت دەربارەی ئەو ڕەخنانەی لە زنجیرەکە دەگیرێن؟**

- ڕەخنە پڕۆسەیەکی گرنگ و بنیادنەری هەر پڕۆژەیەکی هونەرییە، هیچ هونەرێك بەبێ ڕەخنە پێش ناکەوێت، بۆیە ئێمە بەدڵێکی فراوانەوە وەریدەگرین و گوێیان لێ دەگرین، خودی خۆشم بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ئەوڕەخنانە دەکەم کە لێم دەگرن، یان خۆم پرسیارم لە بینەر و هاوڕێیانی پسپۆڕی بواری هونەری کردووە کە ئەدای کارەکتەری مامۆستا سەرداریان پێ چۆن بووە، چونکە ئەزموونی یەکەمە لە درامادا، بۆیە زۆر حەزدەکەم گوێبیستی ڕەخنە جددییەکان ببم لەسەر نواندنی خۆم و تەواوی دراما، دەمەوێ لە بواری نواندندا زیاتر پەرە بەکارەکەم بدەم چونکە نواندن دنیایەکی ئاڵۆز و قووڵە و پێویستیمان بە ڕاهێنانی زیاترە لەسەر کەرەستەکانمان کە جەستە و دەنگ و خەیاڵ و هەستە.

*** ڕۆڵی ئەکتەرە بەئەزموونەکان چۆن بوو لە یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی ئەکتەرە گەنجەکان لە ئادیابین؟**

- ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینی لە پاڵپشتی کردنی من و هاوڕێ گەنجەکانمان لە میانی وێنەگرتن و هاوکارییەکی زۆر باشمان بوون، زۆر هانیان دەداین کە ڕۆڵەکەمان بەباشی بەرجەستە بکەین، بەتایبەتی مامۆستا شوکرالله شێخانی، مامۆستا ئەحمەد وەرتێ و خاتوو خەرمان هیرانی.

*** هەستت چۆن بوو بە ڕۆڵبینین لەم درامایەدا؟**

- هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە بەشداریم لەم درامایەدا کرد، چونکە ئەزموونێکی جیاواز بوو لەکارەکانی دیکەم. دەمەوێ سوپاسی تەواوی ستافی ئادیابین بکەم کە بۆمن بووە قوتابخانەیەك و وەك خێزانێك تێیدا کۆبووینەوە، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام دیمەنی هاتنەوەی بارزانی نەمر و پێشوازیی ئەو هەموو خەڵکە زۆرە بوو لە هەموو عێراق کە هاتبوون، دەتگوت پێشوازی لە سەرۆك وڵاتەك دەکەن، بەڕاستی گەورەیی جەنابی بارزانی وەسف ناکرێت.



## کەژان ئەسەدی بۆ گوڵان:

# بەشێک لە بەرهەمە کوردییەکان لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا کاریگەرییان لە ناساندنی گەلی کوردستاندا هەبووە

**کەژان ئەسەدی ماوەی ٢٠ ساڵە کاری هونەری و چالاکی بۆ خانمان ئەنجام دەدات. وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتوو، بەشداریی لە چەندین شانۆگەری و فیلمدا کردووە، کە زۆربەیان بەشدارییان لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە، هەروەها دیزاینەری جلوبەرگیش بووە. چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیا دەژی و دوو ساڵە خەریکی نووسین و دەرهێنانە، لەو دوو ساڵەدا وەك نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر، زیاتر لە دە شانۆنامەی پێشکەش کردووە. لەم دیمانەیەدا، باس لە دوایین کارەکانی خۆی دەکات.**



*** لە ئێستادا سەرقاڵی چین لە بواری نواندن؟**

- ئێستا خەریکی دوو پرۆژەم، یەکیان شانۆی «خەسیس» کە لە شاری بۆن نمایشمان کرد و بڕیارە لە شارەکانی تریش نمایش بکرێت. شانۆی «لە تاڵێ قژەوە» بە بۆنەی هەشتی مارس ئامادەم کردووە و یەك جاریش نمایش کراوە، هەروەها پرۆژەیەکی سینەمایی کە بەشێك لە وێنەگرتنی تەواو بووە. هەوڵ دەدەم فەزای زیاتر بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانی پەیوەست بە ئافرەتان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکەم.

*** جیاوازیی کوردستان و ئەورووپا بۆ ئەکتەر چییە؟**

- لە کوردستان شانۆ و سینەما ڕووبەڕووی چەندین کۆت و بەند دەبنەوە، لە نەبوونی دەرفەتی پیشەییەوە تا دەگاتە فشارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، بەڵام هونەرمەند زیاتر لە ناو خەڵکدایە و نیگەرانییەکانی ڕاستەوخۆ لە ناخی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن و دەتوانێت بە شێوەی نمایش یان فیلم



بیگێڕێتەوە، لە ئەورووپا بارودۆخەکە زۆر باشترە لەڕووی تەکنەلۆجیا و ژێرخانەوە، بەڵام چوونە ناو گۆڕەپانی پیشەیی بۆ ئەکتەرێکی ئافرەتی کۆچبەر کە لە کولتوورێکی جیاوازەوە هاتووە، زۆر سەختە، چونکە زمان و تێگەیشتن لە فەزای هونەریی نوێ و قبوولکردن لە نێو گرووپە هونەرییەکاندا ئەستەمن.

*** ئایا ئەورووپا لە ڕووی ئەکادیمییەوە هیچی بۆ زیاد کردیت، بەتایبەتی لە ڕووی بەدەستهێنانی ئەزموونەوە؟**

- ژیان و کارکردن لە ئەورووپا ڕێگەی پێدام ئەزموونی نوێ لە ڕووی تەکنیك و شێوازی نمایشکردنەوە بەدەستبهێنم، لێرە دەرفەتی زۆر هەیە بۆ خوێندنی شانۆ و وۆرکشۆپ و ناسینی ستایلە جیاوازەکان، هەروەها چاودێریکردنی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شانۆ و سینەما لە ئەورووپا تێگەیشتنێکی باشتری لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و نمایشکردنی بەرهەمی هونەری پێبەخشیم، بەڵام گرنگترین شت کە فێری بووم ئەوە بوو کە چۆن هونەر وەك ئامرازێك بۆ پەیوەندیی نێوان کولتوورەکان بەکار بهێنم. لە ئەورووپا هونەر تەنیا خولیایەك نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ دروستکردنی دیالۆگ لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا.

*** لە ئەڵمانیا بەشداریت لە چەند بەرهەمی هونەریدا کردووە، بە زمانی کوردی یان زمانێکی دی؟**

- زیاتر لە ١٢ شانۆم دروست کردووە، هەندێکیان بە زمانی کوردی و هەندێکیانیش سێ تا چوار زمانم تێکەڵ کردووە و لەبەر کێشەی زمانەکە زۆر جار بێ زمان شانۆکەم دروست کردووە، زۆربەی ئەم بەرهەمانە لە شێوەی شانۆی سەربەخۆ، یان سەرشەقامدا نمایش کراون.

*** وڵاتانی ئەورووپا گرنگییەکی زۆر بە هونەر دەدەن، جا چ سینەما بێت یان شانۆ، چۆن دەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەوان لە گرنگیدان و بەرەوپێشبردنی هونەردا وەربگرین؟**

- یەکێك لە وانە گرنگەکان کە دەتوانرێت لە سیستمی هونەری ئەورووپی وەربگیرێت، گرنگیدان بە ژێرخانی کولتوورییە. لە ئەورووپا هونەر بەشێکی دانەبڕاوە لە پەروەردە و ژیانی کۆمەڵایەتی، حکومەت و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکان بودجە و ئاسانکاریی بەرفراوان بۆ هونەر تەرخان دەکەن، ئێمەش لە کوردستان دەتوانین بە دروستکردنی دامەزراوەی هونەری سەربەخۆ و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و فێستیڤاڵ و دروستکردنی سیستەمی پشتیوانی ئەم کارە بکەین، هەروەها پێویستە لە ئەزموونی شانۆ و بەڕێوەبردنی سینەمادا کەڵك لە ئەوروپا وەربگرین و شێوازی نوێی ڕاکێشانی بینەر بەکار بهێنین.

*** هونەرمەندانی کورد کە لە ئەورووپا چۆن دەتوانن سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرن بۆ نمایشکردن لە کوردستان، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر گەشەسەندنی هونەر دەبێت؟**

- یەکێك لە گرنگترین ڕێگەکان گواستنەوەی زانست و ئەزموونە بۆ نەوە نوێیەکانی کوردستان، هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا دەتوانن ئەم پەیوەندییە بە ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و پرۆژەی هاوبەش و بانگهێشتکردنی هونەرمەندانی ئەورووپی بۆ کوردستان دروست بکەن، هەروەها دروستکردنی تۆڕێك لە هونەرمەندانی کورد لە ئەورووپا و کوردستان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئاڵوگۆڕی زانست و ئەزموون. ئەگەر بتوانین پردێك لە نێوان شانۆ و سینەمای کوردی و ئەورووپیدا دروست بکەین، دەتوانین زەمینەی گەشەکردن و گەشەسەندنی زیاتر بۆ هونەرمەندان لە چوارچێوەی کوردستاندا دابین بکەین، هاوکات ئێمە لە ئەورووپا دەتوانین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی دروست بکەین و شانۆکاران و سینەماکارانی کوردستان هاوکارمان بن.



*** بەڕای ئێوە هونەرمەندانی کورد توانیویانە لە ڕێگەی سینەما و شانۆوە وێنەیەکی ڕوونی ئەو مەینەتی و کێشە و گرفتانەی کە گەلی کورد بەرگەی گرتووە، بە گەلانی ئەورووپایی بگەیەنن؟**

- لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێك لە فیلم و شانۆنامەکانی کوردی توانیویانە سەرنجی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان ڕابکێشن و چیرۆکی گەلی کورد بە بینەرێکی جیهانی بناسێنن، بەڵام هێشتا کاری زۆر ماوە و پێویستە گێڕانەوەکانمان بەهێزتر و فراوانتر بخەینەڕوو. پێویستە سینەما و شانۆی کوردی زیاتر بەرەو بەرهەمی کوالێتی بەرز و ستانداردی جیهانی هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی کاریگەریی قووڵتری لەسەر بینەری جیهانی هەبێت. پێویستە تراژیدییەکانمان بە زمانێکی هونەری جوان بگێڕینەوە، هەروەها دەبێت بتوانین هاوکاریی هونەرمەند و دامەزراوە هونەرییەکانی دیکە بکەین بۆ ئەوەی چیرۆکی خەڵکی کوردستان زیاتر ببیسترێت. هونەر زمانێکی گشتگیرە، ئەگەر بتوانین بە شێوەیەکی دروست بەکاری بهێنین، دەتوانین دەنگی گەلەکەمان لە سەرانسەری جیهاندا ببیستین.

دڵشاد ئەحمەد

یاریزانی ئەسپسواریی یانەی هەولێری نێودەوڵەتی:

# بەهیوای ئەوەم بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداری لە ئۆڵۆمپیادی جیهانیدا بکەم



*** بۆچی یاریی ئەسپسواریت هەڵبژارد؟**

- چونکە یارییەکی شاهانە و ئۆڵۆمپییە لە بواری جەستەیی و مێشکدا، وەکو خۆشم سوودی زۆری لێ وەردەگرم.

*** لە کوردستان یاریی ئاسپ سواری لە چ ئاستێکدا دەیبینی؟**

-بێگومان ئەم یارییە لە هەموو جیهاندا گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، لە کوردستانیش تا ڕادەیەك ئاستی بەرەوپێش چووە.

*** بۆچی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە جیهانییە نادرێت؟**

- هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەسپسواری پێداویستیی ماددیی زۆری هەیە، بۆیە هەموو یاریزانێك ناتوانێ بێتە ناو ئەم یارییە.

*** هەست ناکەی یارییەکەی قورست هەڵبژاردووە؟**

- بێگومان باش دەزانم ئەسپسواری یارییەکی زەحمەتە، بەڵام من هیوایەکی زۆرم بۆ ئەم یارییە هەیە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی تازەوە؟**

- دەبێ سیستمێکی نێودەوڵەتی بێتە دانان، هەبوونی یاریگەی ئەسپسواریی تایبەت و هەبوونی پشتگیریی ماددی بۆ یاریزانان.

*** کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە؟**



**هەر چەندە یاریی ئەسپ سواری یارییەکی جیهانییە و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە کوردستان و بگرە لە عێراقیش وەکو پێویست ئاوڕ لەم یارییە نەدراوەتەوە، زیاتر هەوڵەکان تاکە کەسین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە، یانەی ئەسپسواریی هەولێری نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەخت، ماوەیەکی زۆرە گرنگی بە یارییەکانی ئەسپسواری دەدەن و چەندین یاریزان و ڕاهێنەری بە ئەزموون لەم یانەیەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم یانەیە بکەنە نموونەیەکی بەرزی یاریی ئەسپسواری لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و کوردستان و عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش یاریزان «دلشاد ئەحمەد»ـە، کەیاریزانی یانەی هەولێری نێودەوڵەتییە بۆ ئەسپسواری، لەدایکبووی شاری دهۆکە و قوتابیی پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد ئەوەیش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

-پێکان بۆ هەردوو لایان دروست دەبێت، جگە لە بەکارهێنانی هەڵە لەلایەن یاریزانان یان ئەسپەکانەوە کە هەردووکی هاوبەشە.

*** بڕیارت نەداوە ڕوو لە بواری ڕاهێنەری بکەی؟**

-تاکو ئێستا نەخێر، بەڵام وەکو یاریزانێك هەوڵ دەدەم کۆرسی نێودەوڵەتی وەربگرم لە بواری ڕاهێنانی ئەسپدا.

*** هیواو ئاوات لە یاریی ئەسپسواریدا چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداری لە ئۆڵۆمپیادی جیهانیدا بکەم.

*** بەرنامەی داهاتووت چییە وەکو یاریزانێکی ئەسپسواری؟**

-خۆ ئامادەکردن بۆ ژمارەیەك پاڵەوانێتی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم.

*** هیچ یانەیەك داوای یاریکردنی لێ نەکردووی؟**

- بەڵێ گرێبەستم هەبوو لە وڵاتی تورکیا لە ئەستەنبۆل و داوای یاریکردنم لێ کراوە.

*** بڕیارت نەداوە تیپێك بۆ شاری دهۆك دروست بکەی؟**

-هیوای من ئەوەیە لە شاری دهۆك یانەیەك بێتە دروستکردن و وەکو خۆشم هەوڵی زۆرم داوە بۆ ئەم مەبەستە.

*** تۆ خەڵکی دهۆکی و لە یانەیەکی شاری هەولێر یاری دەکەی، چ هەستێکت هەیە؟**

- یانەی نێودەوڵەتیی ئەسپسواریی هەولێر کە دروست کراوە، لەسەر سیستمێکی نێودەوڵەتییە، من وەکو یاریزان خزمەتی ئەو یانەیە دەکەم و سوپاسیان دەکەم کە من قوتابیی ئەو یانەیەم و ئەوان ئاستی منیان گەیاندە ئەم ڕۆژە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشە جۆراوجۆرەکان دەکات لە کوردستان.

# زیانە تایبەتەکانی جگەرەکێشان بۆ نەخۆشانی شەکرە

جگە لە زیانە زۆر و زانراوەکانی جگەرەکێشان، زیانی تایبەتی دیکە تووشی ئەو نەخۆشانەی شەکرە دەبنەوە کە جگەرە دەکێشن. جگەرەکێشان گرفت لەبەردەم کۆنترۆڵکردنی هەردوو جۆری یەکەم و دووەمی نەخۆشیی شەکرەدا دروست دەکات. ئاستی بەرزی ماددەی نیکۆتین کاردانەوەی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین کەم دەکاتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، پاشان وا لە نەخۆشانی شەکرە دەکات کە پێویستییان بە ژەمی زیاتری هۆرمۆنی ئیسنولین بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، جگە لەمەش جگەرەکێشان ئەگەری چەند گرفت و ئاڵۆزییەك لە نەخۆشانی شەکرەدا بەرزدەکاتەوە، وەکو: نەخۆشیی دڵ لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و ئەگەری ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەبەر ئاستی بەرزی هەوکردن کە بۆڕییەکانی خوێن تێك دەدات و هۆکارە بۆ سخبوون یان ڕەقبوونیان، پەککەوتنی گورچیلەکان کە سەرەتا بە شێوەی پەیدابوونی پرۆتین لە میزدا بەدی دەکرێت، لەدەستدانی بینین یان کوێربوون لە ئەنجامی تێکچوونی بەشە گرنگەکانی چاو، هەوکردنی دەمارەکان و کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن بۆ پەلەکان کە ئەگەری لاڕەشە Gangrene و بڕینەوەی بەشێکی پەلەکان، بەتایبەتی قاچ زیاد دەکەن.

# لەسەرخۆ بەربانگ بکەوە

ئەمە سەلمێندراوە کە خواردن لەسەرخۆ Slow eating و جووینی باشی خۆراك سوودی هەیە بۆ خۆپاراستن لە نارەحەتی و گرفتەکانی کۆئەندامی هەرس. ڕێژەیەکی زۆری ڕۆژووەوانان لەکاتی بەربانگدا چێژی تەواو لە خۆراکە جۆراوجۆرەکان وەرناگرن، چونکە بە پەلە بەربانگ دەکەنەوە، دەرەنجام تووشی بەدهەرسی و کۆبوونەوەی گاز و گرفتی دیکەی کۆئەندامی هەرس دەبنەوە هاوکات لەگەڵ زوو سەرهەڵدانەوەی برسیبوون و دووبارە خواردن. پێناسەی زانستی بۆ خواردنی لەسەرخۆ بریتییە لە تەواوکردنی ژەمی خواردن بەلای کەم لە ماوەی ٢٠-٣٠ خولەکدا بە مەرجێك جووینی هەر پاروویەکی خۆراك ٢٠ جار بێت. سوودەکانی خواردنی لەسەرخۆی ژەمی بەربانگ: جووینی باشتر هاندەرە بۆ هەرسبوونێکی باشتری خۆراك، کەمبوونەوەی ئەگەری بەدهەرسی و کۆبوونەوەی گاز لە ڕێڕەوەکانی هەرسدا، باشتربوونی هەستی تێربوون و کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردن یان زیاد خواردن لە کاتەکانی شەودا، وەرگرتنی چێژی تەواو لە خۆراکی جۆراوجۆر، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، هەروەها هاندانی کرداری هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکان.





# وشکبوونی دەم لە مانگی ڕەمەزاندا

ئەمە ئاساییە کە ڕۆژووەوان هەست بە تینووبوون بکات هاوکات لەگەڵ وشکبوونی دەم لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، کە ئەگەرچی گرفتێکی گەورە نییە و پاش بەربانگکردنەوە دەم تەڕ دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ڕۆژووەوان تا ڕادەیەك نارەحەت دەکات و بۆنی دەم ناخۆش دەکات. هۆکاری سرووشتی لەپاڵ وشکبوونی دەم لە ڕۆژووەوانانەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی دەردانی لیك لەبەر کەمبوونەوەی شلەی لەش. هۆکارە ناسرووشتییەکانی زیاد وشکبوونی دەم لە ڕۆژووەواندا: پەستی و نیگەرانی، جگەرەکێشان لە ژەمی پارشێودا، بەکارهێنانی دەرمانی دژەئازار و هەندێك دەرمانی دیکە لەکاتی پارشێودا، هەروەها بەساڵاچوون. بەردەوام و زیاد وشکبوونی دەم کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر تەندروستیی دەم و ددان و پوك، بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆژووەوانان کە بڕێکی باشی شلە لەکاتی شەو و لەگەڵ ژەمی پارشێودا بخۆنەوە، هەروەها دوورکەوتنەوە لە جگەرە و خواردنەوە کافائینییەکانی وەکو چای یان قاوە، هاوکات لەگەڵ گرنگیدان بە پاکوخاوێنیی دەم و ددان، لەگەڵ چەند جارێك غەرغەرەکردن بە ئاو لە ساتەکانی ڕۆژوودا.







# لینۆڤۆ ئایندەی لاپتۆپ دەگۆڕێت

لەو ماوەیەدا کۆمپانیای لینۆڤۆ کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ، بەتایبەتی کۆمپیوتەر و ئەوەی پەیوەندی بە دونیای کۆمپیوتەرەوە هەیە، کۆمپانیای ناوبراو چەند لاپتۆپێکی ناوازەی خستەڕوو. ئەو لاپتۆپانە جارێ وەك نموونە بەرهەم هاتوون و نەخراونەتە بازاڕەوە. لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.





## لاپتۆپی سێ ڕەهەندی و ئەڵقەی تایبەت

یەکێك لە لاپتۆپە ناوازەکانی لینۆڤۆ، لاپتۆپێکی سێ ڕەهەندی 3Dیە، کە بەجۆری ThinkBook ناسراوە. بەکارهێنەر بەبێ ئەوەی چاویلکەیەکی تایبەت بەکار بێنێت، بەشێوەیی ئاسایی بە شێوەی سێ ڕەهەندی دەیبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەم بەشێوەی ئاسایی بەکار بێت و هەم بەشێوەی سێ دەوری. تایبەتمەندییەکی جیاواز لەو لاپتۆپەدا ئەوەیە کە لەبری ماوس، بەکارهێنەر بە ئەڵقەیەك کە لەپەنجەی دەکات دەتوانێت کۆنترۆڵی لاپتۆپەکە بەکات. ڕامی لاپتۆپەکە ٣٢ گیگایتە و داتاگەکەی یەك ترابایتە. شاشە ناوازەکە لەمسە بە کوالیتی بەرز نیشان دەدات.

## لاپتۆپێک بە شاشەیەکی سیحرییەوە

یەکێکی دیکە لە بەرهەمە ناوازەکانی لینۆڤۆ بەرهەمهێنانی لاپتۆپێکە کە وەك گۆچانی سەحری دەچێت و بەکارهێنەر بە ویستی خۆی شاشەکەی بچووك و گەورە دەکات!

لاپتۆپی جۆری ThinkBook Flip شاشەیەکی ١٨ ئینجی هەیە، شاشەی ١٨ ئینجی بۆ لاپتۆپ گەورەیە، بەڵام شاشەکە لەلای ستوونییەوە درێژە، نەك ئاسۆیی. لە جۆری OLEDیە. شاشەکە دەبێت بە پێنج قەوارە.

شێوازی تەبلێت: ئەوکات شاشەکە دەبێتە ١٢,٩ ئینج.

شێوازی تایبەت بە خوێندنەوە، ئەوکات شاشەکە دەبێتە ١٢,٨ ئینج.

شێوازی ئاسایی: شاشەکە دەبێتە ١٣,١ ئینج.

شێوازی ستوونی: ئەوکات شاشەکە دەبێتە ١٨,١ ئینج.

لاپتۆپی ئاماژە بۆ کراو ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و داتاگەکەی یەك ترابایتە.





# لاپتۆپ بە تیشکی خۆر بارگاوی دەبێتەوە

پێدەچێ جیهانی ئاینده، جیهانی وزەی پاك بێت و جیهانی پشت بەستن بە وزەی خۆر بێت. بەکارهێنەری ئامێرەکان پێویست ناکات هەمیشە پشت بە وزەی کارەبا ببەستن و لە تیشکی خۆر سوود وەربگرن. لاپتۆپی جۆری Yoga Solar PC، لاپتۆپێکە کە بۆ بارگاوی کردنی باترییەکەی لە تیشکی خۆر سوود وەردەگرێت. پشتەوەی لاپتۆپەکە پەنێلێکی سۆلارە بۆ وەرگرتنی تیشکی خۆر. کۆمپانیای بەرهەمهێن ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر لاپتۆپەکە شوێنەکەی خۆر لێبدات، لەماوەی ٢٠ خولەکدا زیاتر لە کاتژمێرێك باترییەکەی بارگاوی دەبێتەوە. بەهۆی ئەوەی پەنێلی لە پشتەوەیە بارستاییەکەی ١٥ ملمە. کێشی کیلۆیەك دەبێت. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و داتاگەی یەك ترابایتە و شاشەکەی ١٤ ئینجی تەواو لەمسە. کۆمپانیای بەرهەمهێنی لاپتۆپی جۆری Yoga Solar PC هەر بەوەندە نەوەستاوە کە پشتی لاپتۆپەکە بکاتە پەنێلی وەرگری وزەی خۆر، بەڵکو پەنێلکی تایبەتیشی بەجیا بەرهەمهێناوە کە لاپتۆپەکە دەتوانێت بۆ بارگاوی کردن بەتەواوی پشتی پێببەستێ.

# ئامێرێکی پەیوەندی کردن لە هەلومەرجە دژوارەکاندا

لەو سەردەمەدا هیچ ئامێرێك وەك مۆبایل بۆ پەیوەندی کردن ئاسانتر و خێراتر نییە، بەڵام مۆبایل لە هەموو شوێنێك تۆڕی خزمەتگوزاری نییەو دەکەویە دەرەوەی بازنە. ئەگەر لە چیادا بمێنیەوە یا لە شوێنێك بێ هێڵی خزمەتگوزاری تۆڕی مۆبایل نەیگرێتەوە و تووشی کێشە بی چ دەکرێت؟

لە کاتێکی وادا ئامێرێکی بچووك هەیە بەناوی garmin inreach messenger plus کە لەگەڵ مانگی دەستکرد لە پەیوەندی دایە و بەهۆیەوە پەیامە دەقیەکان و وێنەکانت بۆ هەموو ئەو کەسانە دەنێرێ کە لەو ئامێرە سوود وەردەگرن. ئامێرەکە دوگمەیەکی تایبەتی فریاگوزاری تێدایە و لەکاتی پێویستیدا دوگمەکە دادەگری و فریاگوزاری نێونەتەوەیی نزیکترین شوێنی فریاگوزاری لە بەکارهێنەر ئاگادار دەکاتەوەو شوێنەکەی پێ ڕادەگەیەنێ. ئامێرەکە لە سەد و پەنجا وڵات زیاتر خزمەتگوزاری هەیە. تا ١٤ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت. لە کەشوهەوای نالەباریشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش.



## بۆ گەشتەکانتان سوودی لێ وەربگرن




وەرزی بەهار دێت، کاتی گەشت و سەیران دەست پێدەکات، زۆر لە خوازیارانی گەشتکردن جار هەیە بەچەندین شەو و ڕۆژ لە گەشتەکانیاندا لە دارستان یا لە چیاکاندا دەمێننەوە. جگە لە مۆبایل و پاوەربانك و ئامێری دیکەی پێویست ئامێری protmex Neptune پێداویستیەکی گرنگە.

ئامێرێکە زۆر بچووکە بەقەد مەدالیایەك دەبێت، بازنەیی شێوەیە و لە شاشەیەك و چەند هەستەوەرێك پێکهاتووە. ئامێرەکە بۆ ئاگادارکردنەوە لە مەترسییە، بۆ نموونە کاتێك لە خێمەی گەشتکردندا دەمێننەوە خەوتان لێدەکەوت، دووکەڵ و ئاگر هەڵدەستێت، ئەوکات جەرسی هۆشیارکردنەوە لێدەدات. ڕێژەی گەرمی و کەش و شێی ناوچەکە نیشان دەدات.

ڕێژەی CO2 واتە دوانەی ئوکسیدی کەربۆن دیاری دەکات، چونکە ئەگەر ڕێژەکەی زۆر بێ دەبێتە مایەی مەترسی. هەروەها ڕێژەی CO دیاری دەکات واتە گازی مۆنۆئوکسیدی کەربۆن کە گازێکی مەترسیدارە و بێ بۆنە. ڕێژەی تیشکی مەترسیداری خۆر دەستنیشان دەکات.

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ژیریی دەستکرد

**ژیریی دەستکرد کە ئێستا جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەهۆی پرۆگرامگەلێکی تایبەتییەوە دەنووسرێن.. خاڵی سەرنج لێرەدایە، پرۆگرامەکان ژیریی دەستکردەکان دەنووسن، ژیری دەستکردیش پرۆگرامەکان دادەنێن!**

**پرۆگرامی Deep Java library تێکەڵاوێکە لە زیرەکی دەستکرد و پرۆگرامی جاڤا. بۆ ئەوانەی شارەزای بواری کۆمپیوتەرن، دەزانن جاڤا یەکێکە لە بەهێزترین پرۆگرامەکانی پرۆگرام نووسی.. لە ڤێرژنی نوێی ئەو پرۆگرامەدا ژیریی دەستکردیشی پێوە زیاد کراوە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەکارهێنەر دەتوانێت وێنە بە ژیریی دەستکردی تایبەت بەخۆی دروست بکات، کتێبخانەیەکی خۆڕایی تێدایە کە لەودا مۆدێلەکانی ژیریی دەستکرد بەئاسانی دەستیان پێرادەگا و دەکرێت، نووسینی دەق، ناسینی دەنگ و چەندین تایبەتمەندی دیکە دابنێی و بەکارهێنەر ژیریی دەستکردی تایبەت بەخۆی هەبێت.**

**هەرچەندە بە هاتنی پرۆگرامی (پایتۆن) تا ڕادەیەك پرۆگرامی جاڤا ئاستی دابەزیوە، بەڵام هێشتاش لە ڕیزی یەکەمەکانی پرۆگرام نووسی دێت.**






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێزی گۆڤارەکەمان دەپرسێت هۆکاری چییە ژیریی دەستکرد ناتوانی بە باشی کوردی تێبگا و کوردییەکەی زۆر باش نییە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەوە گرفتە پەیوەندی بە نەبوونی داتایەکی زۆری کوردی لە ئینتەرنێتدایە، بەداخەوە ئەوەی هەیە زۆر بێ سەرەو بەرەیە و هەرکەسە بە ویستی خۆی لەبواری ڕێزمان و ڕێنووسەوە نووسیویەتی، ژیریی دەستکرد پشت بەو داتایەنە دەبەستێت کە لە ئینتەرنێتدا هەیە. زمانەکانی دیکەی لەوبارەدا زۆر دەوڵەمەندترن. کۆمپانیای Anthropic کە خاوەنی ژیری دەستکردی Claude لەمبوارەدا هەوڵی داوە.

**تێبینی: وەڵام و پرسیارەکە لەلایەن ژیریی دەستکردەوە ئامادە کراوە.**



# کیبۆردێک سیستەمی تایبکردن دەگۆڕێت

کیبۆرد ئەو ئامرازە گرنگەی کە بۆ تایبکردن و فەرمانەکان بە کۆمپیوتەر و مۆبایل دانڕاوە لە چەندین دوگمە پێکهاتووە، بە داگرتنی هەر دوگمەیەك پیتێك، ژمارەیەك، یا کاراکتەرێك دەنووسرێت. کیبۆردی جۆری master forge keyboard سیستەمێکی نوێ و جیهانێکی نوێ بۆ تایب کردن دەکاتەوە. تایب کردن بە شێوەی 3D واتە سێ ڕەهەندی. کیبۆردەکە هەمووی لە چەند دوگمەیەك پێکهاتووە و دوگمەکان لەبری ئەوەی بۆ خوارەوە دابگیردرێن، بۆ هەر چوارلایەکە جوڵە دەکەن. بەکارهێنەر لەبری پیتێك بنووسێت، وشەیەك و تەنانەت ڕستەیەکیش دەنووسێت، کیبۆردەکە بە پاڵپشتی ژیریی دەستکرد ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات.

کیبۆردەکە لە دوو بەش پێکدێت و هەر بەشەی بۆ دەستێکە، تەنیا تایبەت نییە بە تایب کردن بەڵکو بۆ گەیمکردنیش زۆر گونجاوە ئەرکی جویستێك دەگرێتەوە، هەروەها ماوسیشی لەسەرە.



## ماڵپەڕێک کۆکەرەوەی ژیرە دەستکردەکان

ژیریی دەستکرد لەو ماوە کەمەدا وا خۆی خزاندووتە ناو ژیانی ڕۆژانە و ئەرك وکارەکانمان بۆ هەموو شتێك پشتی پێ دەبەستین. بەسەدان ماڵپەڕی تایبەت بە ژیریی دەستکرد هەن کە هەر کامیان لە بوارێکدا یان لە چەند بوارێکدا چالاکیان هەیە. ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی کۆکەرەوەی بەشێکی زۆری ماڵپەڕەکانی تایبەت بە ژیریی دەستکردە، چ ئەوانەی تایبەتن بە نووسین و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بەخشینی زانیاری، چ ئەوانەی تایبەتن بە بواری دروستکردنی وێنە و ئەرکی گرافیکی و بەرهەمهێنانی فیلم. ماڵپەڕەکە بەردەوام نوێدەبێتەوەو نوێترین ژیرەدەستکردەکان دەخاتە ڕوو، پێویستی بە دانانی هەژمارێکی تایبەت نییە و ڕاستەوخۆ دەتوانی سوودیان لێوەربگری.

## گشت ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی پێ بسپێرە

لەسەردەمی داهاتوودا، گشت ئامێرەکانی ماڵەوە بەرەو زیرەکی دەچن. تەنانەت دەرگا و پەنجەرە و پەردەکانیش، ئەوەی ئامێری ئەلکترۆنی ماڵەوەیە دەکرێت لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵ بکرێن. ناوەندێك یان ئامێرێك کە بتوانێت هەموو ئامێرەکانی ماڵەوە پێکەوە کۆنترۆڵ بکات ئەو ئامێرە پێیدەگوترێت hub. ئامێری هابی جۆری homey pro smart home hub یەکێکە لەو هابانەی کە دەتوانێت هەرچی ئامێرە لە ماڵەوە لە ڕێگای ئەوەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

کێشی ٣٠٠ گرامە، بازنەیی شێوەیە. شاشەیەك لەسەریەتی بۆ نیشاندانی ئەرکەکانی. کۆنترۆڵی ئامێرەکانی wi-fi، بلوتوس، ئای ئار، بەگشتی هەر ئامێرێك بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ بکرێت. زیاتر لە پەنجا هەزار لە هەزار مارکەی جۆراوجۆرەوە دەناسێت. نە تەنیا کۆنترۆڵ بەڵکو چوارچێوەی ماڵە زیرەکەکە بخاتە ژێر چاوەدێری خۆی، بۆ نموونە هەرکە دەرگا بکرێتەوە، گلۆپ هەڵبێت، ئەگەر پێوەدرا دابخرێت، ئەگەر سارد بوو، خۆکار ئامێری گەرمکردن پێبکات و پێچەوانەش. ڕامەکەی ٢ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٨ گیگابایتە.





# بازاڕی شەوانەی ڕەمەزان

لە مانگی ڕەمەزاندا، گرنگی بە بازاڕی شەوانە دەدرێت، بەهۆی ئەوەی لە ڕۆژدا خانمان خەریکی ئامادەکاریی خواردن و بەشێکی دیکەش بەهۆی دەوامی فەرمییەوە ناتوانن بازاڕی بکەن، بۆیە لە شەوانی مانگی ڕەمەزاندا، فیستیڤاڵ و بازاڕەکانی شەوانە دەکرێنەوە، ئەمساڵ لە شاری هەولێر و لەبەردەم قەڵا، بە درێژایی شەقامی سەرەکیی بەردەم باخی شار تا نیوەی قەڵا، بازاڕی شەوانە کراوەتەوە، کە زیاتر لە (٥٠) کۆشك دانراون، هەریەکە کەرەستە و خواردن و جل و ئێکسسوار و خشڵەکانیانی نمایش کردووە، لە بازاڕی شەوانەی ڕەمەزاندا ڕێگە بە ئوتۆمبێلەکان نادرێت تێپەڕن، بەڵکو تەنیا بۆ پیادەیە، بازاڕی شەوانەی ڕەمەزان لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە دەکرێتەوە و تا کۆتایی مانگەکە بەردەوام دەبێت، بۆیە جێگەی گرنگی و سەرنجی گەشتیاران و ئامادەبووانە، کە ساڵانە ئەم جۆرە بازاڕە دەکرێنەوە.



# ئەشکەوتی شێڵ لە توێکڵ و مۆزایک

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە ناوچەی مارگەیت لە ئینگلتەرا، یەکێکە لە نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی مێژوو، ئەم ڕێڕەوە شاراوەیە لە ساڵی ١٨٣٥ دۆزرایەوە و بە زیاتر لە (٤.٦ ملیۆن) توێکڵ و مۆزایکێکی ورد و درشت ڕازاوەتەوە. دیوار و سەقفەکان دیزاینەکانی ورد و ئاڵۆزن و هەندێك لەو هێما و نەخش و شێوەیانە نیشان دەدەن کە ماناکانی بە نهێنی ماونەتەوە، ئەوەی وای کردووە کە ئەشکەوتەکە ئەوەندە نهێنی بێت، ئەوەیە کە کەس بە وردی نازانێت کێ دروستی کردووە، کەی، یان بۆچی، هەندێك گریمانە دەکەن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن، ڕەنگە بۆ سەردەمی ڕۆمانی، هەندێکی دیکەش پێیان وایە کە لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست یان تەنانەت لە سەردەمی سەدەی ١٨ - ١٩ لەلایەن کەسێکی نامۆوە دروست کرابێت.



# مزگەوتی «پادشاهی»

ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە شاری «لاهور» لە وڵاتی پاکستان و لە سەردەمی خۆیدا گەورەترین مزگەوتی جیهان بووە، لە ئێستەشدا دووەم گەورەترین مزگەوتی پاکستانە و پێنجەم گەورەترین مزگەوتی جیهانە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی موسوڵمان لە خاکی هند و لە ساڵی ١٦٧٣ز، کە بە فەرمانی سوڵتان (ابو المظفر اورانك زیب) بنیات نراوە، کە شەشەم سوڵتانی سەڵتەنەتی مەغۆلی مسوڵمانی هیندی بووە و کوڕی (شا جهان)ی بنیاتنەری «تاج محل» بووە. ئەم سوڵتانە لەگەڵ باوکیدا یەکێك بوون لە سوڵتانە بەهێزەکانی ئیمپراتۆرییەتەکە. مزگەوتی «پادشاهی» شاکارێکە لە هونەری تەلارسازیی موسوڵمانان لە سەردەمەدا، کە تا ئێستەش وەکو خۆی بە جوانی ماوەتەوە و لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆ ناوی لە لیستی شوێنەواری مێژوویی و کەلەپووری جیهانیدا تۆمار کراوە.





## داری ڕەش بۆ دروستکردنی کەرەستەکان





دارە ڕەشەکانی ئەفریقا یەکێکن لە گرانترین و دەگمەنترین دارەکانی سەر زەوی، هەروەها بە «زێڕی ڕەشی دارستانەکان» ناسراون. ڕەنگی ڕەشی چڕ و پتەویی ناوازەی، وا دەکات لە چەندین پیشەسازیی گرنگدا بەکار بهێنرێت، وەك دروستکردنی ئامێری مۆسیقا و مۆبیلیاتی لوکس. دارە ڕەشەکانی ئەفریقا لە ناوچەکانی وەك تانزانیا، مۆزەمبیق و زیمبابوی هەن.

## یاسا



**سەلماندن لە یاسا**

ڕێگەکانی سەلماندن لە یاسای سەلماندنی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە(طريق الاثبات في قانون الاثبات العراقي) بریتین لە:

١- بەڵگەی نوسراو (الدليل الكتابي).
٢- دانپێدانان (الاقرار).
٣- پرسیارکردن (الاستجواب).
٤- شایەتیدان (الشهادة).
٥- قەرینە (القرائن).
٦- سوێندخواردن (اليمين).
٧- هاوتاکردن، بەراوردکردن (المعاينة).
٨- لێزان (الخبير).

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە بۆ بەرچاوی کامێرا و خەڵك، وا خۆیان دەردەخەن هاوکاری کەسانی دیکە دەکەن، کەچی لە ڕاستیشدا خۆیانیان لێ بەدوور دەگرن.

## دیمەنە سەیرەکان



**گۆڕستانی سەیر**

ئەم شوێنە ناوازە و ڕێکوپێکە، کە وەکو خانووی بچووك و جوان دەردەکەوێت، گۆڕستانێکە لە وڵاتی تایوان.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئامۆژگاری دەکرێیت ئەمڕۆ لە گفتوگۆکردن و دەمەقاڵێ دوور بکەویتەوە، کەسانێك دەیانەوێت ئاستی ئارامیت تاقی بکەنەوە، باشترە بە ژیرانە ڕەفتار بکەیت، سترێس زیان بە لایەنی دەروونیت دەگەیەنێت، ئەگەر دەتەوێت پیشەیەکی نوێ تاقی بکەیتەوە، ئەوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ چواردەورەکەت بکە، بەتایبەتی خێزانەکەت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لەلایەنی پیشەییەوە چەند بەرپرسیاریەتییەکی زیاتر دەکەوێتە سەر شانت، هەربۆیە سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت، لەلایەنی داراییەوە ڕەنگە زیانت بەر بکەوێت، باشترە هیچ بڕیارێك بە تووڕەیی نەدەیت، تەندروستیت باش دەبێت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕۆژێکی گرنگ دەبێت لەلایەنی پیشەییەوە و پاڵپشتی خێزانەکەت و کەسانی گەورەی خێزانەکەت بەدەست دەهێنیت، هەروەها ڕەنگە لەناکاو بەشداریی چەند پرۆژەیەکی نوێ بکەیت، خۆت ئامادە بکە بۆ گۆڕانکاری، لەڕوی تەندروستییەوە ڕەنگە پلەی گەرمیی جەستەت بەرز بێتەوە یان سەرمات ببیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ڕۆژێکی زۆر سەرقاڵ دەبێت بۆت و لەلایەنی پیشەییەوە ژینگەی کارەکەت زۆر باش نابێت، ڕەنگە میزاجی خراپی خاوەنکارەکەت گرفتت بۆ دروست بکات، لە ژیانی تایبەتیتدا هەمو شتێك ئاسایی و هێمنە، ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە فشارت لەسەر کەم دەکاتەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


فشاری کارکردن تووشی ماندوێتیت دەکات لەلایەنی دەروونی و جەستەییەوە، لە ڕووی داراییەوە پێویستە زیاتر گرنگی بە پاشەکەوت بدەیت، چونکە پرۆژەی زۆرت لە مێشکدایە بۆ داهاتوو، دەرفەتی ئەوەت دەبێت کاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر بەریت، ئەگەر فشاری خوێنت بەرزە، خۆت لە سترێس و دڵەڕاوکێ و تووڕەیی بەدوور بگرە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەلایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت کۆتایی بە ناکۆکییەکانتان دێت و پەیوەندیتان زیاتر بەهێز دەبێت و لە یەکتر نزیك دەبنەوە، لەلایەنی پیشەییەوە ئەگەر هەست بە باشی ناکەیت، باشترە هەستەکانت نەشاریتەوە و بە شێوەیەکی هێمنانە ئاشکرای بکەیت.

بۆ زانیاریت

## ئاسەواری خۆخۆریی مرۆڤەکان




ئاسەواری ١٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەری خۆخۆری مرۆڤەکان دەری دەخات کە وەك هەندێ لە ئاژەڵەکانی دیکە، دیاردەی خۆخۆری لەناو مرۆڤەکانیشدا بە بەردەوامی ڕووی داوە. پێشتر باسی نەك بە تەنیا ئەو شوێنانەی دیکەمان کردووە لە ئیسپانیا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و.. هتد دیاردەی خۆخۆریی مرۆڤی تێدا بینراوەتەوە، بەڵکوو باسی ئەوەشمان کردووە کە ئەو دیاردەیە تا ماوەیەك لەمەوبەریش وەك بەشێك لە فەرهەنگی هەندێ لە خەڵکانی پاپانیوجینی، مابووە و پێی هەڵدەستان. لە پۆڵندا لە ئەشکەوتی ناسراو بە Maszycka Cave، لێکۆڵینەوە لەسەر چەندین پارچە ئێسکی مرۆڤەکان کراوە، کە نزیکەی ١٨٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ژیاون، ئاماژە بە دیاردەی خۆخۆری نێوان مرۆڤەکان دەکات. ئاست و ڕێژەی ئەو ڕووشاندنانەی کە بە مەبەست کراوە لەو شوێنانەدا، کە ئاسەواری گۆشتی زۆر و مۆخ بە ئێسکەکانەوە هەیە، ئاماژەی بۆ یەك شت کردووە، کەئەویش بە مەبەست داماڵینی گۆشت بووە لە ئێسکەکان لەلایەن خودی مرۆڤەکەوە.

## فیلم

## گەڕانەوە بۆ سەر کار - Back in Action




فیلمێکی ئەکشن و کۆمێدییە، باس لە دوو ئەندامی سیخوڕی ئەمریکی دەکات بە ناوی ئیمیلی و مات، دوای ئەوەی نهێنی کاریان دەکرد، واز لە کارەکەیان دەهێنن، دواتر بەهۆی سەرهەڵدانی تاوانکارییەك کە تەنیا ئەو دوو ئەندامە دەتوانن چارەسەری بکەن، دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە دەرهێنانی سیت گۆردۆنە، لە نوسینی کین سینگ، لە نواندنی: کامیرۆن دیاز، جەیمی فوکس، گلین کلۆس، لیلا ئۆین.



## پەند و وتە

سامۆیل لانگۆن کلیمنس ناسراو بە (مارك توین) نووسەری ئەمریکییە، لە ساڵی ١٨٣٥ لە ویلایەتی فلۆریدا لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩١٠ لە کونێتیکتی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی لەدەستدانی کەسێك دەڵێت: «ڕەنگە لەدەستدانی کەسێکی گرنگ لە ژیاندا نەبێتە هۆی وەستانی ژیان، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و بیرکردنەوە بە شێوازێکی دیکە، کە پێشتر پێشبینیت نەکردووە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە، بە دوو شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا هەردوو دیمەنی ناو وێنەکە بدۆزیتەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر دەتەوێت پیشەکەت بگۆڕیت، ئەوا ڕەنگە هەواڵێکی خۆش ببیستیت، بەباشی هەوڵ بۆ ئامانجەکانت بدە، هەموو ڕێگەیەك بەرزی و نزمیی تێدایە، لەکاتە سەختەکاندا خۆت بەدەستەوە مەدە، لەپێناو تەندروستیتدا دوور بکەوەرەوە لە خواردنی دەرەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەمڕۆ میزاجت زۆر باش نابێت و هەست بە نائارامی دەکەیت لەبارەی کۆمەڵێك بابەتەوە، ئەگەر مێشکت بە هەندێك گرفتەوە سەرقاڵ بووە ئەوا لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستت باسی بکە بۆ ئەوەی دەروونت ئارام ببێتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت، بایەخ بە تەندروستیت بدە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی داراییەوە متمانە بە هەموان مەکە، ئەگەر بڕیارت دا قەرز بە کەسێك بدەیت، بە وردی بیری لێ بکەرەوە، پەستانی پیشەیی زیاتر دەبێت لەسەرت، ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی خۆت بووە، لەپێناو تەندروستیتدا لە خواردنی دەرەوە دوور بکەوەرەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەگەر نازانیت کاتەکانت چۆن بەسەر بەریت، باشترە پلان دابنێیت و چەند چالاکییەکی سوودبەخش ئەنجام بدەیت، هەوڵ بدە بیسەلمێنیت کە ئەمڕۆ دەکرێت ڕۆژێکی باشتر بێت بۆت، لە ژیانی تایبەتیتدا پارێزگاری لە نهێنییەکانی خێزانەکەت بکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی تەندروستییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، گرنگی بە پاکوخاوێنیی خۆت بدە، لەکاتی هەستکردن بە بچووکترین گرفت، پەیوەندی بە پزیشکەوە بکە، ڕەنگە پەستانێکی زۆری پیشەیی بکەوێتە سەر شانت، گرنگی بە خێزانەکەت بدە و کەمتەر خەم مەبە بەرامبەر پێویستییەکانیان.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


توانای ئەوەت هەیە گەورەترین گرفتت چارەسەر بکەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا زۆریی خەرجی هاوسەرەکەت ڕەنگە تووشی زیانت بکات لە ڕووی داراییەوە، پێویستە بە هێمنی لەبارەی ئەو بابەتانەوە بدوێن کە مەبەستتانە، لە ڕووی تەندروستییەوە زۆر چالاکیت و وزەیەکی زۆرت هەیە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
March 24, 2025 Issue,No.1456

